## پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

### دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن



**سەرپەرشتیارانی پڕۆژە**

د. لوقمان رەئوف

بابان ئەنوەر


# جۆن دێوی

**وەرگێڕانی:**

**د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود ئەحمەد**

**بەشی چوارەم**

65

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# جۆن دێوی

وەرگێڕانی : د. لوقمان رەئوف ، ئارام محمود ئەحمەد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 189 )



# جۆن دێوی

وەرگێڕانی:

د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود ئەحمەد

بەشی چوارەم

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەندانداا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە ڤیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە درێدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین ڕێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرياريیە نەبوايە، ئێستا ژيان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم ڕێگەيەوە خوێنەر هەست بە بيرو ئايديا جياوازەکان و گرنگی بيرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و ڕوانين لە جيهان بەو شێوازەی کە پێويستە لێيبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە ديکارت لەسەرەتای ڕێنيسانسدا ڕايگەياند» من بيردەکەمەوە، کەواتە من هەم«، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانيت بيربکەيتەوەو بوونيەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆيە ئەگەر بمانەوێت بيربکەينەوە، پێويستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بيرکردنەوەکە دەستەبەربکەين، خوێندنەوەش يەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشيەوە، بيرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بيرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژيای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەيەيە.

بۆيە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبيريکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بيرەکان دەتوانن ژيان بگۆڕن، بۆيە پێويستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بيری نوێ و بنيادنانی ئايندەيەک، جياوازتر لەڕابردو.

**د. لوقمان ڕەئوف**

2017

## پێشەکی:

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمداو لە ئەمەریکادا، جۆن دێوی(JOHN DEWEY) بە دیارترین فەیلەسوفی سەردەمی خۆی دادەنرێت، لەو کاتەی کە برتراند راسڵ، ڤیتگنشتاین، مارتن هایدگەر، زیندوبوون و سەرقاڵی نوسینی هەندێ لە دیارترین

بەرهەمەکانیان بوون، شتێکی کەم نەبوو، لە بەرامبەر ئەم پۆلێنبەندییەدا، خودی راسڵ، دیۆی بە گەورەترین فەیلەسوفی زیندوی ئەمریکا دەزانی، نەدەبوایە وا بیری بکردایەوە، کە دیۆی سەردەمێک راسڵی رزگارکردووەو لەم روانگەیەوە کاریگەری لەسەرداناوە، چونکە هەردووکیان لەوە زیاتر فەلسەفەیان بە جدی وەرگرتبوو، کە رێگە بەوە بدەن ئایدیایەکی لەم شێوە، کاریگەری لەسەر روانینیان دابنێت، هەروەها راسڵ دیۆی بە (پیاوێکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و نەبیل و خاوەن روانینی لیبڕاڵ و پەیوەندی کەسی و مهرەبان و ماندونەناس لە کاردا) وەسفدەکات، بەڵام ئەمەش رێگر نەبوو، کە راسڵ روانینی پراگماتیکانەی دیۆی بە راستیەک، کە کەمتر نەبێت لە روداوێکی فەلسەفی و خستنەڕوی بیروڕای بە شێتی بخاتەڕوو، لە روانگەی راسڵەوە» چەمکی حەقیقەت لەپێگەی شتێکی سەربەخۆدا، کە بە گشتی لە واقیعیەتێکداو لەدەرەوەی کۆنترۆڵی مرۆڤەوەیە، تا ئێستا بەیەکێک لە رێگاکانی ئیلقای رەگەزێکی

پێویست و بنچینەیی دادەنرێت، کە ملکەچی فەلسەفەبووە، جگەلەمەش ساتێک ئەم چەپاندنە غرور لەناودەبات، ساتێکی تر بەرەو جۆرێک لە دێوانەیی دەبات»

بەدەرلەمانەش، جۆن دێوی فەیلەسوف و زانای دەروونناسی ئەمەریکی یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی پەروەردەی نوێ لەسەر ئاستی جیهانی، و یەکێکە لە رابەرانی فەلسەفەی پراگماتی، هەر ئەمیش بوو، بووە درێژەپێدەرو تەمەندرێژی ئەم فەلسەفەیە، لەم روانگەوە خاوەن دوو وشەی گرنگە و گەلی ئەمەریکای لەسەر ئەم دوو وشەیە راهێنا، کە ئەوانیش وشەکانی (زانست) و (دیموکراسی)ن، چونکە هەموو هەوڵێکی بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و فەلسەفەی زانستی بووە، لەپێناو دانانی هاوسەرنگی لەنێوان بەهای تاک، لەگەڵ بەهای گروپ و کۆمەڵگەدا، هەر لێرەوە توانی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پێشکەوتنی زانستی و سیستمی دیموکراسیدا دابنێت، بەمەش ئەمەریکا لە بابەتی پەروەردەو سەرنجراکێشانی عەقڵەکاندا سودی لە بیرەکانی دێوی وەرگرت.

## ژیان و بەرهەمی دێوی

جۆن دێوی لە 20 ی تشرینی یەکەمی 1859 لە نزیک سنوری کەنەدا لە(برلینگتۆن) لە ویلایەتی (فیرمونت)ی ئەمەریکی لەدایکبووە، ویلایەتەکانی (تەکساس، کالیفۆرنیا، فلۆریدا) تازە بووبوونە ئەندامی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، واتە تازە لەگەڵ ویلایەتەکانی تردا یەکیانگرتبوو، مەکینەی ناوک سوتێنەر هێشتا دانەهێنرابوو، لەو کاتانەشدا یەکەمین دەستپێوەردانی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان باکور و باشوردا دەستپێدەکات، خێزانی دێوی سێ وەچەیە لە ورمانت و ئارچیبالد خەریکی کشتوکاڵن، باوکی دێوی کۆگای بەقاڵی لە برلینگتون دانابوو، کە لەوکاتەدا شارێکی بچووک بوو، بەڵام بازارێکی تەختەی پڕ رەونەقی لە رۆحی دەریاچەی چەمبلین هەبوو، دایکی (لوسیندا) لە خێزانێکی سیاسی ناوخۆیی ناوداربوو، نیای جان (دە) ساڵ لە واشنتۆن نوێنەری کۆنگرە بوو.

باری ئابوری باوکی زۆر باش بووە و دایکیشی لە خێزانێکی رۆشنبیرو دەوڵەمەندبووە، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوەو بە

دواداچوون بووە، بۆیە زۆربەی کاتەکانی لە کتێبخانە بەسەربردووە، کاتێکیش (ئەلیس)ی هێنا، کاریگەریەکی زۆری کردە سەر، وایلێکرد بایەخی زۆر بە کێشەکانی ژیانی هاوچەرخ بدات.

شەڕی ناوخۆ، منداڵی جۆن دیۆی ئاڵۆسکاند، دیۆی تەمەنی یەک ساڵ بوو، کە شەڕ دەستیپێکرد، ئارشیباڵ چل ساڵ بوو، بەڵام راستەوخۆ وەڵامی داوای خۆبەخشی کە لەلایەن لینکۆڵنەوە کرابوو دایەوەو لە یەکەمین سوپای نیزامی ورمانتدا، بە پلەی ئەفسەری پسپۆڕی، چووە خزمەتکردنەوە و نێردرا بۆ باشور، لوسیندای خێزانی برد بۆ فێرجینیا، تاوەکو لەگەڵ یەکتربن و لەیەکتری دانەبڕێن، بۆیە تا کۆتایی شەڕ نەگەڕایەوە بۆ (برلینگتۆن)، ئێستا برلینگتۆن هەیە، کە دوەمین ئەمباری تەختەیە لە وڵاتدا، لە میانەی رەونەقێکی بازرگانیدا، چینە ناوەندەکان (کە دیۆی لەم چینەبوو) بارودۆخێکی گەشاوەیان هەبوو، لەم نێوەندەشدا لەخواروی دەریاچەکەوە، کرێکارانی کۆچەری هەژار، کە زۆربەیان کەنەدی و ئیرلەندی و فەرەنسی بوون، لە

کونەکان وماڵێکی خراپدا ژیانیان دەگوزەراند، ئەم کونانە لە نێوەندە ناوخۆییەکاندا بە ناوی (مەنزڵگەی نەگبەتی و زبڵدان) باسدەکرێن، کە بوونەتە شوێنی (شەقاوەکان)، ژورەکانیان بە پێچەوانەی زۆرێک لە خێزانە دەوڵەمەندەکان، لەگەڵ ئەم بێدادپەروەردەییە کۆمەڵاتییەشدا، بە بێگرنگیدان نەمانەوە، لوسیندا دێوی سەرقاڵی چالاکی زستانە بوو، ئەگەرچی لە ئاکامدا کوڕەکەی (جۆن) لە کەش و هەوایەکی فەرهەنگی (ئەمریکای کۆن) دا گەورەبوو، لە هەمانکاتدا دەزانێت کە ژیان لە شوێنە هەژارنشینەکان چۆنە.

جۆن لەسەر ئایینی پرۆتستانی ئینجیلی پەروەردەکرابوو، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەسایەتی و تێڕوانینی بە جێهێشتبوو، ساڵ لە دوای ساڵ بڕوای وابوو، کە فیداکاری بە مانای (دەرچوون لە ژیانی ئاژەڵی و پەناگرتن لە ژیانی بەرینی رۆحانی و گەیشتن بە (رۆحانییەتی مرۆیی) بە درێژایی تەمەنی وەک مەسیحییەکی چالاک مایەوە، روانینی ئاکاری و بەڕەحمانەی کە لە باوەڕەوە وەریگرتوە،

نەک لە بیروبۆچونە فەلسەفییەکەی، کاریگەری لەسەر باوەڕی کۆمەڵایەتی هەبوو.

دوابەدوای ئەوەی دەرکەوت لە قۆناغی ناوەندیدا، توانایەکی درەوشاوەیی زانکۆیی هەبوو، لە زانکۆی (ڤێرمونت) درێژەی بە خوێندن دا، لە وێدا ئەو لاوانەی کە سەرقاڵی هۆڵی بلیاردەکابوون و ئەوانەی تریش (لە شوێنی حەوانەوەی نەخوازراو) بوون، ئازادانە دەرفەتی زۆرباشیان هەبوو، بەڵام لەوانەیە لە زۆربەی کاتەکاندا لە پۆستە باڵاکانی زانکۆشدا ببینرێن، هەروەها کۆتە گشتییەکان کە لەسەر هەموو شتێک هەن، زیاتر لە هەر هەوڵێکی بێهیوایی بۆ سنوردارکردنی رەفتارە گشتییەکانی خوێنکاران نەبوون، زانکۆی ڤێرمۆنت بارودۆخێکی خراپی، وەک دەزگا پەروەردەیەکانی تری ئەو کاتە هەبوو، دێوی لەم نێوەندەدا بەشی گونجاوی خۆی هەبوو، بەپێچەوانەی خوێنکارەکانی ترەوە (هاوکاریکردنی ماموستایان لە بەندکردن، بێ بەختی لە ناو پۆلەکەیدا، ئامادەنەبوونی چەند جارەی لە مەشقە سەربازییەکاندا، هتد...).

لەسەر داوای (جریلی) بیرمەن، چوو بۆ

ڕۆژئاوای ئەمەریکاو لە زانکۆی مینیسوتا) لە ساڵانی 1888–1889 فەلسەفەی خوێد، دواتر لە ساڵانی 1889–1894 چووە میشیغان، پاشان لە ساڵی 1894 چووە شیگاکۆ تا ساڵی 1904، پاشان گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکاو لە زانکۆی کۆلۆمبیا وانەی وتەوە، پاشان بووە سەرۆک بەشی فەلسەفە لەم زانکۆیەدا.

لە ساڵی 1884 دکتۆرای لە زانکۆی (جۆنز هۆپکینز) بە دەستهێناوەو دواتر وانەی وتوەتەوە، لەپێناو جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان بە مەیدانی، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا خوێندنگەیەکی ئەزمونیان کردەوە، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساند، کە سەردانی وڵاتانی تر بکات و بیرەکانی خۆی بگەیەنێت، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، فەلسەفەی پەروەردەی پراگماتی لە دیارترین فەلسەفەکان بوو.

دێوی لە زانکۆکانی (میشیگان) و (مینیسوتا) و (ئەلینۆی) وانەی وتوەتەوە، لە ساڵی 1904 پەیوەندیکرد بە زانکۆی (کۆلۆمبیا)ەوە لە نیو یۆرک، تاوەکو لە ساڵی (1930) خانەنشین کرا، بەڵام هەوڵەکانی تەنها لە ئەمەریکا تەوق نەکرا، چونکە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەندا

لەلایەن تورکیاوە بانگهێشتکرا، بۆئەوەی بنەمای پەروەردەی پێشکەوتوی بۆ دابنێت. هەندێک پێیانوایە بیردۆزەکانی چەندێک هاوکاربوون بۆ بنیادنانی بیری پەروەردەی هاوچەرخ، لە بەرامبەریشدا رۆڵیان هەبووە لە دارمانی ئاکاری و رۆحی لە ئەمەریکادا.

دیوی کۆمەڵێک کتێبی نوسیوەو بەگشتی جەختی لەسەر پەروەدەو زانستی ئاکار و فەلسەفەو دەروونناسی کردووەتەوەو زۆر جاریش جەختی لەسەر وشەی کارامەیی (خبرە) کردوەتەوە، گرنگترین ئەو کتێبانەی کە لەم بارەوەن ( دیموکراسی و پەروەردە، کارامەیی و پەروەردە، چۆن بیر بکەینەوە، ئازادی و کلتور)

بەگشتی دیوی کاریگەربووە بە فەلسەفەی هیگڵ و فروبلی دەروونناسی و داروینی پەرەسەندنی، لەگەڵ ئەمەشدا لە فەلسەفەی پراگماتیدا کارەکەی درێژکراوەی (پێرس) و (ولیم جیمس)ە، کە لەسەر بنەمای سود بوونیادنراوە.

جۆن دیوی ساڵی 1952 لە تەمەنی 92 ساڵیدا بۆ هەمیشە چاوی لێکنا وماڵئاوایی لە ژیان کرد.

## گرنگترین بەرهەمەکانی جۆن دێوی

- خستنەڕووی تیۆرێکی رەخنەگرانەی ئەخلاق ١٨٨١
- باوەڕی پەروەردەیی من ١٨٩٧
- خوێندنگە و کۆمەڵگە ١٩٠٠
- منداڵ و بەرنامەی پەروەردە ١٩٠٢
- خوێندنەوە بۆ تیۆری لۆژیکی ١٩٠٣
- مەیل و کۆشش بۆ پەروەردە و فێرکردن ١٩١٣
- فەلسەفە و سیاسەتی ئەڵمانیا ١٩١٥
- دیموکراسی و فێرکردن و پەروەردە ١٩١٦
- هەموارکردنەوە لە فەلسەفەدا ١٩٢٠
- ئەزمون و سروشت ١٩٢٥
- کۆمەڵگە و گرفتەکانی ١٩٢٧
- گەڕان بە دوای دڵنیاییدا ١٩٢٩
- فەسلەفەی رەسەنایەتی تاک، دێرن و نوێ ١٩٣٠
- هومەر لە پلەی ئەزموندا ١٩٣٤
- ئەزمون و فێرکردن ١٩٣٨
- لۆژیک: تیۆری لێکۆڵینەوە ١٩٢٨

## بیرورا گرنگەکانی جۆن دیۆی

لەڕاستیدا تیۆرەکانی دیۆی لەبارەی فەلسەفە و دیموکراسییەوەک جێگەی گرنگی پێدانن، بە بڕوای دیۆی ئەرکی فەلسەفە تەنیا گرنگیدان نییە بە لایەنی تیۆری، بەڵکو رەخنەی کۆمەڵایەتیە. دیۆی لەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی ئەخلاق و بابەتە مەعنەوییەکان روو لە لاوازی بوون، جەختی لەسەر پەرەپێدانی دیموکراسی دەکردەوە، بۆیە بۆ دیۆی واتای راستەقینەی دیموکراسی تایبەت نییە بە حکومەت و کارێکی تەشریفاتی نییە، بەڵکو لە رووی کەلتور و ئابوورییەوە پرۆسەیەکی پتەوە و پەیوەندیدارە بە چالاکی رۆژانەوە و بە شێوەیەکی گشتی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی دەگرتەوە.

ئەوەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا جێگەی سەرنجی دیۆییە، ئاکارگەراییە، کە لە سەرجەم کارەکانی ئەودا بەرچاودەکەوێت. دیۆی پییوابوو، کە بەهای هەر باوەڕێک بە سود لێوەرگرتنی لە ژیاندا دەردەکەوێت، هەموو باوەڕ و کارێک لە دەق و بوارێکی تایبەتدا لەوانەیە بۆ تاکەکانی کۆملگە کارا، یان ناکارا بێت. دیۆی دژی بنەما چەسپاو و شێوازەکانی سەپاندن بوو، چونکە

ژمارەیەک لەو شتانەی بە باش دانراون، لە کاتی جێبەجێکردندا لەوانەیە یارمەتییەکی دیموکراتی، یان گەشەی کۆمەڵگە نەدەن، تەنیا پێویستە رەخنە و لێکۆڵینەوەی عەقڵانی لە بارەی ئەو بابەتانەوە بکرێت، کە بۆ تاک و کۆمەڵگە سودیان هەیە. دێوی جەختی لە سەر گرنگی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی خوێندنگەکان کردۆتەوە و لەو باوەڕەدا بوو، کە خوێندنگە پێویستە نمونەیەکی بچوکی کۆمەڵگە بێت، بەتایبەتی پێویستە هۆکاری پەروەردەی دیموکراسی بێت. بە بۆچوونی دێوی پەروەردە و فێرکردن چوار تایبەتمەندییان هەیە:

1. پەروەردەو فێرکردن ژیانن، نەک ئامادەبوون بۆ ژیان.
2. پەروەردە و فێرکردن رێنماییکاری فێرخواز و پشتیوانیکردنە لە گەشەی سروشتی ئەو.
3. کارێکی کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵگەوە بۆ کۆمەڵگە ئەنجامدەدرێت.
4. پەروەردە و فێرکردن کارە، کارێک کە پشت بە پاڵنەر و پێویستی فێرخواز دەبەستێت، کە لەلایەن ئەو و بەپێی رێنمایی مامۆستا ئەنجامدەدرێت.

به بڕوای دیوی میکانیزمی وانەوتنەوە لە ناو خوێندنگەدا سنوردارناکرێت و سەرجەم چالاکییەکان لە پێشدا بەرنامەیان بۆ دانەڕێژراوە، بەڵکو فێربوون لە هەر کوێیەک کە فێرخوازان هەبن بە ئەنجامدەگات، بە بۆچوونی دیوی پرۆگرامی وانەوتنەوە لە خوێندنگەیەکدا پرۆگرامێکە، تێیدا فێرخوازان لەگەڵ ناوەڕۆکدا هەڵسوکەوتدەکەن و لەگەڵ تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی منداڵدا پەیوەندی راستەوخۆیان دەبێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەشەی ژیری فێرخواز، واتە تێگەیشتن و داهێنان، کە ئامانجی باڵای پەروەردە و فێرکردنە، شارەزایی کرداری پێویست لە ژیانی فێرخوازدا دروستدەکات.

به بۆچوونی دیوی گەشە (Growth) هەمان هەموارکردنەوەی ئەزمونە (reconstruction of experience) بەشیویەک کە ببێتە هۆی ڕێنماییکردنی تاقیکردنەوەکانی داهاتوو. بەپێی تێڕوانینی دیوی پەروەردە و فێرکردن ئامانجێکی شاراوەی نییە، واتە ئامانجی پەروەردە و فێرکردن خودی پەروەردە و فێرکردنە.

لەسەر ئەم بنەمایە، بە بۆچوونی دێوی مامۆستا نابێت بە هۆی بابەتەکانەوە تەنیا تیشکبخاتە سەر بابەتی وانەکە، بەڵکو پێویستە پەیوەندی و کاریگەری بەرامبەر ئەم بابەتانە و پێویستی و توانای فێرخوازەکان لەبەرچاوبگرێت. دێوی پێیوایە بەرنامەی وانەوتنەوە پێویستە لەسەر بنەمای بابەتە گشتییەکانی ژیان بێت، لەم بارەدایە کە مەیل و ویستی فێرخوازان بۆ باتەکان زیاتر دەبێت.

بە بڕوای دێوی بۆ هەڵبژاردن و ڕێکخستنی بابەتی وانەکانی وەک بیرکاری و مێژوو و جوگرافیا یان زانستی سروشتی، لە سەرتادا پێویستە لە ئەزمونی ئاسایی ژیانی تاکەکان هەڵبژێردرێن، ئەو ئەزمونانەی تاک وەریگرتوون، پێویستە دەوڵەمەند بکرێن و گەشەیان پێبدرێت و بە بابەتە زانستییەکانەوە گرێبدرێنەوە.

لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، دێوی دژی شێوازی باوی گواستنەوەی زانیارییە، شێوازی پێشنیارکراوی دێوی بریتییە لە چارەسەری بابەت. پێویستە بیرکردنەوە لەپەروەردە و فێرکردندا چەق بێت و منداڵ ناچاری بیرکردنەوە

بکات، مامۆستا ئەو کاتە لە بەکارهێنانی شێوازی چارەسەری بابەتدا سەرکەوتووە، کە مەیلی فێرخواز بۆ تێگەیشتن و فێربوونی بابەتەکە بجولێنێت.

لەبەرئەوە باشترین شێوازی پەروەردە لای دێوی شێوازی جارەسەری بابەتە، کە بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە، تاک ئەو توانایە بەدەستدێنێت کە بابەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی چارەسەربکات. ئەم شیوازەش بە شەش قۆناغ دەکرێت، (خستنەڕووی بابەت، کۆکردنەوەی زانیاری، دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو، تاقیکردنەوەی ڕێگەچارەکان، هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی گونجاو و دەرەنجام).

بە بڕوای دێوی ڕۆڵی مامۆستایان بریتییە لە یارمەتیدانی فێرخوازان، بە مەبستی گەشەی عەقڵانی و فێرکردن، لەبەرئەوە ئەرکی مامۆستایە کە یارمەتی فێرخوازان بدات بە ئەزمونەکانیاندا بچنەوە و ئەزمونی نوێ وەربگرن.

سەرنجی دێوی لەبارەی دیموکراسی لە خوێندنگە و هەر شوێنێکی تردا، نیشانەی باوەڕی ئەوە بە دیموکراسی، لەگەڵ ئەوەشدا گەشبینی

ئەو لەبارەی پێشکەوتن و ئازادی و کۆمەڵگەو زانست، لەونەیە لەگەڵ کەلتوری دەسەڵاتداری سەردەمدا نەگونجێت و لەهەموو شوێنێک بە تەواوی جێبەجێنەکرێت، بەڵام ڕێڕەوی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی نیشانداوە. لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی لە دیۆی گیراوە، بەڵام هێشتا دیۆی یەکێک لە کەسایەتییە بەرجەستەکانی پەروەردە و فێرکردن و فەلسەفە و سیاسەتی سەدەی بیستەمە لە ئەمریکا و هێشتا لێکۆڵینەوە لە کارەکانی دەکرێت.

## • دیۆی و پراگماتیزم

دیۆی فەلسەفەی بە هاوڕێی سەرجەم روداوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەزانی. پێیوابوو فەلسەفە چالاکییەکی توێژینەوە و گەڕانی ئارەزومەندانەیە و ڕێگەی ئەو گەڕانەش ئارام و بەپێی پلان نییە و هەرکاتێک هەر کەسێک ویستی پێیداتێپەڕێت، چونکە جیهانی ئێمە بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەندێشەکانی ئێمەش بەردەوام لە گۆڕاندان. وشەی گۆڕان یەکێکە لە کلیلەکانی فەلسەفەی دیۆی.

ئامانجی دێوی ئەوە بوو، کە فەلسەفە بکات بە زانست. (مشتومڕ مەکە! لە بیری چارەسەرێکدا بە) ئەمە کورتەی فەلسەفەی دێوییە.

**• دێوی و فەلسەفەی سیاسی**

ژمارەیەک پێیانوایە دێوی پێشڕەوی نیگەرانییە پەیوەندیدارەکانە لە پەیوەندی نێوان قوتابخانەی تاکگەرایی «لیبراڵ و گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی»دا، کە تێیدا تاک جێی سەرنجە. لە راستیدا هەندێک کات دێوی نەک بە هۆی پێشڕەوی (رورتی)، بەڵکو وەک نوسەرێک هاوشێوەی (چارلز تایلۆر) فەیلەسوفی کەنەدی ناسراوە، کە دەخوازێت لە نێوان تیۆرێکی خۆی، یان سروشتی کۆمەڵگەرادا بە شێوازێکی بەئاگایانە لە رووی مێژوویی و کەلتورییەوە پەیوەندی دروستبکات، هەروەها دێوی بە سەرچاوەی ئیلهامی نەتەوایەتی دادەنێت، کە تێیدا دیموکراسی بەشداری و راوێژکاری رەونەقی هەیە و هەندێک کات دێوی بە پێشڕەوی (یورگن هابرماس) فەیلەسوف و تیۆریسینی ئاڵمانی دەزانن.

## دێوی و کەوتنە ژێرکاریگەرییەوە

دێوی لە ساڵی 1879 خوێندنی تەواوکردو لە خوێندنگەی ئۆیل سیتی پەنسلڤانیا بووە مامۆستا، لەو کاتەشدا رەواجی نەوتی پەنسلڤانیا لە لوتکەدا بوو، لە ئۆیل سیتی و دەوروبەری (یەکەی هەڵکەندنی بیر) لە پشتماڵەکانەوە دەرکەوت و دەستی بەسەر دەشتە زەلکاوەکاندا گرتبوو، لە سەرەولێژیەکاندا بەرەو پێش دەچون، لەسەر لوتکە بەرزەکانەوە دەچوونە سەرەوە بۆ سەر تاوێرە تیژەکان) دێوی سێ ساڵ ماموستای ئامادەیی بوو، بێ ئەزموونی و ستایلی (ئەمریکای کۆن)، رێگەی نەدا مامۆستایەکی سەرکەوتووبێت، یەکێک لە خوێندکارەکانی دوای ماوەیەک ئەوەی بیردێنێتەوە، کە (چەندێک لە خوێنکارەکان ژاوەژاو و بۆڵەبۆڵیان دەکرد، ئەو پێشەکی پیاهەڵدانانەی کە هەموو رۆژێک پێش دەستپێکردنی وانە دەیکردن، زۆر دورودرێژ و بێزارکەربوون)، بەڵام هەر لەو سەردەمانەشدا بوو، کە سەرنجدان و پەیوەندی دێوی لەگەڵ فەلسەفەدا بەهێزتربوو، لە ساڵی 1877 دا ساڵیادی دوو سەد ساڵەی سپینۆزا کرابوویەوە و لە ئاکامدا هاوسۆز بوو لەگەڵ

فەلسەفەی سپینۆزادا، بۆیە کۆمەڵێک وتاری دەربارەی بیروبۆچوونی نوسی، دوای چەند ساڵێک لە چاپدران، دیۆی دەستی بە خوێندنی سپینۆزا کرد و بەبابەتە روحانی و ئەندازەی پەتی و رەوشتە فەلسەفییەکانی سپینۆزا ئارامی پێدەبەخشی، لەلایەکی ترەوە نەیدەتوانی یەکیەتی بوون (pantheism)ی فەلسەفی ئەو قبووڵبکات، کە خوا جیهان و جیهان بە خودا دەزانێت، بەڕوانینی دیۆی، ئەم بۆچوونە، ئەو جیهانەی کە ئێمەی لەسەر دەژین روونناکاتەوە، ئەزمونێک بە شێوەیەکی گشتی و بەبێ دوودڵی و بە تایبەتی ئەزموونی وانەی پۆل، ئەوەی فێری دیۆی کرد، کە جیهانی دەوروبەری ئێمە، یەکسەر ئیلاهی نییە، دیۆی وتارێکی نووسی و رەخنەی خۆی خستەڕوو،پاشان ناردی بۆ گۆڤاری فەلسەفەی تیۆری و بڵاوکرایەوە.

دیۆی لەگەڵ ئەوەی سورتربوو لەسەر ئەم گۆڕانە، لە پوری (500) دۆلاری قەرزکرد و لەسەردەمی پێشکەوتنی فەلسەفەدا لە زانکۆی جۆنز هۆپکینز لە بالتیمۆر ناوی تۆمارکرد، لەو سەردەمەدا لە ئەمریکا بەرنامەی لێکۆڵینەوە و

خوێندنی ئەو زانکۆیە باشترینیان بوو، تەنها لە زانکۆی ئەمریکا بوو، کە بەرنامەی خوێندنی لەگەڵ بەرنامەی زانکۆ دیارەکانی ئەوروپا وەک (کامبریج، سۆربۆن، هایدلبرگ)دا ململانێی دەکرد، دیۆی لەکاتی خوێندن لە هۆپکینز لە ژێر کاریگەری (سیلڤستر مۆریس) ی مامۆستای فەلسەفەدا بوو، کە لە نوێگەرە دیارەکان بوو، دواتر دیۆی ئەوەی بیردێنێتەوە، کە مۆریس (بە بیروبۆچوونەکانی دڵخۆشە، چونکە بەرەو سۆزێکی رۆحی دەبرد) دیۆی زۆر بە زویی پەیوەستبوو بەبۆچوونە نوێگەرییەکانی مۆریسەوە، بە ئەندازەیەک خۆی بە هۆی روبەڕوبوونەوە لەگەڵ دوانەییە زۆرەکانی ژیانەوە، مشەوەش دەبینێت، جیاوازی لە نێوان گەشەی چاکەی خۆی لە گەڕەکە هەژارنیشینە زۆر خراپ و هەژارەکانی برلینگتۆندا دەکرد، دواجار رۆحانیەتێکی لە کڵێسادا دۆزییەوە کە شەڕو شۆڕی سروشتی لاوان، بەزەیی خێرخوازانەی خۆی و سەرکێشی و بێ سەروبەری شاگردەکانی، لەگەڵ یاسای نوێگەری، رێگەیەک بۆ بڕینی ئەم دژواریانە بەوان پیشابدەدات.

هەرچەندە هیگڵ فەیلەسوفی ئەڵمانی کە لە ساڵی (1831) کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام کاریگەری فەلسەفەی ئایدیالستی سیستمبەندی، بەهەمان شێوە ئەو ناوەی هەڵگرتبوو، بۆیە بیرکردنەوەی بیرمەندەکانی بەرەو ئاسانی و گۆڕانکاری دەبرد، کە لە کارل مارکسەوە تا بیرۆکراتییەکانی لای راست برۆسیا لە خۆدەگرت، هیگڵ لە بنچینەدا فێربووبوو کە لەجیهاندا مەسجێکی دیالێکتیکی هەیە، کە بچوکترین دانەی بە والاترین و داماڵڕاوترین ئایدیاکان، لەیەک دەستگای گەورەی بڵاوبووەدا پەیوەستدەکات، لە ناو ئەم دیالێکتیکەدا، هەر تێزێک ئەنتی تێزی خۆی بەرهەمدێنێتەوە. ئەم سەنتێزە دواتر لە سەنتێزی ئەم دوانە بەرزدەبێتەوە، کە بەسەرەی خۆی دەبێتە تێزێکی تر، ئەم پرۆسەیەش بەهەمان شێوە درێژەی دەبێت، بۆ نموونە چەمکی (بوون) دژی خود (نەبوون) دێنێتە ئاراوە، ئەم دوو چەمکە دژەش دواتر لە (دەبێت) دا رێکدەخرێت، ئەم پەیامەش لە هەموو شتەکان و لە هەر ئایدیایەکدا (لە هەموو جیهاندا) کاردەکات، جەختکردنەوەی هیگڵ لەسەر گشتیەتی ئۆرگانێکی جیهان، ئەو

توانایەی بەخشیە دێوی، دژانێک کە دیبوونی، سازش لەگەڵ یەکتری بکەن و یاسای نوێگەری لەگەڵ (مۆریس) ی مامۆستاکەی موشتاقانە قبوولبکات.

فەیلەسوفێکی تری دیارو بەناوبانگ کە بیروڕاکانی لەم ساڵانەدا، کاریگەری لەسەر دێوی دروستکردبێت، پێرس بوو، کاتێک وانەی لە چۆنز هۆپکینز دەوتەوە، تیۆری لۆژیکی زانستی پێرس، کە بنەمایەک بوو بۆ پراگماتیزم، پاشان وەک فەلسەفە دێوی دایهێنا و ناوبانگی جیهانی پێپەیداکرد، سەیر لەوەدایە، دێوی وانەکانی پێرسی بە گران و ئازاربەش دەزانێت، چونکە لە نامەیەکی تایبەتیدا، کە بۆ دۆستێکی نوسیوە، تێیدا نوسیوە(بە بڕوای من پێرس بیر لەوە ناکاتەوە، کە جگە لە گشتگیرکردنی بەشەکانی زانستی سروشتی، فەلسەفەیەک بوونی هەبێت) ئەمە شتێکی راستبوو، بەڵام دێوی بیست و دوو ساڵە لەپێناو هەڵهێنجانی ئایدیا مۆدێرنەکان ئامادەیی نەبووە، وانەکانی پێرس بۆ (خوێندکارانی وەرزشی زیاتر سودمەنتر و سەرنجڕاکێشتر) دەزانێت، تاوەکو بۆ (خوێندکارانی فەلسەفە)، جێگەی سەرسوڕمانە کە

بیست ساڵ درێژە دەکێشێت، تاوەکو دیۆی ئەوەی کە پێرس ئەوی فێرکردبوو، ببیسێت و قبووڵی بکات، ئەو ئایدیانەی پێرس تا ئاستێکی زۆری ناخودئاگا بەبیردێنێتەوە، کاتێک سەرەنجام لەوانە تێدەگات و قبوڵیاندەکات، قۆناغێک بەرهەمدێنێت.

پێرس لە زۆر لایەنەوە پیاوێکی بەرجەستەیی بوو، هەرچی دیۆیە بە هیچ شێوەیەک تاکە کەس نەبوو، کە بەبێ میانە ئەوەی دیاری نەکردبێت، ئێستا کانگایەکی وەک زانستنامەی بەریتانی بەو شێوەیە وەسفی پێرس دەکات (جوانترین و گشگیرترین عەقڵە، کە تاوەکو ئێستا ئەمریکا بە خۆیەوە دیویەتی) هەندێک بەم شێوەیە لێیدەڕوانن، جگەلەمەش هەم ئاڕاستەکان بەرەو ئەوەن، رۆڵی پێرس لە رێڕەوگرتنی فەلسەفەی پراگماتیزم بەسبوو، تا ئەوەی ئەو چوارچێوەیەکی بۆ دروستکرد، کاریگەری ئەو لەسەر دێوی و ناسینی ڤۆکابلەری کە بۆ دێوی وەک میرات مایەوە، پێگەیەکی گرنگی لە مێژوویی بیرکردنەوەیی ئامادەکردوە، بەڵام ئەوە نیوەی مەسەلەکەیە، پێرس سنوربەندی قبووڵناکات، کاریگەری لەسەر فەلسەفە زۆرتر دەڕوات،

دەروونناسی، ئەندازیاری، کیمیا، ئەستێرەناسی، رۆڵبەندی،فیزیک،بیرکاری،(تیۆری تەواوکاری واقعیەت) لوژیک- تایبەت بە لۆژیک- هەموو بەشەکانی هەبوون، کە پێرس بەشی بنچینەیی و بە گشتی زۆر گرنگی لەوانەدا هەیە.

ئەوەی شیاوی وتنە ئەوەیە، کە هیچ زانکۆیەک لەسەردەمێکی وادا محافەزەکاری نەدەویست، یان رازیبێت وەها رۆشنبیرێکی چەندڕوو وەربگرێت، بەڵام بەرەو قۆناغی ئومێدو هیوا دەڕوات، چونکە قسە لەسەر ئەوە بوو، پێرس کورسی (لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکان) وەربگرێت، بەڵام حاڵەتی لەمجۆرە، جارێک نەهاتبووە هیچ ئۆرگانێکی فێرکردنی متمانەپێکراوەوە، بۆیە ناتوانرێت ریسکیبوونی ئەم کورسیە بۆ ئەو قبوڵبکرێت، (4) ساڵ وانەوتنەوە لە (جانز هاپکینز) درێژترین مانەوە و خۆڕاگری بوو، لەناو خوێندکاراندا تێڕوانینی دیۆی نمونەیەکی باڵا و دیاربوو، فەیلەسوفەکان ئەوەیان بۆ مەسەلەی بیرکاری و لێکۆڵینەوەی زانستی بە گونجاوترین کەس دەزانی، چونکە لە بنچینەدا زاناکان سەرنجیان لە بارەی فەلسەفەوە نەبوو.

لەم نێوەندەداو لە ئەوروپا کە پێشکەوتنە زانستییە گەورەکان جێگیربوون، زانایان لەبارەی پەیوەستداری دواین دۆزینەوە زانستییەکان لێکۆڵینەوەی حەماسی و کاریگەریان دەکرد، هەرچەند فەیلەسوفان زیاتر بە هەمان بەڵگەوە، بەرەو گفتوگۆی زانستی رادەکێشران، بەڵام چەند نموونەیەک بۆ پیشاندانی گرنگی ئەم گۆڕانەو ئاڵوویرەکان بەسبوون.

لە دەیەکانی تردا ئەنیشتاین بە خوێندنەوەی هیومەوە سەرقاڵبوو، تێڕوانینی لە بارەوە خستەڕوو، بەڵام بەرێژەیەکی زۆر یاری پێوەکردنی پێوە دیاربوو، راسڵ و ڤتگنشتاین هەوڵیاندەدا بنەمای لۆژیکی بیرکاری رێکبخەن، لەم نێوەندەدا ئەرنست ماخ زانا و فەیلەسوفی نەمسایی کە (خێرایی دەنگ) بە ناوی ئەوەوە ناوبانگی پەیداکرد) لەگەڵ بوونی (ئەتۆم)دا،بە توندی رێگری لە تاقیکردنەوەیکرد، (هیچ تاقیکردنەوەیەک تا ئێستا بوونی ئەتۆمی جێگیر نەکردوە) ئەم جۆرە چڕکردنەوە فەلسەفی- زانستییانە، رۆڵێکی گرنگیان لە داهێنانە گەورەکانی نیو سەدەی دواتر دەبینی، لە ئاکامدا ئەم جۆرە ئاراستەکردنانە،

بوونی ئەتۆم جێگیردەکات، و ڕێژەیی ئاشکرا دەبێت و کامڵ نەبوونی بیرکاری دەگاتە یەقین، لەم سەردەمەدا بایەخی بەشداریکردنی زانست و فەلسەفە، بە هیچ جۆرێک زیادەڕۆیی (مبالغە) نییە، پێرس و هاوڕێکەی، دەروونناس و فەیلەسوف، ولیام جیمز یەکەمین کەسانێک بوون لە ئەمریکا، کە پەیامی ئەم گۆڕانەیان ڕاگەیاند.

پێرس لە(52) ساڵیداو لە کێڵگەیەکی دورەدەست لە دەریای (دلاور) لە پەنسلڤانیا کەناگیرکەوت و باقی (23) ساڵەی تەمەنی لەوێ و بە دەستکورتی و هەژاری ژیا، بۆیە خۆی ناونابوو (لۆژیکزانی لادێی)، ئەگەر سەخاوەتی ویلیام جیمز نەبوایە، کە دانی بە عەبقەریەتی تەواوی ئەودا نا، نەیدەتوانی بژێت، (لە بەدەستهێنراوەکانی پێرس لەم سەردەمەدا، پێشنیاری نموونەی ڕابەرایەتی خولگەی کارەباییە، کە لە یەکێک لە نامەکانیدا ئەمەی پێشنیازکردبوو)، دوو سەدە پێشتر کاتێک لە (نیوتن)یان پرسی چۆن توانیت ئەم دۆزینەوە گەورە بیرکاری و زانستییە ئاشکرابکەیت، بە ساکارییەکەوە وتی (بە پێدانان لە سەر شانی عملاقەکان) پێرس ئەو عیملاقە فەلسەفییە بوو، کە

دێوی ڕۆژێک پێی خستە سەرشانی.

بەڵام هەموو ئەمانە لە ئایندەدا جێگەیان دەبێتەوە، دێوی ئەوە دەخاتەڕوو، کە لەکاتێکی درەنگتردا دێت، داهێنانەکانی لە هەموو کۆمەڵگە بیرییەکاندا، وردە وردە دەردەکەون، دێوی کەپلەی دکتۆرای بە دەستهێنا،لە بەشی دەروونناسی و فەلسەفە لە زانکۆی میشگیان وانەی دەوتەوەو زیاتر بەچوونە نوێکانی خۆیەوە سەرقاڵدەبوو، لە هەمانکاتیشدا ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە بارەی دەروونناسی ئەزمونییەوە وەرگرتوە (ئەم بەشە نزیکەی (10)ساڵ پێش (ویلهلم فونت) ی ئەڵمانی (باوکی دەروونناسی ئەزموونی) بە شێوەی لێکۆڵینەوەی بە دواداچوونی دابڕاو لە لایپزیک بنیادنرابوو.

لە هەمان سەردەمدابوو، کە دێوی بە ئالس چیپمن ئاشنابوو،کە پێش هاتنی بۆ زانکۆی میشگان بۆ خوێندن، لەلادێ مامۆستا بوو، هەردووکیان فەلسەفەیان خۆش دەویست، تێڕوانی ئالیس لەبارەی بابەتەکەوە، زۆر بەزوویی کاریگەری لەسەر دێوی دروستکرد، بیروباوەڕی ئالیس لەسەر ئەوەی، کە فەلسەفە دەبێت بەو

مەسەلانەوە سەرقاڵ بێت، کە بۆ خەڵکی واقیعیی لە ژیانی ئاساییدا لە ئارادایە، دیۆی بە شێوازێک پەلی هاوێشت، کە پەیڕەوی ئەکادیمی بە مەسەلە کلاسیکییەکان بە درێژایی مێژووی فەلسەفە شیاوی باس و گفتوگۆبوو رەهاکرد، بەڵام ئاشکرابوو کە ئەمە تەنها پێشەکی و سەرەتای رای دورو درێژی دیۆی بوو، چونکە ئێستا بە بیروباوەڕی هیگڵی نوێییەوە خۆیەوە چەسپابوو، جۆن دیۆی و ئالیس چیپمن پاش ماوەیەکی کورت، کە ئالیس 1886 دەستی لە خوێندن هەڵگرت، هاوسەرگیریان کرد و پاش ساڵێک منداڵیان بوو.

لە هەمان ساڵدا دیۆی یەکەمین کتێبی دەروونناسی بڵاوکردەوە، کە بە شێوەی حیرەتئامێز لە بارەی ئاشتی، هەوڵی سەرخستنی مامەڵەی دەروونناسی و ئەزموونی ئەو، لەگەڵ فەلسەفەی میتافیزیکی تەواوکاری یاسای هیگڵیە نوێکەی بوو، مامۆستای پێشوی دەروونناسیەکەی لە (جانز هاپکینز) لەم تێگۆشانە فکریە تموحیەدا، بوویە سەپرایسێک (ئەوەی کە ئایدیالیزمی رەهای هیگڵ، بتوانێت هۆشمەندێکی لەم شێوەیە بخاتەگەڕو بە شێوەیەکی واقیعیی فراوانی لەم جۆرە نوێی و

کۆنەدا رابگەیەنێت، بە دڵنیاییەوە ئەعجازێکە کە گەورەیی ساتێک لە جیۆلۆجی و گیانەوەرناسی داهێنراوانە، لە خزمەت رونکردنەوەی شەش رۆژ دروستبوونی جیهاندا دەچەسپێت) کتێبەکەی بە خێرایی لە ناوەندەکانی زانکۆدا، بووە جێگەی دیالۆگ و هەتا خوێندکارەکانی دیوی لەم گفتوگۆیانەدا بەشداردەبوون، گۆڤاری (خوێندکاران) لە میشگیان کە لە مامۆستایانی پێشوی دەروونناسی دیوی بوون سورتربوون.

پێیەک لە ئاسمان و پێیەک لە زەوی

و نەنیگایەکی واقیعی کە وێناکردنی

ئەندێشەکانی لەسەر ئاژاوەکان لە دایکدەبن، بەڵام بە هێزو گونجاو

وەک ئاوێکی گرمۆڵەکراو یان دوکەڵێک لە هەوادا.

دیوی لەلایەکەوە لە ئاکامی کاریگەرییەکانی هاوسەرەکەی، کە سەرنجی لەسەر تیۆری پەروەردەو فێرکردنەکەی بەدەستهێنا، ئەزمونە تاڵەکانی خۆی لە خوێندنگەو دامەزراوە پەروەردەییەکانی جەنگەڵی تەختەڕەش، ئەو باوەڕەی لا دروستکردبوو، کە لە سیستەمی

فێرکاری ئەمریکادا، هەموو شتێک بە قاعیدە نییە، وەک هەمیشە کاتێک مامۆستایانی سەرنەکەوتوو لە بارەی ئەم بابەتەوە شت دەنوسن، سەرزەنشتەکە هەرگیز رووبەرووی خۆیان نییە، بەڵکو هەموو سیستەمەکە هەڵەیە، لەهەمانکاتدا داهێنانی نوێی دیوی، لەم کاتانەو لێرەدا بە زوویی خۆی نیشاندا، ئەوەی خستەڕوو کە خوێندنگەکان بەهۆی پەیوەستبوونیان بە رەوشی کلتورییەوە، دۆزینەوە تاقیکارییەکان کە لەناو دەروننناسی منداڵاندا جێگەیان بووەتەوە نابینن، هەروەها لەگەڵ ئاکامی ئاڵودێرە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دیموکراسی نوێی ئەمریکا، لە دوای جەنگی ناوخۆیی دا، هیچ رێگەیەکی تر نەبوو، بۆیە دیوی بە گشتی فەلسەفەیەکی نوێی لەبارەی پەروەردە و فێرکردنەوە بە پێویستی زانی.

دیوی لە ساڵی 1894 پاش دە ساڵ مانەوە لە میشیگان، بووە مامۆستا لە زانکۆی شیکاگۆ، ئەم زانکۆ نوێیە بەر لە سێ ساڵ کە بووجەکەی لەلایەن (جان دی رافکلر) سەخاوەتمەندانە دابینکرد دەکرێتەوە، سەرۆکی ئەم زانکۆیە (ویلیام رینی هارپر) بوو، شیکاگۆ بە یەکێک لە ناوەندە

پێشکەوتووەکانی لێکۆڵینەوە لەوڵاتدا دادەنرێت و دیۆی کرا بە سەرۆکی گروپی تازە دامەزرێنراوی فەلسەفە و دەروونناسی و پەروەردەو فێرکردن، چونکە لەگەڵ پسپۆڕی و تواناکانیدا هاوئاهەنگ بوو.

(ئەوەی مایەی سەرنجدانە، پێشتر پێرس ئەم لایەنەی رەچاوکردبوو، بەڵام بۆچوونە پراگماتیکییەکانی، زیاتر لەئاستی نەناسیندا جێگەی خۆی گرتبوو)، لێرەوە دیۆی شانازی بەوەوە دەکات،کە وەک دەروونناس، فەیلەسوف، فێرکاری پراگماتیکی بنچینەیی، ناوبانگ پەیدادەکات.

ئێستا کاری پراکتیکی و ئەزموونی دیۆی، ئەو بەرەو تێگەیشتنی نزیک لە کاریگەری (تیۆری تەواوکاری) باوی داروین دەبات، ئاکامەکانی ناو قوتابخانەی داروین لە دەروونناسی، فەلسەفە، هەتتا پەروەردە و فێرکردن ئاشکرادەکات، جێگەی تیڕامانە ژیان بە خەباتێک دەزانێت، کە تێیدا گونجاوترینەکان دەمێننەوە، نەک بە پرۆسەی کرانەوەی دیالێکتیکی، بەم شێوەیە دیۆی لە شیکاگۆ تا چەند ساڵ بیروباوەڕی بە (ئایدیالیزمی ئەزموونی) پاراست، بە جۆرێک هاوسەنگی بیری

کە دەتوانێت فەلسەفەی تیۆری نیو هیگڵیەکەی، لەگەڵ ناوەڕۆکی کاری پراکتیکی و ئەزمونییەکەی سەرکەوتووبێت، بەڵام وردە وردە ئاشکرا دەبێت، کە ئەم دابڕانە قابیلی بەردەوامی نییە، ئەم دوانەییانەی دێوی، کە هەندێک ئارەزووی کرانەوەیان بوو، جارێکی تر گرفتاری کردبوو.

ئایا پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ، لە واقیعییدا کارنامە عەقڵانییەکانی جیهانی واقیعی بوو؟ ئەمە هەمووی بە لۆژیک دیاریدەکرێت، هیگڵ باوەڕیوابوو، کە (پرۆسەی لۆژیکی ئێمە، بە تەواوی هەڵهێنجانە، یان ئاگاییە لەسەر ئەو پێکهاتە خودییە عەقڵانییەی، کە بە هۆی ئامادەیی ئەم کارەوە بەسەرچووە و سازندەیی بیر بە دەستگرتن بەسەر جیهاندا کۆتایی هاتوە) بەڵام ئەم تێڕوانینە بە لۆژیکێک لەپێناو کارکردن بە زانستی تەواو، کە تایبەتە بە زانایان، جێگەیەک بە جێناهێڵێت، شک و پرسیارکردن تێیدا جێگەی نابێتەوە، گومان و پرسیارکردن لەو جێگەیەدا نییە، پێشنیارێکی میتافیزیکی بەرفراوانی لەم جۆرە، لە بارەی شوێنێکی گونجاو بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بوونی نییە، دێوی گەیشتە ئەو ئاکامەی

که ئەوەی پێویستە، پێشنیازی فەلسەفەیە، کە تیایدا (هەموو خاسیەت و هەلومەرجی بیر- حکوم، چەمک، هەڵهێنجان، بابەت، بارکراو .... بە تەواوی کارکردنە تایبەتییەکان، یان دابەشکردنی کار، لە ناو یەک ئاکامدا، گومان- لێکۆڵینەوەی گوزارشتکردن)بخرێتەروو، ئامانجی سەرەکی ئەم لۆژیکە، دەبێت روونبێت، بەوەی (ماهییەتی نەمری بیرو متمانە نەمریەکەی، دەبێت بەرامبەر بە واقیعییەتێکی نەمربێت).

کاتی ئەوە بوو کە لەنهێنی کۆن و بێ وەڵامی فەلسەفەی کلاسیک دوربکەوێتەوە، ئایا جیهان لۆژیکییە، یان تەنها چۆنیەتی روانینی ئێمەیە بۆ جیهان؟ ئایا بیرکردنەوەی ئێمە لە واقیعییەتدا جێبەجێدەکات؟ ئەم پرسیارە پێویستە رەهابکرێت، ئەم دیدگایە دەبێت فەرامۆشبکرێت ،کە شتێکی وەک (بیری گشتی)یە، کە هەوڵدەدات وێنای راستی (واقیعییەتی گشتی) پیشانبدات، لە بری ئەوە دەبێت لەسەر مەسەلەیەکی تایبەت چڕببینەوە، کە پێشنیازکراوە، بیرکردنەوەی گشتی نییە، بەڵکو لاوەکییە، پەیوەندی بەمەسەلە واقیعیەکانەوە هەیە، کە ئەزموونی لاوەکی کەسی ئێمە دەردەخات.

لۆژیکی دیۆی (لۆژیکی ئامرازی) بوو، وەک پرۆسەیەک بوو، کە لە ئەزمونێکی تاقیکردنەوەییدا دەردەکەوێت، بەرنامەیەکی عەمەلی بوو بە مەبەستی چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی دیاریکراو، حەقیقەتی لۆژیکی ئامرازی کاری بە مەوە نەبوو، کە بە فلان واقیعییەتی دلنیایی جێبەجێبکات، یان نەیکات، ئەمە هەرگیز پێشنیارکراو نییە، خالی پێشنیارکراو (سوودی جێبەجێکردن و بەکاربردن، یان ئامرازیی لەمەدا لە هاوکاریکردن بەتێپەڕ بوون، ئەزمونێکی ڕێژە جیاواز بۆ ئەزمونێکی ڕێژەی گونجاو)ە، سوودیشی چارەسەرکردنی مەسەلەکانە، بەلایەنکردنی دژەکانە.

ئەم جەختکردنە لەسەر فەرمانی لاوەکی و پەیوەندی لەگەڵ کاری کەسی، دەبێتە تایبەتمەندی فەلسەفەی دیۆی، پاش ئەمەش هەلومەرجێک دێتە پێشەوە، کە دیۆی لەپێناوی لابردنی ئیزدواجیەکان، کە ئەو شەرمەزار دەکەن لە کاری دەوەستێنێت، لێرەدا دەتوانین کاری ئەزمونی بە کاری کەسی -هەم بۆ خۆی و هەم بە شێوەی ڕەوشی گشتی، کە جێگای جێبەجێکردن بێت- پەیوەست بکات، لۆژیک ئەو شتە بوو کە وەلامدەداتەوە،

بەم هۆیەشەوە فەلسەفەکەی بە (پراگماتیزم) یان (کارگەرایی) ناودەبرێت، (دیۆی حەزی لەو ناوە نەبوو، پێی خۆش بوو، کە فەلسەفەکەی بە (ئامرازگەرایی) یان (ئەزمونگەرایی) ناوبنرێت. ئەمانە باشترین رونکردنەوە دەدەن، کە ئەو چی دەکرد، لەهەمانکاتدا کە(پراگماتیزم) ئاماژە بە بیری بنچینەیی ئەو دەکات، وشەی (پراگماتیک) وشەیەکی یۆنانییە و بە واتای (چالاک، پرۆسە، دەست بەکارکردن، پەیوەست بە بنچینەی بابەت) وەرگیراوە، واتای ناوەڕۆکیشی، کارایی و کارکردنی گشتیە، پراگماتیزم وەک زانستە، و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و وەڵامبداتەوە، ئەگەر وەڵامنەداتەوە و کاریگەری نەبێت، وەلای دەنێت.

پراگماتیزم لە بنچینەدا روانینێکی زانستیە بۆ جیهان، بەم واتایە روانینی واقیعی و ناسراوبوونە، واقیعیەگەرایی شتێکی کەم و زیاد نییە لە واقیعیەت، کە لە ژیانێکی (رۆتینی)دا دەیبینم، سروشتێک کە لە پێشەنگای تاقیگە زانستیەکاندایە، واقیعیەتێک کە هەر لە بەیانییەوە تێیدا بێداردەبینەوە، ئینجا راز و شاردنەوە بوونی نییە، روانینێکی لەم جۆرە، بە تەواوەتی بەسەر بارودۆخی زانستی لە

دوایین ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم جێبەجێکرا، زانستی ئەزموونی و تاقیکردنەوە پێشکەوتوەکانی گەورەکردبوو، کە لە تەکنەلۆژیادا جێگەی خۆی دەگرێت، بەڵام جێگەی تێڕامانە، بنیاتی تیۆری (یاساکان و گەوهەری بنچینەیی) جێگیربووە، لە کۆمەڵگەی زانستییدا بە گشتی لەو باوەڕەدابوون، کە ساڵە درەوشاوەکانی دۆزینەوەی زانستی تیۆری بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ کۆتایی هاتووە، لە هەمانکاتدا ئامۆژگاری (مارکس پلان)ی لاوی دەکرد، کە چاو لە دواکەوتنی فیزیکی تیۆری کە (بە زویی دەگاتە کۆتا) بپۆشێت، دۆزینەوە بنچینەییەکان پێشتر شێوەیان گرتبوو، ئەوەی مابوویەوە، کارە تەواوکراوەکانی (پرۆسەی پڕ زەحمەت و دورو درێژی تاقیگەیی) بوون، کیمیا هەم لەم جۆرەدا بوو، مندلیف کیمیازانی روسی، خشتەی ئەڵتەرناتیڤی خسەڕوو، کە ناوەڕۆکەکەی بیسترابوو و شیاوی بیستن بوو لەگەڵ کێش و تایبەتمەندی ئەو رەگەزانەدا، فیزیک زانی نەمساوی (بولتزمان) دڵنیابوو کە ئەم رەگەزانە لە ناوکی بنیاتی بە شێوەی ئەتۆمی دروستبووبوون، بە سەرنجدان لە ماهیەتی سروشتی و کۆتایی

جیهان، کە تێیدا ژیان دەگوزەرێنین، جێگەی تێڕوانینە کە لەپێناو دۆزینەوە گەورەکان و هی تر جێگەیەک بمێنێتەوە، لە دوای ئەمەوە زانست بە تەواوی تایبەت دەبێت بە تاقیکردنەوەو ئەزمونکردنەوە.

یەکەمین بەڵگە کە ئەم روانینە لەق دەکات، بە تەواوی دیارکراونییە، کاتێک مادام کوری لە ساڵی 1890 چالاکی تیشکی ئاشکراکرد، زۆرێک لەمانە تەنها تایبەتمەندی کیمیاوی تریان گریمانە کرد، ئەو روانینەی کە بتوانێت ئەتۆمەکان دابەشبکات، شیاوی وێناکردن نەبوو، کاتێک لە 1900 پلانی رێژەیی پێشنیازکرد، لەسەر ئەم بنەمایەش، جێگەی تێڕامانە کە روناکی هەم ناوک و هەم شەپۆلە، هەر دۆزینەوەیەک شیاوی بینین یان جێکەوتە، یان بابەت بوو، ناتوانین هەردووکیان بێت، پاشان هەموو پێکهاتەکان دەروخێن، (تیۆری رێژەیی) ئەنتشاین، یەقینی رەهایی کات و شوێنی نابووتکرد، تێگەیشتن کە مادام شتەکان جگە لە ئەتۆم و تایبەتمەندی کیمیایی، ئەوانەیان ئاشکرا کردبوو، سەرئەنجام ئەمە قبوڵکرا کە (تیۆری چەندیەتی) شیاوی ژیانە، بەشەکانی جیهانی

زانستی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بۆ هەمیشە تێکەڵ بەیەکتری بوون و روانینێکی تەواو و نوێ دەهێنێتە ئاراوە.

ئەوەی جێگەی سەرەنجە، کە پڕاگماتیزم لەم کودەتایەدا هیچ راچڵەکینێکی نەبینی، خودی زانست یەکسەر گۆڕا، بەڵام ئەم فەلسەفە زانستیەی دێوی نابود نەکرد، یان رای نەچڵەکاند، دێوی بەردەوام جەختی لەسەر کاری لاوەکی و رادەی پەیوەندی لەگەڵ کاری کەسی دەکردەوە، ئامرازی لۆژیکی تەواو رەوشی بەریەککەوتنی لەگەڵ مەسەلە ئاڵۆزەکان و سەروبەندەکردنی قبوڵکردنی ئەوانە سەیردەکات، لۆژیکی لەم جۆرە پەیوەندی نێوان کەس و واقیعیەتی دەوروبەری، لە نێوان کاری دەروننناسی و کاری زانستیدا فەراهەمدەکات، ئاوی جۆر بەجۆری جیهانی کەسی، بەسەختی بە جیهانی مادییەوە (وەک ئەوەی کە لەو جیهانەدا سەیرکرا) پەیوەستدەکات، ئینجا ئەگەرو زەروریەت دەتوانێت لە پاڵیدا بوونی هەبێت، ئەم پەیڕەوەش یەکێکە لە رازە گەورەکانی ئاشوبەندی کە لە کۆنەوە و لە فەلسەفەی کلاسیکیدا بوونی هەبووەو بڕیاردەرە،چۆن دەتوانێت لە جیهانێکی

لۆژیکی پێویستیدا ئازادبێت؟ ئیرادەی ئازادی کە دڵنیاین بە واقیعی ئەزموونی دەکەین، چۆن دەتوانێت لە جیهانی زانستییدا سامان بوونی هەبێت؟ بە روانینی دێوی هەموو ئەمانە شێوە مەسەلەیەک بوون، بەڵگە بۆ ئەندازەو دەستنیشانکردن کە لە کۆنەوە لە فەلسەفەدا بڵاوبووەوە، لۆژیکی ئامرازی ئەو بە سادەیی دورکەوتەوە، ئەو پیشاندا کە چۆن دەتوانرێت ئازادبێت و لە هەمانکاتدا لە جیهانی زانستیدا، بوونی زانستی هەبوو، کاتێک خود بە حەل و فەسڵی مەسەلە زانستە تایبەتییەکاندا قەرزاربار دەبێت، مەسەلەی ئەندازە و هەڵبژاردن بە سادەیی کوێردەبێتەوە، ئیتر بوونی نابێت.

ئەم توانایییە لە بەرامبەر دڵنیانەبوون بە فەلسەفەی زانستی دێوی، ئەو توانایە دەبەخشێت، کەلەبەرامبەر گۆڕانە گەورەکانی زانست، کە لە سالانی سەدەی نۆزدە رویدا، بەردەوامی هەبێت، دێوی نەیتوانی ئەم ئاڵوگۆڕانە پێشبینی بکات، هیچ کەسێک نەیتوانی ئەم حاڵەتانە هەتا بە بیری یۆنانی کۆنیشدا نەهاتوە، کە جیهان بەم شێوەیە بێت، دیموکریتوس گەیشتبووە ئایدیای ناوەکی،

ئەوانی تر لەسەر ئەو باوەڕەبوون، کە دەبێت جیهان فراوانییەکی بێکۆتایی هەبێت، (بەڵام هیچ کەس) هیچ زانایەک، یان بیرمەندێک بە درێژایی ئەم سەدانە، هەتا دوراودور هەم بە واقیعیەتی چەندێتی گومانی نەبردبوو، لە راستیدا دەڵێن کە ئەرستۆ دەیتوانی لە نیوتن و داروین بگەیەنێت و هەموو دۆزینەوە گەورە زانستییەکان، تا کۆتایی سەدەی نۆزدە بەباشی هەستی پێبکرێت، دەوترێت ئەگەر بتوانێت دەربارەی رێژەگەرایی لەگەڵ ئەنشتاین قسەبکات، هەتا دەتوانێت ئەوەش درکپێبکات، کاتێک لە هەموو گۆڕەپانی بوون بگەن، پێشبینی شتێکی لەم شێوە ئەگەری هەیە، بەڵام ئەرستۆ نەیتوانی تیۆری چەندێتی هەست پێشبینی بکات، هەرگیز لە توانایدا نەبوو شتێکی لەم جۆرە وێنابکات چۆن؟ چونکە لە بنچینەدا شیاوی وێناکردن نییە، چونکە ریچارد فینمن فیزیکیزانی ئەمریکی و پسپۆڕی فیزیکی چەندێتی وتی (کەسێک داواکارە فیزیکی چەندیەتی تێبگات، نازانێت کە دەربارەی چی قسەدەکات)، ئینجا لەناو بونیاتەکانی مادەدا، دیاردەیەک هەیە کە شیاوی تێڕوانینە، کە لە پشت تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە،

ئێمە دەتوانین هەندێک لە بەرهەمەکانی ببینین، دەتوانین هەتا پێوانەگیری هەندێک لەوانە (نەک هەموویان،نەک تەنها لەو دانەدا) پێشکەوین، بەڵام ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین، کە هەستی پێدەکەین، لێرەدا بنەمایەک بوونی هەیە کەبەسەر لۆژیکدا سەردەکەوێت، بەڵام نەیتوانی بەسەر لۆژیکی باڵادا سەرکەوێت، کە لە زۆر لایەنەوە بە تایبەتی لەپێناو بەکارهێنانی لە بارودۆخێکی پێشنیارکراوی لەو شێوەیەدا، پراگماتیزمی دێوی بە گرنگ دەزانێت، دژایەتییەکان تا ئەم ئاستە رێگرنەبوون، ئاکامی ئەمەش کە راستی هەمان سوندمەندی هەبوو، کەلەوەدا دەیکەین، (ئەو کرۆکە) راستێکی گشتییە کە لە چاوەڕوانی ئاشکراکردندا بێت، بوونی نییە.

ئەو شۆڕشە زانستیەی لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم رویدا، بەو واتایە بوو کە زانست ئیتر هەرگیز هەمان ئەوە نەبوو کە بوو. ئەوە دڵنیایی کۆتایی زانست بوو کە لەبنەڕەتەوە لەناوچوو. جیهانی میکانیکی بەسەرجەم ناوەڕۆکی تەواوەوە کە دەبێت ببێ ،بۆ هەمیشە نەما. جیهان وەکو کاژێر کاری نەدەکرد. لەگەل ئەوەشدا

وەک ئەوەی بینیمان جیهانبینی زانستی دێوی، هەرگیز بەتەواوی پێشبینیکراو نەبوو. لۆجیکی ئەو پێویست نەبوو، شتێکی بەکارهێنانی بوو. ئایدیاکانی دێوی بە هێنانەپێشی بابەتەکانی وەک نەبوونی سەلمێنراوی کوانتۆمی بەهێز دەکرا. جیهانی میکانیکی نیوتۆنی لەسەر بنەمای یاسا جێگیر و دیاریکراوەکان کاری کردبوو. بە وتەی دێوی جیهان بەبێ ئەگەر، جیهانێک کە ڕێڕەوەکەی پێشتر دیاریکرابێت، (تەنها دەتوانێت جیهانێکی داخراو بێت، کە یان گەیشتۆتە کۆتایی و گۆڕان قبوڵ ناکات، یان روداوی لەپێشدا دیاریکراوە)، بەڵام لەجیهانێکدا کە پێویستی و ئەگەر لەپاڵ یەکتردا بن، جیهانێکی گۆڕاوە و داهاتوی پێشبینی نەکراوە. وەک دێوی دەڵێت (ئێمە لە جیهانێکدا دەژین، تێیدا ئاوێتەیەکی کاریگەر لە کارایییەکان، ڕێکخستن، دوبارەبوونەوەکان و گەڕانەوەکان هەیە، کە پێشبینی و کۆنترۆڵ دەڕەخسێنێت و نەناسراویەکان و گومانەکان، ئەگەرە چاوەڕوان کراوەکان و ئەو پرۆسانەی بە دەرەنجامی هێشتا دیارینەکراو دەگەن.)

بە درێژایی سەدەی بیستەم زانست خۆی ناچار

بوو ئەم شێوە دۆخە پەسەند بکات. ناتەواوی فیزیکی کوانتۆم و ڕێژەیی – جیهانە گەورە و بچوکەکان – سەرجەمی جیهانی زانستی پڕکرد. یاساییتری جێگیر و نەگۆڕاو، گوایە بۆ هەتا هەتایە هەڵکەنراون و گومانیان لێنەدەکرا. لەجیاتی ئەوەی پێناسەیەکی وردی بوونەوەرەکان، پرۆسەکان و پێکهاتەکان سروشتی بن، زیاتر وەک ناوبژیوانی ئاماری هەژمار دەکران، ئیتر نەدەتوانرا هیچ یاسایەکی زانستی بە تەواو دابنرایە، تەنها کەم تا زۆرێک ئەگەری زۆری هەبوو، ئەگەر جێگەی بێگومانی گرتەوە. بەبۆچونی دیوی کە کاری تایبەتی و کاری زانستی بەیەک شت دەزانی، (پێکهاتنی زانستی وردی میکانیکی لە بابی تاکێتی مرۆڤ، هەرگیز مومکین نیە. تاک مێژوییە و تایبەتمەندی تاکی هەیە)

بەڵام ئەمە تەنها سەرەتای کارەکە بوو. شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی دیوی بوو بە ڕێگەیەک سەروتر لە بواری زانستی. لەدیدی ئەوەوە شێوازی تاقیکردنەوە و ئەزموون پڕبەرهەمترین تێڕوانین لە بابەتە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیەکانە. فەلسەفە یان کارا و بەسودە

یان هیچ نییە. لەبارەی کرداری مرۆڤایەتییەوە، لەبەرئەوە پێویستە لەگەڵ کرداری مرۆڤایەتی پەیوەندیدار بێت. دێوی لە درێژەی هێرشی بۆسەر فەلسەفەی کلاسیک رایگەیاند»زانست و ناسین بەتەواوی ئاکارگەراییە». چەندین جار رایگەیاندوە کە «ئامرازگەرایی لەهەوڵی بەزانستکردنی فەلسەفەدایە». فەلسەفەی کلاسیک نەیتوانیبوو ئەو جیهانەی تێیدا دەژین ، ژیانی ئێمەی لەناودا شیبکاتەوە. ئەگەر کارێکیشی کردبێت، خراپترکردنی دۆخەکە بووە. لە هەوڵدانی بۆ شیکردنەوەی ئەزموونی ناسراوی ئێمە، بەتەواوی تێگەیشتنی مەحاڵکردبوو. لەولایەنەوە کە پێشتر گرفتێک نەبوو، فەلسەفە دوانیە بێ ئەنجامەکانی وەک ناچاری و هەڵبژاردن، روکار و راستەقینە، جەستە و دەرونی هێنابووە بوون. لەلایەکیترەوە تێڕوانینی زانست لەراستی، دەرەنجامی گەورەی هێنایەدی. زانایانی ئەم بابەتە سەرنجیاننەدایە ئەوەی لە راستیدا شتێکیان دۆزیوەتەوە یان نەخێر، لە خۆیان نەدەپرسی زانست چیە؟ تەنها دەیانهێنایە بوون، ساتێک نەدەوەستان، بۆئەوەی لە خۆیان بپرسن، ئایا سەرجەمی ئەم هەوڵدانە

زانستیانە ئەنجامێکیان هەیە، یان نەخێر؟ ژیانی نمونەییان بەتەواوی گیرۆدەی ئەو بوو.

ئەم تێڕوانینە لە بابەتە ڕەوشتیەکان خۆی گیرۆدەی پرسیارە بێ وەڵامەکان لەبارەی گرنگی کۆتایی نەکرد. دیۆی پێیوابوو شتێکی وەک یاسای ڕەوشتی کۆتایی و بێ کات، کە لە سروشتی زاتی مرۆڤەوە وەرگیرابێت بوونی نییە. ئەمجۆرە تێبینیە لاوەکیانەش، کاتێک تایبەت دەبێت بە ژیانی تایبەتی تاکەوە، دەکرێتە دەرەوەی بازنەکە. پێویستە ڕەوشت گرنگی بە حەزو ئارەزوە دیاریکراوەکان و بەرژەوەندی مرۆڤە ڕاستەقینەکان لە جیهانی ڕاستەقینەدا بدات، نەک بە ڕوتکردنەوە لە جیهانێکی ڕوتەڵدا.

دیۆی لەمەش تێپەڕی، بەتایبەتی شێوازی بیرکردنەوەی ئامرازیانەی گرێدا بە گەشەی دیموکراتیەوە لە ئەمریکا. تێڕوانینی ڕەوشتی خۆی بە ئاراستەی فەلسەفەی دیموکراتی لیبڕاڵی دەبینی و بۆ دیۆی مانای دیموکراتی، تەنها یەک شێوازی حکومەت بوو، حوکمی خەڵک بەسەر خەڵک و بۆ خەڵک. دیموکراتیەکی لیبڕاڵ ئەو توانایەی بە ئەندامانی دەدا، بۆئەوەی ئازاد بن،

تێکەڵی یەکتر بن و ژیانی خۆیان بەپێی ئەزمون و تاقیکردنەوە پەروەردە و باشبکەن. ئەمە ئەو هەلەی بە ئەوان دەدا، کە لەپلەی مرۆڤبووندا گەشە و شانازی بکەن، ئەزموونەکانی خۆیان بەرەو پێش ببەن و تواناکانی خۆیان وەک تاک بدۆزنەوە و بیهێننەدی.

سەرجەمی ئەمانە دەریخست، کە فەلسەفەی کلاسیک چەندێک بەلاڕێدا رۆیشتوە. ئەو کاتەی پراگماتیزم بنەما و دەرەنجامە نمونەییەکانی جیهان بینی، خۆی فێردەبێت، هێشتا فەلسەفەی کلاسیک لەسەر سوننەتی خۆی مابووەوە، هێشتا عەودالی ئەو نهێنیانە بوو، کە گرنگی پێدەدانە، لەبەرئەوەی نەیدەویست لێکیبداتەوە کە ئەمانە لەکوێوە هاتون و پشت بەکام گریمانانە دەبەستن. دێوی جەختی لەسەر هێرشکردنە سەر ئەم گریمانانە دەکردەوە و ئەو سەرەتایانەی هیچ ئەنجامێکیان لێ بەدەست نەدەهات، پشتگوێی دەخستن. بۆ ئەمجۆرە چییە بێ سودانە لە فەلسەفەیەکی کرداری و بەکارهێنانی راستیدا جێگەیەک نەبوو.

نیگای دێوی بۆ بابەتی کلاسیکی جەستە – دەرون ،نمونەیەکی بەرجەستەیە. فەیلەسوفە

کلاسیکەکان پێداگریان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەم پەرسیارە بێ وەڵامە بکەن: دەرونی نابەرجەستە، چۆن دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەرونی بەرجەستەی جەستە دروستبکات؟ دێوی گرنگیدەدا بە بنەمای ئەم پرسیارە، واتە وێنای ناخی دەرونی مادی (بەرجەستە). ئەو وتویەتی (ژیان، هەست، ئەندێشە هەرگیز روداوی فیزیکی نین)، هەروەها (مادە لە زانستی سروشتیدا، راستیەکی دیاریکراوی هەیە. شتێک نیشاندەدات کە دەتوانرێت بە ئاماژە بیرکارییەکان بەیانبکرێت)، بەڵام (ناتوانرێت واتایەکی دیاریکراوی مادە، کە لە زانستی سروشتیدا هەیە لە فەلسەفەدا بەیانبکرێت.) لەدرێژەدا دەڵێت ئەگەر مادە بێجگە لە واتا تەکنیکییە زانستیەکەی لە فەلسەفەدا لێکبدەینەوە، بەبڕوای ئەو، ئەم لێکدانەوەیە پێویستە دیاریکردنی پەیوەندییەکە کرداری بێت، نەک دیاریکردنی پێکهێنەر و بنەما، لەبەرئەوە پرسینی ئەوەی کە چۆن دەرونی نابەرجەستە دەتوانێت کاریگەری لەسەر جەستە دابنێت بێهودەیە. دێوی بەتەواوی ئەم پەیوەندیە رووندەکاتەوە. هەموو بابەتێک بەناوی (جەستە – دەرون) بە کورتکردنەوەی

هەر بابەتێک بۆ دۆخی نمونەیی و کرداری، کە تێیدا رودەدات و ئەوەی شایەتی رودان نین، کۆتایی پێدێنێت.

رقی دێوی لە دوانەیی و گەڕان بۆ ئەو رێگایانە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو ناهەمواریانەدا، هێشتا دەنگدانەوەیەکی غەریبە لە دیالێکتیکی نیو هیگڵیدا، بەڵام لە بری ئەوەی ئەمجۆرە بابەتانە لە رێگەی میتافیزیکی و تیۆرییەوە چارەبکات، پێداگری لەسەر وەڵامێکی زانستی کرداری دەکردەوە. ئەمەش سەرجەم دوانەییە ناسراوەکانی دەگرتەوە. دێوی پێیوابوو ئەگەر لە دیدی کارابییەکی تایبەتیەوە بڕوانین ،جیاوازیەک لەنێوان مرۆڤ و سروشت، تاک و کۆمەڵگە، گیانەوەری زیندو و دەوروبەر، بیر و کار، ئامانج و ئامراز، یان راستی و بەها نییە. رەوشت، دەرونناسی، کۆمەڵناسی، ژینگەناسی، سیاسەت: دەتوانین سەرجەمی ئەمانە بەهۆی ئامرازگەرایی ئەوەوە لێیانبکۆڵرێتەوە و گرفتەکانیان چارەسەربکرێن. ئەم تێڕوانینە بڕوای بە سەرجەم بەردەوامی یەکدەستبوونی نێوان هەموو ئەوانەی مرۆڤایەتی دەیناسین، هەبوو.

ئەم بابەتە لۆجیکیشی دەگرتەوە. دێوی

لۆجیکی بە تیۆری لێکۆڵینەوە دادەنا. بۆ ئەو لۆجیک شێوازێکی روتکردنەوە نەبوو، کە راپۆرت و شیکردنەوەی گشتی کردارەکانی ئەندێشەی مرۆڤ بێت، لەو بابەتانەی کە بۆ چارەسەرکردن پێشکەشیدەکردن، لە زانست یان ژیانی رۆژانەدا، بەدەرنەبوون. پێویستی تایبەتی دیوی بۆئەوەی ئەم دوانەییانە نەهێڵێت، چوارچێوەی دەروونناسی بەم لۆجیکە دا.  لۆجیک باوەڕی، ئامرازی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە بەمەبەستی چارەسەرکردنی دۆخی نیگەرانکەرەو بەشێوەیەک خۆشحاڵکەرە. خاڵی پێویست لە بابەتی مەبەستداردا لێکۆڵینەوەی ئاگایانەیە. لە تاقیگە و حکومەتدا ئەم شێوازە تاکە بەکاردێت.

بنەمای ئەم تێڕوانینەی ناسین، تێگەیشتنی (هەڵەبوونی Fallibilism) دیۆیە. ناسینی تەواوبوونی نییە، بنەما و یاسای جێگیری نەمر لەبەردەستدا نییە. پێویستە هەموو شتێک فێربێت، بۆئەوەی هەڵەکانی رونبێتەوە. بەمشێوەیە ناسین لەسەرجەم بوارەکاندا بەرەو پێش دەچێت. لێرەدا بە ئەنجامی (تیۆری ناسین)ی دیوی دەگەین، وەک ئەوەی بینیمان، سەرجەم بوارەکانی هەولا

و تەقەلاکانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بەڵام ئەمشێوازە، ئەم لۆجیکی کارکردنە، ئەمشێوازی پێشکەوتنی دانایی و زانین، ئەمە بەپێی تێگەیشتنی دێوی خۆی (لێکۆڵینەوە) چییە؟ لێکۆڵینەوە، واتە ئاڵۆزاندنی کۆنترۆڵکراو، یان ڕێنماییکردنی دۆخێکی نادیار بۆ دۆخێک، کە تێیدا تایبەتمەندی و پەیوەندییە پێکهێنەرەکانی ئەوەندە دیارن، کە پێکهێنەرەکانی دۆخی سەرەتا بەشێوەی یەک گشت دەردەخات) ئەو باس لە چی دەکات؟ بۆ دۆزینەوەی ئەم راستیەش پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەکات. مەبەستی چییە؟ بە وتەی خۆی (لێکۆڵینەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئاڵۆزیە نمونەییەکانی دۆخێکی نمونەییە.) واتە (هەوڵدان بە مەبەستی ئۆرگانیترکردنی جیهان)). ئەنجامەکەشی نەک راستی روتەڵی بێ کات، بەڵکو ئۆرگانیکە گشتییەکانە.

لە ئەنجامدا ئەمە شتێکی زیاتر لە ئەزمونگەرایی شێوازی زانستییە؟ دێوی ئەوە پەسەنددەکات، کە (بۆچونی من بۆ ئەزمون، هەروەها بۆ شێوازی ئەزمونی، سروشتگەرایانەیە) واتە جەختدەکاتەوە کە ئێمە سەرجەمی ئەزمونەکانمان لە جیهانی

سروشتیەوە نەک شتێکیترەوە وەردەگرین. پێداگری ئەو لەسەر ژینگەناسیە. (ساڵەکان ... لەو باوەڕەدابووم، کە کلیلی تیۆری فەلسەفە لە ئەزموندایەو پێویستە سەرەتا لە گرێدانی ئەو لەگەڵ پرۆسەو کاراییەکانی ژیان، وەک ئەوەی لە زانستی ژینگەناسیدا دەردەکەوێت، فەراهەمبکرێت)، هەروەها ئەوە روندەکاتەوە: (بەشەکانی ئەزمون.... بە بەهاوکرداری زیندوی ئۆرگانیزم و دۆخی دەوروبەر دروستدەبن) هەروەها پێیوایە (خۆپەسەندی، بکەری کار، هۆکارێکە لە ئەزموندا)

بەڵام ئەم بێمتمانەییەی دیۆی، بە راستی ناتوانێت بەسەر بابەتی سەپاندن لەڕێگەی ئەزموونی بینراوی تایبەتیدا سەرکەوێت. ئەمە تەنها بە جێگیری دەکرێت: بە هەڵێنجان لە رێگەی دوبارەبوونەوەی روداوە تایبەتیەکانەوە، تا بنەمایەکی گشتی بەپێی جێگیری. ئەمجۆرە بنەما گشتیانە، تا زیاتر دڵنیاکرابنەوە، زیاتر بەهێزدەبن. بۆ نموونە دەبینین مانەوەی ماوەیەکی زۆر لەبەر تیشکی ناوەکیدا بکوژە– هەرچەندە ناتوانرێت دڵنیا بین لەوەی ئەزموونی دواتر پێچەوانەی ئەم بنەمایە

نابێت. لەراستیدا هیوم فەیلەسوفی ئۆسکەتلەندی سەدەی هەژدەهەم رونیکردۆتەوە کە دڵنیاترین جێگیری ناچارە پشت بە راستیەکی میتافیزیکی ببەستێت، کە هەرگیز ناتوانرێت تاقیبکرێتەوە، واتە بۆ پەسەندکردنی جێگیریی، پێش هەموو شتێک پێویستە باوەڕ بەوەبکرێت کە (داهاتوو وەک رابوردو دەبێت). هیچ ئەزمونگەراییەکی تەواو ناتوانێت بەم دەروازەیەدا تێپەڕێت. دێوی دەیویست ئەم خاڵە لەبەرچاونەگرێت، ئەویش بەو هۆیە سادەیەی کە زانست، ئەزمونی رۆژانەی ئێمەیەو ناسین و هاوشێوەی ئەمانە، ناچارماندەکەن گرێدراوی و هاوتەریبی ئەزمونەکان قبوڵابکەین. ئەمەش یەکێکیترە لەو شێوە بابەتانەی فەلسەفەی کلاسیک، کە لەبری رونترکردنەوەی ئەزمونەکانی ئێمە، لێڵتریان دەکات. پێویستە ئێمە باوەڕ بەتەریبی ئەزموون لەگەڵ ئایندەدا بکەین.

دێوی پێیوایە فەلسەفە بریتییە لە دەسەڵاتی یاسادانانی و کاریشی ڤیتۆی بەهای ئێستا بکات و پێشنیاری بەهای نوێ بکات، لەپێناو گۆڕانکاری لە ژیاندا، لەگەڵ راڤەکانی ئەنجامەکانی زانستدا.

فەلسەفەی دێوی فەلسەفەی پارگماتییە و

ئەم فەلسەفەیە لەسەر بنەمای سێ فەیلەسوفی ئەمەریکی (پێرس، ولیام جیمس، جۆن دیۆی، ناسێنراو لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستیدا دەرکەوت، بنچینەی زمانی وشەکەش دەگەڕێتەوە بۆ وشە یۆنانییەکە (PRAGMATIC) واتە کار، چالاکی و کردار( )، مدلولە لەزاراوەییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پرس و ئەویش لە کانتەوە وەریگرتوە، چونکە لە کتێبی (میتافیزیکیای ئاکار)دا جیاوازی لەنێوان ئەوەی پراگماتییە و ئەوەی کارەکییە کردبوو، بەوەی ئەوەی وایکردووە بەسەر یاسا ئاکاریەکاندا لەروی زانستییەوە جێبەجێببێت، بەسەر یاسا هونەرەکانیشدا لەروی پراگماتییەوە جێبەجێبکرێت.

کارگرایی (پراگماتی) ریبازێکە مەبەست لێی لای پێرس وا لەکاری بەرهەمهێنەرەکان، ببێتە پێوەری راستی، نەک بیرە تیۆرییە پەتی و تێڕاماتییەکان، لای جیمس پێوەر راستییە لەبری بەرهەمی گشتی.

جۆن دیۆی هەوڵیدا ئاڵۆزی لە دەوری وشەی پراگماتی دابماڵێت، بۆ ئەم مەبەستەش هۆکار دروستکرد (IN STRUMETALISM) ئینسترو

منتالیزمی بەرهەمهێنا، وەک ئاراستەیەکی پراگماتی تایبەت بەخۆی، بەمەش پارگماتی ئەنجامەکانی وەک ئەزمونی پێویست بەرکادەهێنا بۆ وەستاندنی راستی دۆزەکان، بۆئەوەی کارەکان جێبەجێبکرێن، چونکە پێداویستییەکان دەبنەهۆی چارەسەری کێشەکان.

کاریگەربوونی دیوی بە پێرس، یان جیمس، ئیدی لە دەروونناس، یان ئاکاردا بێت ئاشکرابوو، چونکە پێرس پراگماتی لە بیرەوە بۆ کاری خستنەڕوو، ئەمەی لێوەرگرت، لای ولیام جیمسیش بیر ئامرازێکە لە پێناو هەموو کارێکی بەسوددا، بەمەش فەلسەفەی پراگماتی خۆی بنیادناو ئامانجیشی:

1.فەلسەفە ئامرازێکی کارایی بۆ راڤەکردنی روداوەکان و هاوکاری خەڵکی بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

2.پێویستە فەلسەفە جێکەوتەی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و خواستەکانی کۆمەڵگە، کە واقیعەکە داوایدەکات، بە جێبگەیەنێت، بەبێ ئەمەش فەلسەفە بەهایەکی نییە، ئیدی راستی عەقڵیشی هەر چەندێک هەبێت.

بەپێی فەلسەفەی دیۆی، فەلسەفە روانینێکە هەوڵ بۆ ئازادکردنی عەقڵەکان دەدات لە حەزەکانی، لەگەڵ کاڵکردنەوەی دڵەراوکێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کارنامەی دیاری فەلسەفە، رەخساندنی بزوتنەوەیەکی زانستی وەک زانستی گەردووناسی، فیزیایی، مێژوویی.... تاد، یان ئامانجی گۆڕینی واقیعە، گۆڕینێکی بیری و کارەکی، بەشێوازێک گونجاوبێت لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی، کە ژیان بە خۆیەوە دەیبینێت.

کارنامەی فەلسەفە لای پیرس، دانانی ماناکانە بۆ جیهان، کە لەگەڵ حەزی تاکەکان و وەڵامدانەوەیان بۆ ژینگەکەیان گونجاوبێت، بەڵام ولیام جیمس پێیوابوو کێشە فەلسەفییەکان لە ژیانی خەڵکیدا بایەخی خۆیان هەیە، چونکە هەمەجۆری رەوشت بەرهەمدەهێنێت، لەبەرئەوە پێویستە فەلسەفە بخوێنرێت، بۆئەوەی بیرکردنەوەیەکی دروست و تەواومان بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە هەبێت، دواتر دیۆی لەبارەی فەلسەفەوە، چەند هەڵویستێکی وەرگرت:

1.دیۆی دەڵێت دەبێت فەلسەفە لە سروشتەکەی

خۆی بگۆڕێت و سورشتێکی کارەکی پێ ببەخشرێت، واتە کارایی و ئەزموونی پێبدرێت، نەک هەر لە بەرگی نمونەیی و واقعییدا بمێنێتەوە.

2.پێیوایە فەلسەفەی پێرس لە بنچینەوە پەیوەستە بە کارو رەوشتی مرۆڤەوە، پێویستە ئەوانەش لە کاردا لە توانای جێبەجێکردندابن، چونکە ئەنجامەکە زامنی ماناکانە.

3.دیۆی پەروەردەدا جەخت لەلایەنی جێبەجێکردنی فەلسەفە دەکاتەوە لە.

دیۆی لە فەلسەفەکەیدا پشت بە میتۆدی نرخاندی رەخنەی ئەزمونگەری دەبەستێت، چونکە فەلسەفە پرۆسەیەکی بونیادنانی بەردەوامە بۆ ئەزمونی مرۆڤایەتی.

دیۆی لە تیۆری زانست و زانیاریدا، دوانەیی دژی لەنێوان عەقڵ و جیهانی واقعیی هەستپێکراودا رەتکردەوە، چونکە جیهان هەر ئەوە نییە، کە میسالییەکان دەیبینن، بەڵکو لە هەموویەتیدایە کە مرۆڤ سروشت و کارلێکە بەردەوامەکەی دەگرێتەوە بە بەردەوامی.

دیۆی پێوایە جیهان چەندییە، چونکە چەند جیهانێک هەن و جیاوازن، ولیام جیمیش لە ساڵی

1907 لەبارەی کێشەی فەلسەفەوە کە لەبارەی (تەنهایی، و چەندیەتی)، و تەنهایی هاوواتای جیهانی بێگانە شوێنی تێدانییە بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، نە ئیرادەی ئازادی تێدایە( ).

جیهانیش لەروانگەی چەندیەتییەوە لەگەڵ ئازادی مرۆییدا گونجاوە ، ئامانجی گەردونیش کۆتایی، و دیاریکراوی پێش وەختی نییە، بەڵکو ئەنجام کارلێکی بەردەوامە لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا، یان لەنێوان بوونی گیان و جیهانی واقیعی جوڵاودا.

دێوی پێیوایە تیۆری مەعریفە و روانینی ئاکاری و لۆژیکی، بە بنچینەی هەموو کارێکی پەروەردەیی دادەنرێن، ئەفلاتون پێیوایە دەبێت کەسایەتی مرۆڤ، پارێزکاری لە پرەنسیپەکانی نەفسەکانی تر بکات، بۆئەوەی نەفسی عەقڵ پشت بەهێزی تورەیی ببەستێت، لەپێناو ملکەچکردنی هێزی شەهوانی و خواستەکاندا، ئەمەش بۆئەوەیە کە پەروەردە تاکە زامنی گەشتنە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرەو هەموو چینێک پەیوەستدەکات بەو چینەی تێیدا دەژێت، هەرچەندە پەروەردەی ئەفلاتونی رۆحی فەلسەفەی مسیالیە.

ئەرستۆش پێیوایە مەبەست لە پەروەردە ئەوەیە، تاک فێری ئەوەی بکەین، کە لە ژیاندا پێویست و سود بەخشتە، لەپێناو هێنانەدی خۆشبەختیدا، بۆیە عەقڵ بەکاربهێن، لەپێناو بەدەستهێنانی زانست و زانیاریدا.

دیوێش پێوایە پەروەردە پەیوەستە بە سروشتی کۆمەڵایەتییەوەو دەرئەنجامی کارلێکی نێوان غەریزەکان و حەزەکانی تاکە لەگەڵ بارە کۆمەڵایەتییەکەدا.

بە بڕوای دیوی کلیلی فەلسەفە بریتییە لە ئەزمون، چونکە ژیان لە گۆڕان و گەشەکردندایە، بۆیە پێویستە لە پەروەردەدا ڕێگەی فەلسەفی بەکاربهێنرێت بۆ بیرکردنەوە، لەپێناو گفتوگۆکردنی مەسەلە پەروەردەییەکان، هەر بەهۆی ئەمەشەوە فەلسەفە تیۆرێکی گشتییە لە پەروەردە، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەیە دەیەوێت فەلسەفەی پەروەردەی واقعی ژیانەوە ببەستێتەوە، لەڕێگەیەوە کێشە واقعییەکان چارەسەر بکات و پەروەردەش لە سروشتە کلاسیکیەکەی ڕزگار بکات، بۆگەشتێکی گەشەی زانستی.

هەرچی پەروەردەیە لای هێربارت لەسەر سێ پایە وەستاوە، کە بریتیین لە (دەستەمۆکردن (تثقیف)، سیسم، ڕاهێنان) بەڵام دیۆی پێیوایە پەروەردە زۆر لەمە گەورەتر و فراوانترە.

پەروەردە شێوازێکە بۆ ژیان، لەسەر بنەمای کارلێک لە نێوان تاک و ژینگە گۆڕاوەکە بنیاد دەنرێت و پەیوەندییەکەی بە هێز لە نێوان ژیان وەک ئەزمون و کارامەیی بنیاد دەنرێت، لە گەڵ پەروەردەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان لە گەشەی سروشتی مرۆڤ .

جون دیۆی پێیوایە بیروباوەڕی هێربارتییەکان لەوەدا دەسوڕێتەوە، کە ڕقیان لە باری دەرەکییەکە لە شێوازی سیستمێکی فێرکاریدا بە سەر منداڵدا بسەپێنرێت، لەپێناو گەیشتنە ئەنجام، هەروەها هەموو ئەو شتانە ڕەتدەکەنەوە، کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم ئازادی منداڵان لە فێربووندا، بۆیە پێویستە هەلومەرجێک بڕەخسێنرێت، کە لەگەڵ خواست گەشەو و بیرکردنەوەی منداڵدا بگونجێت و گەشەی پێبدات، دوای ئەم هەنگاوەش، تیۆری هەوڵبۆدراو دێت، کە تێیدا جەخت لەسەر ئەو بایەخەی کە بە منداڵ دەدرێت دەکاتەوە، بەڵام دیۆی پێیوایە

ئەم تیۆرەش کەموکورتی هەیە، چونکە خۆی لەگەڵ خۆیدا دژە، چونکە ناتوانرێت هیچ جۆرە چالاکییەک دووربخرێتەوە، هەر ڕەوشێک لەگەڵ گرنگی و بایەخدانەکەی پێچەوانەنابێتەوە، بەڵکو هەریەکەیان ئەوەی دی تەواو دەکات.

دیۆێ پێیوایە بنچینەی گۆڕانی بیداگۆجی(فێرکاری)یە، چونکە شوێن و پێگەی چالاکی بیرە پەروەردەییەکانە، یاخود ناوەندێکە دەتوانێت تاکێکی هاوچەرخ و دیموکراسی بەرهەمبهێنێت، جگە لەمەش قوتابخانە لە پەروەردەی پێشکەوتوودا، دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە و نوێنەرایەتی بەردەوامی ژیانی حاڵی دەکات ، بەمەش کۆمەڵگەیەکی بچوکەو کارلێک لەگەڵ کارامەییە کۆمەڵایەتییەکەی دەرەوەی دیواری قوتابخانەوە دەکات، منداڵ لە پەروەردەی نوێدا، چەقی کاری پەروەردەییەو بابەتی خوێندن، نابێت تەنها کلتوربێت، بەڵکو کارامەیی رابردوەو دەبێت لە واقعی کاردا راکتیزە بکرێت.

پراکماتی واتە سەرکەوتنی کار تاکە پێوەری ڕاستییە، کاری پراکتیکیش تاکە دیاریکەری

بنچینەییە، لەگەڵ گەیشتنە ڕاستی مەعریفەدا، لە پەروەردەشدا وا سەیری فێرکاری دەکات، کە کائنێکی زیندووە و کارلێک لە گەڵ ژینگەدا دەکات و کارامەیی جۆراوجۆر و باش بە دەستدەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی کرداری کارامەیی بە دەستهاتوو، لەم کارلێکە بەردەوامەشدا، هاوکاری تاک دەکات بۆ بەدەستهێنانی کیانی کۆمەڵایەتی خۆی، هەر وەک چۆن کیانی تاکی بەدەستهێناوە، چونکە کارلێک حەزە تاکیەکان بەرەو ژینگەی دەرەکی دەبات.

ئەگەر پەیڕەو بریتی بێت لەکۆمەڵێک (ڕاپەڕاندن ڕێگەیە لەپێناو گەیشتنە ئەنجام)، کارامەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کومەڵایەتییەکەی خوێندنگە بۆ قوتانیەکانی ئامادەی دەکات لە ناوخۆ و دەرەوە دا.

لە ڕاستیدا کارامەیی بیرکردنەوەیی، بنچینەی پەیڕەوی پەروەردەییە، بە مانایەکی تر خبرە بنچینەی هەموو تێڕوانینە بیرییەکانە، لە ناویشیاندا پەیڕەوی پەروەردەی نوێ، چونکە هۆکاری سەلامەتی پەیڕەوەکەیە، بۆیە هێزی بیرکردنەوەیی لای دێوی بریتیە لە:

1.بیرکردنەوەی پەیوەست بە کارامەییەوە، هۆکاری فێربوون و گەشە و پێشکەوتن و چارەسەری کێشەکانە.

2.کارامەیی بیرکردنەیی، هۆکارێکی نا سەربەخۆیە لە کێشەکانی ژیان، بەڵکو پەیوەستە بە بارەکەیەوە .

دێوی دوو جۆر باوەڕی (باش) و (خراپ) ی پەسەنددەکرد. ئەمانە راست یان درۆ نین – شتێک کە ناتوانین لەسەری بوەستین. بەپێی ئەو کاریگەرییەی لەسەرمانهەیانە، روانینمان بۆ یەکێک لەم دوانەیە. ئەگەر بۆ کرداری پڕ بەرهەم ڕێنماییمانبکەن باشن. بەپێی ئەم تێڕوانینە پێشکەوتوە لەناسین، ئایدیاکانیش دەتوانن بابەتەکە بگۆڕن. لە راستیدا ناچارن وابکەن. ئایدیاکان باشترن لەوانەی جێیانگرتنەوە، بەڵام بەباشی ئەوانە نین، کە جێگەی ئەو ئایدیایانە دەگرنەوە. ئایدیایەکی راستی جێگیر و نەگۆڕ بوونی نییە.

برتراند راسڵەم هەڵێنجانەدائاماژەی بە کەموکورتییەکی گرنگ کرد. ئێمە بەرامبەر ئەوەی لە مێژودا رویداوە، دید و ئایدیایەکمان هەیە. بەبۆچوونی دێوی ئەم روداوانە بەپێی کاریگەریان

لەسەر ئاکاری ئێمە باش یان خراپ دەبن. راسڵ ئاماژە بەوە دەکات، کە مێژونوسان زیاتر تیشک دەخەنە سەر ئەوەی، ئەو روداوە بەراستی رویداوە، نەک کاریگەری ئەو روداوە لەسەر ئاکاری ئێمە. دواتر ئەو بەنموونەی خوارەوە هەڵوێستی دێوی نیشاندەدات. لە من دەپرسن (ئەم بەیانییە قاوەت خواردوەتەوە؟) پێش وەڵامدانەوە، پێمخۆشە لەبارەی راستی وەڵامەکەوە بیربکەمەوە، نەک کاریگەریەکەی، بەڵام ئەگەر ئەم یەکەش هەڵبژێرم، ناتوانم دڵنیابم کاریگەریەکەی چی دەبێت. ناتوانم پێشتر دیاریبکەم وەڵامەکەم ئایدیایەکی (باش) یان (خراپ)ە. دێوی بە چاوپۆشی لە تێگەیشتنی راسڵ لە تیۆری پێشکەوتی ناسینی خۆیدا، لێرەدا ئێمە بێ ڕێنمایی جێدەهێڵێت. ئەگەر ئێمە ناتوانین پێشتر لێکیبدەینەوە،ئیدی ئایدیاکانمان باشن، یان خراپ، چۆن دەتوانین لەنێوانیاندا هەڵبژێرین؟

لەبارەی (تیۆری رەوشت)ی دێوی، دەتوانرێت رەخنەی هاوشێوە بگیرێت. لەوانەیە ئێمە پەسەندیبکەین، کە باشەی ئاکاری و دڵنیایی بێ مشتومڕ بوونی نییە، بەڵام ئەوەش بەو واتایە نییە، ئێمە هەموو شتێک بەپێی باش و خراپی

هەڵدەسەنگێنین. ئێمە دەتوانین ئەوەی کە راستە هەڵیبژێرین، ئەگەر بزانین کاریگەری خراپیشی دەبێت. لەوانەیە بۆ پاڵەوانەکان لە چوارچێوەی پراگماتیزمی جیهانی زانستی مۆدێرندا جێگەیەکی کەم هەبێت، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە، کە پێویستە خۆ لەهەوڵدان بۆ شیکردنەوەی ئەمجۆرە شتانە بدزرێتەوە. مرۆڤ کە بەهۆی خێرێکی میتافیزیکیەوە کاردەکات و بەهۆی ئەم کارەیەوە کاریگەریەکی زیانبەخش لەجیهانی مادیدا دروستدەکات، درکی پێناکرێت. ئەگەر رقمان لە سیستمی بڕوای ئەویش بێت، سیستمی فەلسەفی ئێمە پێویستە عەوداڵی تێگەیشتنی بێت. ئەگەر وانەکات کەموکورتی هەیە و کاریگەریەکەی لەوانەیە بە خراپی ئەو ئایدیایە بێت، کە دژیەتی. لەوانەیە دیوی موشتاقی ئەوە بێت، کە ئەمجۆرە دوانییە پێچەوانانە چارەسەربکات، بەڵام ئەمکارە بەهۆی ئامرازی پراگماتیزمی بەو شێوەیەی ئەو پێشنیاریدەکرد، ناتوانرێت ئەنجامبدرێت.

زۆرێک لەوانە دیوی ئەو رەخنانەیان لەبارەی جێگیری و بەئەنجام گەیشتنی پراگماتیکیان بەو شێوەیە بە زیانبار نەدەزانی. کارایی زانست –

شێوازی زانستی – بەچاوپۆشین لەمجۆرە رەخنە لاوەکیانە، بەرەو پێش چوو. ئەمجۆرە رەخنانە وەک ئەوەی تایبەتن بە رابوردو، یان مرۆڤە ترسنۆکەکان لەبەرچاو نەگیران. دەبوو زانست بمێنێتەوە، رۆژگاری فەلەسەفەی کلاسیک روو لە کۆتا بوو، نهێنییەکانی چووبوونە مێژووەوە، بەڵام هەڵەیەکی گەورەتر لەبارەی بیرکاریەوە دەرکەوت. فەیلەسوفی هاوچەرخ (دەبلیو. تی. جۆنز) دەڵێت (یەکێک لە پێویستییەکان تاقیکردنەوەی سەرجەم شیکاری دیوی لە گرنگی و پێگەی بیری بیرکاریدایە) لەولایەنەوە کە بیرکاری بنەمای سەرجەم تێڕوانینی زانستی مۆدێرنە، لێرەدا بۆ (تیۆری زانستی ناسین)ی دێوی مەترسیەکی زیاتری هەیە. بابەتی بیرکاری و پێگەکەشی دووبارە وەک یەکێکیتر لە نهێنییەکانی فەلسەفەی کلاسیکە، کە دێوی نەفرینی دەکردن. سادەتر بڵێین: ئایا بیرکاری بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە بیری ئێمەدا هەیە، یان بەتەواوی (هی ئێمەیە؟) دێوی جەختی لەسەر دووەم دەکردەوە. تێگەیشتنە بیرکارییەکان، بێجگە لە ئامرازەکانی تێگەیشتنی ئێمە، کە لە کارکردندا بەکاریاندێنین، نییە. بەدەر

لە بەکاربردنیان بوونی نییە. بیرکاری تەنها لەروی وردی زۆرییەوە لەگەڵ کارکردنەکانیتردا جیاوازە.

سەرەتاترین و ئاشکراترین رەخنەی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە، کە بیرکاری (وردبوونەوەی زۆری)نییە – راستە. ئەوەی کە بڵێین 2/00000001 = 2+2 لاوەکییە، بەڵام هەڵەشەیە ( ئەمە دەریدەخات کە شتێک بەناوی (راست) لە ناسینی ئێمەدا هەیە)، هەروەها بەچاوپۆشین لەوەی کە ناسینی ڕێژەیی ئێمە چەندێک پێشکەوێت، هێشتا بە هەڵەیی دەمێنێتەوە. دێوی بۆ چارەسەرکردنی ئەم رەخنەیە شیکردنەوەیەک پێشکەشدەکات. لەنێوان (چالاکییەک کە بە ئاشکرایی ئەنجامدەدرێت) و (ئەو چالاکییەی بەروکار ئەنجامدەدرێت) جیاوازی دادەنێت. سەرنج لەوە دەدات، کە لە مێژوی مرۆڤایەتییدا (کاتێک سومبولی تایبەتی دوور لە نەبوونی پەیوەندی نێوان وشەکان دروستبوون، کە بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی، نەک فکری پەیدا ببوون، هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش نرا) ئەمجۆرە سومبولانە (بەدەر لە کارایی راستەوخۆی ئاشکرا و بەسەرنجدانە یەکتر دەخرانەروو)

بەڵام دێوی دەڵێت ئەمکارە بە لێکۆڵینەوەیەک دەگات، (بەدەربوون لەهەر بەکارهێنانێکی تایبەت، وەک ئاسانی یەکسان بوون بە بەتاڵبوون بە واتای وردی وشە دادەڕێژرێت) بەبۆچوونی دێوی ئەم هەنگاوە (بنەمای ئەو تێڕوانینە بت پەرستانەیەیە لە گشت کە بە دەگمەن لە مێژوی مرۆڤایەتیدا دەیبینین) خەڵکی وردە وردە لەگەڵ ئەم ئایدیا گشتیانە وەک بوونەوەری راستەقینە کارلێکیانکرد.

ئەو کاتە دێوی رایدەگەیەنێت، کە جیاوازی راستەقینە لە نێوان (کاری نمونە و ئەگەر)دایە. تێڕوانینی کۆتایی چاودێر بەسەر (پەیوەندی لۆجیکی ئەوان لەگەڵ یەکتریدا)یە. ئەمە (ئەو هەلانەی بۆ چالاکیەک فەراهەم دەکرد، کە بەشێوەی راستەوخۆ هەرگیز ئەنجامنەدەدرا) لە راستیدا بەمشێوەیەیە کە بیرکاری ڕێگەچارەی کرداری داهێنەرانە دەڕەخسێنێت، بەڵام دواتر ئەو جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا (بنەماو واتای دواتر لە کردارێکدا شاراوەیە، کە چاودێری دۆخە لێکدراوەکانە) لەهەمانکاتدا کە لە رابوردودا پەسەندی ئەوەی

کردوە، بەکارهێنانی بیرکاری بنەڕەت (ئایدیا کورتکراوەکان، گشتی، ژمارەکان) (هەل بۆ چالاکی دەرەخسێنێت)، بەڵام زۆربەی ئەم چالاکییانە کاراییان نییە. لە ئەنجامدا دیۆی رایدەگەیەنێت، کە (ئەستەمییەکان و ناسازگارییەکان کە لە لۆجیکی ژمارەکاندا دەبینرێت، کاتێک نامێنێت کەلەجێگەی بە گرنگدانانی ئەوان،یان تایبەتمەندی ئەو شتانەی هەن و زانینیان، ئەوان بەهەڵبژێردراو بۆ چالاکییەکان و بەکارهێنانە بەهێزەکان بزانین) بەواتایەکیتر شاراوەترین بیرکاری، کە ناتوانرێت جێبەجێبکرێت، نابێت لە لێکۆڵینەوەیەکی کورتکراوەی بیرکاریدا دابنرێت، بەڵکو پێویستە لە ئەگەری ڕێکخستنی بەکارهێناندا دابنرێت. بەمشێوەیە یان لە بنەڕەتدا، یان بیرکاری بەکاردەهێنرێت، یان هیچ نییە. رۆژێک بۆ تەنهایی روکار کاراییەک دەردەکەوێت، لەبەرئەوە شێوازێک بۆ بەرکەوتن لەگەڵ نمونە کرداریەکان، نەک بەکارهێنانی تەنهای ئایدیا گشتیەکان دادەڕێژرێت.

لێرەدا ئەنجامی دیۆی لەگەڵ دیدی تەواوکاری کە بیرکاری ناسانی گروپی (بوربکی) لە بیرکاری هاوچەرخی فەرەنسیدا خستویانەتە

روو بەراورددەکەین، وەڵامی ئەوەی بۆچی بیرکاری بەو وردی و شێوە سەرسوڕهێنەرە لەگەڵ جیهاندا گونجاوە و لەگەڵ ئەو دۆزینەوە ئاڵۆزانەی دەدۆزرێنەوە، هێشتا دەگونجێت؟ بەبۆچوونی ئەندامانی گروپی بوربکی بیرکاری لەگەڵ جیهان دەگونجێت، چونکە هەوڵدەدات سەرجەم ئەگەرەکان شیبکاتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە جیهان بەناچاری تەنها ژمارەیەک لەوانەی لەخۆ گرتوە.

هەروەها دێوی ئەوەشی دەخستەروو، کە (پانتایی بیرکاری پانتاییەکی جیاواز لە پانتایی فیزیکی و ئەزمونی نییە)، بەڵام جیاوازە. پانتایی بیرکاری بێ کۆتا دابەشدەکرێت. ئەمە لەگەڵ دوا تاقیکردنەوەکانی فیزیک بەراوردبکەین: ئەم لێکۆڵینەوانە بوونی تۆڕێکی هەوری بێ کۆتا بچوک بەشێوەی بوونەوەرە کۆتاکان بە حاشا هەڵنەگر دەزانن، هەروەها راستی کۆتایی تۆڕە هەورەکان گوایە یانزە چوارچێوە دەگرێتەوە. لەلایەکیترەوە پانتایی بیرکاری، دەتوانێت چوارچێوەی بێ کۆتا لەخۆبگرێت. لێرەدا وتەی ئەنیشتاین لەبارەی گرنگی بیرکاری شایانی

باسکردنە: (یاسا بیرکاریەکان تا ئەو شوێنەی ئاماژەن بۆ راستی، جێگەی مشتومڕە و تا ئەو شوێنەی کە تەواوە ئاماژە بە راستی ناکات.) تەواوی و حاشاهەڵنەگری بیرکاری هیچ کاراییەکی لە راستیدا نییە و هەرگیزیش ناتوانێت هەیبێت.

بوونی ئەمجۆرە راستییە تەواو بیرکارییە لەگەڵ کارایی باوەڕی دێوی جیاوازە و دەتوانێت تەواوی (تیۆری زانستی ناسین) بەراستی ئەو دەخاتە مەترسیەوە. لەوانەیە بڵێین ئێمە لە سەردەمی زانستدا دەژین، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە زانست بەو واتایەی دەیناسین بەردەوام پارادایمی (نمونەیی) شێوازی بەدەستهێنانی ناسین دەبێت. وتنی ئەوەی کە لێرە بەدوا هەر سەردەمێک زانستێک دەبێت گریمانەیەکی بێ پاساوە لەبارەی ناسینی مرۆڤایەتی ئێمە. لەوانەیە زانست کۆمەڵێک شتی بۆ وتن هەبێت، لەکاتێکدا فەلسەفەی سوننەتی ئەوەندە وتەی بەنرخی پێ نییە بیڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفە بە واتای فەلسەفە هێشتا قوڵتر لە زانست دەبێت. بۆچی؟ چونکە هەوڵدەدات بیر لە ڕەگ و ریشەی ناسین بکاتەوە، ئەو گریمانانەی کە ناسین

پشتیان پێدەبەستێت، خوازیارە لە دۆزینەوە نمونەییەکانیدا هەڵوێستە بکات و لەمشێوازانە. زانست تەنها ناوەڕۆکە. کاتێک فەلسەفە دەپرسێت، ئایازانست لەبنەڕەتدا شتێک کە ناسینی دڵنیاکەر و تەواوی هەبێت، دۆزیوەتەوە؟ خۆی لەبەرامبەر سەرزەنشتی تێگەیشتنی بەرامبەر دادەنێت، بەڵام ئەمجۆرە پرسیارانە پێویستە بخرێنەڕوو. فەلسەفە وەک پارتی ئۆپۆزسیۆن لە دیموکراسیەکدا رۆڵی سەرەکی لێرەدا دەگێڕێت. مێژوو شایەتی نقوومبوونی سەرجەم ناسینەکانی مرۆڤایەتی لە دەریای گوماندا بووە. زانستەکانی وەک جادو، ئەستێرەناسی، گەردونناسی، کە لەسەردەمی خۆیاندا، ناوەندی ناسنامەی مرۆڤایەتی بوون. لەم دواییانەدا (مردنی خودا) مرۆڤایەتی ناچار کرد روبکەنە لێکۆڵینەوە لەسەرجەم سوننەتی رۆژئاوا. ئەم گەنجینەی زانستە لە گرنگترین بیرکردنەوەی زانستی لە بەشێکی زۆری هەزار ساڵەکانی روخسار وەرگرتن و تەواوبوونی پێکهاتەی مرۆڤی پێشکەوتوی رۆژئاوا، تێپەڕی. ئەگەر مێژو دەڕوات و تێپەڕە، زانستیش پێویستە ئەم پرۆسەیە تێبپەڕێنێت. پێویستە بەردەوام

چاوەڕوانی دەرکەوتنی گومانی فەلسەفی هەبێت. هەوڵدانی زانستی بە دڵنیاییەوە مرۆڤایەتی گۆڕیوە، ڕێگەی داوە تواناکانی لەرادەبەدەر بگۆڕێت. دێوی لە تێبینیکردنی ئەم خاڵە و هەوڵدانی بۆ هاندانی ئەم لایەنگیریە راست بووە. لە هەمانکاتدا زانست ڕێگەی بۆ مەترسیە نوێیەکان هەموارکردوە. هەوڵدانی زانست لە سەردەمی (ڕێگری ناوەکی) بە ئاسانی دەیتوانی بە لەناوبردنی مرۆڤایەتی کۆتایی بێت. هێشتاش دەتوانێت کارێک بکات، مرۆڤایەتی نەتوانێت لەسەر گۆی زەوی ژیان بەسەربەرێت.

لەم هەلومەرجەدا کارایی گەرایی زانستی پێشکەوتوو، کە دێوی بەرگری لێدەکرد، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت بە جۆرێکی مۆدێرنی راستی دابنرێت. دێوی ئەمانە بە شێوەی بابەتە بێ وەڵامەکان دادەنا – ئەوانیتر لە سەدەی بیستەمدا، ئەوانەیان بە هەڵەی زماننناسی، وەهمە دڕندانەکان، بەبێ سود دادەنا. فەلسەفە ئیلهام وەرگرتوەکان لە زانست لە سەدەی بیستەمدا، باسیان لەوە دەکرد کە (نهێنییەک نییە)، بەڵام وەک ئەو پرسیارانەی لەگەڵ نەبوونی وەڵامەکانیان هەبوون، خۆیان

هەزاران باس هەڵدەگرن. پێدەچێت پێویستیەکی تێرنەکراوی مرۆڤایەتی هەیە، ناچارماندەکات روبەروی ئەو چی، یان نهێنیانەی فەلسەفە بینەوە، ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە بپرسینەوە. ئەو بەلارێدابردنە هەوڵدەدات وای دەرخات، کە ئەم پرسیارانە بوونیان نییە و ئەم پێویستیە تێرناکەن.

وەک بینیمان بیرکردنەوەی دیوی بەکارهێنانی زانست بوو. لەگەڵ ئەوەدا بیرکردنەوەی فەلسەفی ئەو لە تیۆری دەروونناسی و فێرکاری ئەودا رۆڵی سەرەکی دەبینی. لەماوەی ساڵانی کارکردنیدا لە زانکۆی شیکاگۆ ئەمانە هەمویان زۆر بەرەو پێش چوون. ئاکاری دەروونناسی ئێمە و پرۆسەکانی فێربوونی ئێمە ناسێنەری پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوە بوون. گومان ئێمەی ناچار دەکرد هەوڵبدەین ئەم گرێیانە بکەینەوە. قەیران عەودالی سەقامگیری، توندوتیژی عەودالی سارێژ، نەزانی عەودالی زانین بوو. ئەمە بەتایبەتی لە بارەی فێرکردن و فێربوونەوە راست بوو، بەبۆچونی دیوی پێویست بوو ئەزمون دەستپێبکات و بەردەوامبێت. فێرکردن و فێربوون تەنها فێربونی وشک نییە، پێویستە پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوەی رۆشنگەر بێت.

ئەمجۆری ئایدیا لیبراڵیانە لە روخساردا زۆر باش بوون، بەڵام دیۆی پێداگری لەسەر کردارییانەی ئەوان دەکردەوە. دیۆی لە گروپەکەی خۆی (فێرگەی تاقیکاری زانکۆی شیکاگۆ) دامەزراند و هێشتا ماوە بە ناوی (فێرگەی دیۆی). لێرەدا بۆچوونەکانی دیۆی شێوازی فێرکردن – پەروەردەی کردارییان وەردەگرت. گرێدانی دەروونناسی منداڵ بە ئەزموونەوە کلیلی بابەتەکە بوو. دەروونناسی ئێمە لەگەڵ شێوازی فێرکردنی ئێمە دیاریکرا. ئەمە نەدەبو پرۆسەیەکی ئاڵۆز و وروژێنەربێت، بەڵکو پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی چالاک بوو. پێویست بوو مامۆستا موشتاقانە منداڵ بۆ بەشداری و هاوڕێیەتی لە سەفەری لێکۆڵینەوەدا هانبدات. ئێمە لە منداڵیدا روبەڕوی جیهانێک دەبینەوە، کە نایناسین. فێرکردن و پەروەردە پێویستە لەسەر ڕێڕەوی پرۆسەی دەروونناسی ئاشنا بون بە ئەم جیهانە ڕێنمایی ئێمە بکات. لە منداڵیدا لە سەرەتای ئەزموونی پەروەردە و فێرکردن بەرامبەر ئەو جیهانەی کە نەماندەناسی کاردانەوەمان چۆن دەبوو؟ پێویست بوو مامۆستا ئەم دۆخەی منداڵ بدۆزێتەوە، یارمەتی بدات

بۆئەوەی بەسەر گومانەکانی بەرهەمی ئەزموونی سەرەتای لایەنە نادیارەکانی جیهاندا سەرکەوێت. بۆ ئەمکارە پێویستە مامۆستایان متمانەی منداڵەکان بەدەستبێنن. نابێت فەرمانیان پێبکەن، بەڵکو پێویستە یارمەتیانبدەن. شێوازی کلتوری ڕێکوپێک و فێربوون وەک توتی، تەنها پێویستی منداڵی بۆ لێکۆڵینەوەو گەڕان کپدەکرد. لەم ڕێگەی بەدەستهێنانی زانست و ناسین، پێویستە مامۆستا هاوسەفەرێکی ڕێنمایی کار، نەک چاودێرێکی توندوتیژ بێت. بەمجۆرە فێرخوازان فێردەبوون چۆن لایەنەکانی توانای خۆیان وەک مرۆڤ بەڕێوەببەن. بەمشێوەیە تێڕوانینێکی گشتگیر لە گەشە مەبەست بوو و برەوی پێدەدرا.

فەلسەفەی پەروەردەی دێوی لە شێوازەکانی پەروەدەکردنی ئەمریکاییدا، شۆڕشێکی بچوکی بەرێخست، بەڵام ئەگەر ژمارەیەک لە پەیڕەوانی سەروخۆی ئایدیاکانی ئەویان بەکارنەدەهێنا، گەورەتر و گشتگیرتر دەبوو. دەرەنجامی ئەم ئازادیە بێسنورە لە پۆلی وانەوتنەوەدا لەو کاتەدا کاردانەوەیەکی پێشبینیکراوی هێنایەپێشەوە. لەگەڵ ئەوەدا دواتر ئایدیاکانی ئەو لە سەرجەم

سیستمی پەروەردەدا گیرایەبەر. شێوازی ئەو لەبارەی وتنەوەی دیموکراتی لەگەڵ سەردەمی نوێی دیموکراتیدا یەکیدەگرتەوە.

بەڵام بەردەوام بەو شێوەیە نەبوو. لە کۆتاییدا بەهۆی ئایدیاکانییەوە دێوی روبەڕوی لێپرسراوە ناوچەییەکان بۆوە. گرفتەکە ئەو کاتە توندتربوو، کە یەکێک لە خوێندنگەکانی شار رۆیشتە ریزی فێرگەی دیویەوە و دێوی هاوسەرەکەی وەک بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیە دیاریکرد. لە ئەنجامی خراپ لێکتێگەیشتنی نێوان دێوی و سەرۆکی زانکۆ (ویلیام رینی هارپەر) ساڵی 1904 دێوی لە پۆستەکەی دور خرایەوە.

ناوبانگی دێوی بەشێوەیەک بڵاوبوبووەوە، کە بە خێرایی پێشنیاری کورسیەکی تایبەتی فەلسەفەی لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک پێشکەشکرا. دێوی لەم زانکۆیە مایەوە و بە مامۆستای مومتاز خانەنشین کرا. لەماوەی 47 ساڵا کارکردنیدا لە زانکۆی کۆلۆمبیا بەردەوام رۆڵێکی بەرجەستەتری لە ژیانی گشتیدا گێڕا. بەو راپۆرتانەی بەردەوام لە (نیو ریپۆبلیک) و بڵاوکراوە پێشکەوتوەکانیتر بڵاویدەکردنەوە،

شیکارێکی روونی روداوەکانی رۆژی دەخستەڕوو. بەبڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک بەرهەمی کاریگەری لەسەر فەلسەفە و دەروونناسی و پەروەردە و فێرکردن بەردەوام بوو، زۆر سەفەری کرد و بۆ هەر کوێیەک دەچوو، بە کەسایەتیەکی ناودار و بیرمەند و رۆشنگەر هەژماردەکرا.

دێوی و هاوسەرەکەی ساڵی 1919 سەردانی ژاپۆنیان کرد. لەوێ دێوی لە زانکۆی ئیمپریاڵا کۆمەڵێک وتاری پێشکەشکرد. ئامانجی راگەیەنراو لەم دەرس و وتارانە کەمێک هەڕەشەئامێز (ڕێگەدان بەو هێزانەی کە نوێکردنەوەی بیر و ئەندێشە بە مەحاڵا دادەنێن و پێشبینی ژمارەیەک لەو ڕێڕەوانەی پێویستە بیگرنەبەر) بوون. ئەو وتارانە خاوەن بەڵێنی خۆیان بون. ئەو بە نزیکەی هەزار بیسەر دەستی پێکرد. لە نامەیەکیدا بۆ وڵاتەکەی بە خۆشبینییەوە نوسی (ئەمانە کۆمەڵێک مرۆڤی ئارامگرن.) دوای چەند وانەیەک بیسەرانی بۆ 30 کەسی زۆر ئارامگرتر کەم ببوونەوە. لەگەڵ پێشکەوتنی سیاسی ژاپۆن لە جیهانی مۆدێرندا، بەڵام بە موحافیزکاری توند مابووەوە. ئیمپراتۆر بە خودا دادەنرا، ئەمەش بەشێوەیەک

ڕەخنەی کردبووە ناو سیستمی پەروەردەوە، کە ئایدیاکانی دێوی پەسەند نەدەکرد. مامۆستای خوێندنگە حکومییەکان دەمارگیری ئیمپراتۆر پەرستیان هەبوو، لەمبارەیەوە دێوی نوسیویەتی» ئەگەر خوێندنگەکە ئاگری بگرتایە، زۆرێک پێیان باشتر بوو خۆیان، یان منداڵەکان بسوتێن، نەک وێنەی ئیمپراتۆر. ئەمجۆرە کارە نەدەبووە هۆی لێپرسینەوە لە بەردەم ئیمپراتۆریەت یان دادگا. لەم کاتەدا هاوسەری دێوی هەوڵیدەدا باس لە مافی دەنگدانی ژنان بکات، بەڵام ئەمەش پێشوازی لێنەدەکرا»

دوای ئەوە ساڵێک چوون بۆ چین و دێوی لە زانکۆی نەتەوەیی پەکین، لەبارەی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان لەسەردەمی یۆنانی دێرینەوە تا برتراند راسڵ وتاری پێشکەشکرد. لەناوەڕاستی ئەو ساڵەدا راسڵ خۆی هات، بۆئەوەی لەبارەی فەلسەفەی خۆیەوە بدوێت. هاوڕێ کچە نوێیەکەی (دورا بلک)ی لەگەڵدا بوو. هەڵەیەکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەی دیپلۆماتیکی نێودەوڵەتی تورە کرد. دێوی هاوسەرەکەی تەنها کەسانێک بوون، کە لەماڵەکەی خۆیان پێشوازیان لە راسڵ و

هاوڕێ کچە نوێیەکەی کرد. کاتێک راسڵ نەخۆش کەوت، دێوی پەرستاری کرد. تەندروستی راسڵ بەشێوەیەک خراپبوو، کە چاپەمەنییە ناوخۆییەکان هەواڵی مردنیان بڵاوکردەوە. کاتێک هەواڵەکە لە جیهاندا بڵاوبووەوە و نامەی سەرەخۆشی لە بڵاوکراوەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بڵاوبوونەوە، دێوی و راسڵ لە ماڵەکەیان خەریکی گفتوگۆی فەلسەفی بوون. بەپێی راپۆرتێک دێوی لە (خۆشی ئەوەی راسڵ تەندروستی باش بووە) زۆر سەری سوڕمابوو.

دێوی ساڵی 1928 لە تەمەنی 69 ساڵیدا بۆ بینینی چۆنێتی پێشکەوتنی بواری پەروەردە و فێرکردن لە ئەنجامی شۆڕشی کۆمۆنیستی بانگهێشتی یەکێتی سۆڤێت کرا. کاتێک گەیشتە لینینگراد، خۆی لەبەرامبەر ئەو کرێکارانەدا بینییەوە، کە خولیای فێربوونیان هەبوو، بۆیە هەوڵی کەوتنە ژێرکاریگەری دەدا، لەکاتێکدا کە لە وانەکانی خوێندنگەکاندا جەخت لەسەر رۆڵی کاری بەتەمەنەکان کرابووەوە. ئەمە وانەیەکی راستەقینە بوو ،کە لەسەرجەم سیستمە پەروەردەییەکاندا پێویستە بپارێزرێت. ئەو بۆی دەرکەوت چۆن

خوێندکارەکان هاندەدرێن (هاوکارانە و شان بەشان کاربکەن، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لە ئەم سەردەمەدا لە وڵاتانی سەرمایەداریدا تاکەکان کاردەکەن) لەلایەکیترەوە رەخنەی لە پڕوپاگەندە و ریکلامی زۆری وانەکان دەگرت. لەگەڵ بوونی کاریگەری ئیجابی، بەباشی دەیزانی پۆلیسی نهێنی لەماوەی سەردانەکەیدا چاودێریدەکەن. ئەو سادە نەبوو.

دوای گەڕانەوەی راپۆرتی سەردانەکەی بەزنجیرە لە نیوریپۆبلیک بڵاوکردەوە. لەم راپۆرتانەدا باسی لەوە کردبوو، کە باشترین شێواز بۆ تێبینیکردنی روداوەکان لە یەکێتی سۆڤێت، لەبەرچاوگرتنییەتی وەک تاقیگەیەکی کۆمەڵایەتی لە پێوەری نەتەوەییدا – تاقیکردنەوەیەک کە هێشتا ناتوانرێت پێشبینی بکرێت. وەک هەر تاقیکردنەوەیەک بەردەوام قورساییەک بوونی هەیە، بەڵام لە ئەمەیاندا قورساییەکان پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەبوو، کە بەو واتایەیە پێویستە ئەزمون و تاقیکردنەوە بەوپەڕی وردەکاریەوە ئەنجامبدرێت. ئەو بەراستی ئەوەی پەسەنددەکرد کە (بەهۆکاری خۆویستانە پێم باشترە بیبینم

ئەم ئەزمونە لە روسیا ئەنجامدەدرێت، نەک لە وڵاتەکەی خۆم)

بەهۆی راپۆرتە بەدور لە دەمارگیری و بێلایەنەکانییەوە لەبارەی یەکێتی سۆڤێت، دیۆی بە (بانگخوازی ئایدیای کۆمۆنیستی) ناوبرا. لەماوەی تەمەنیدا لە ژمارەیەک کۆڕ و کۆبوونەوەدا گومان لە کۆمۆنیست بوونی دەکرا.ئەگەر هەرکەسێک کەمێک سەرنجی بدایەتە فەلسەفەی لیبراڵی ئەو، بیروڕا دوور لە دەمارگیرییەکانی لەبارەی دەروننناسی و تیۆری پەروەردە و فێرکردنەکەی دەیتوانی بەو ئەنجامە بگات، کە ئەمە بێجگە لە شتێکی پوچ، هیچیتر نییە. سەرجەمی ئەندێشەی دیۆی پشت ئەستور بوو بە دیموکراتی.

ساڵی 1937 دیۆی بوو بەسەرۆکی لیژنەیەک بۆ هەواڵپرسینی (تروتسکی) ریبەری کۆمۆنیست کەلەروسیای ستالینەوە دورخرابووەوە و لە مەکسیک دەژیا، ئەمەش خستیە ناو ئاڵۆزیەکیتری سیاسیەوە. ئامانجی لیژنەکە دەرخستنی ئەوە بوو، کە لەروسیا رویدەدا. پانزە ساڵا بوو ستالین گەیشتبووە دەسەڵات و حکومەتەکەی بەردەوام بەرەو دیکتاتۆری زیاتر هەنگاوی دەنا. لە دواییدا

فەرمانی ( دادگایی نمایشی) لە مۆسکۆ دابوو، کە تێیدا کەسایەتییە بەرجەستەکانی کۆمۆنیست، کە زۆربەیان رۆڵێکی پاڵەوانانەیان لە شۆڕشی ساڵی 1917 بینیبوو، بە تاوانی خیانەت دادگایی دەکران و لە ئەنجامی شۆردنەوەی مێشکیان، دانیان بە تاوانەکانیاندا دەنا و بەخێرایی گوللەباران دەکران. جیهانی مۆدێرن بە هەراسانی چاودێری دەکرد. گوایە سنورەکانی یەکێتی سۆڤێت داخرابوون و گومان دەکرا تروتسکی کە بەر لەراکردنی نزیکترین لایەنگری ستالین بوو، لەوانە بوو بلێت بەراستی دۆخەکە چۆنە. لیژنەکەی دیوی بەو ئامانجەوە لە ساڵی 1937 بەرەو مەکسیکۆ سیتی بەڕێکەوت.

ئازایەتی دیوی چەپ و راستە توندڕەوەکانی توڕەکرد. کۆمۆنیستەکان لە ئەمریکا و مەکسیکیش بەتوندی دژی بەرەسمی ناسینی تروتسکی و هەوڵدان، بۆئەوەی شۆڕشی روسیا بە بەلاڕێدا رۆیشتوو بناسێنن، وەستانەوە. راستە توندڕەوەکان دیویان تاوانباردەکرد بە هەبوونی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ کۆمۆنیستەکان. لە ئەنجامدا لیژنەکەی دیوی پێش ئەوەی بگاتە مەکسیک

هەڕەشەی لێدەکرا. لەو کاتەدا دێوی تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵ بوو، زۆرێک دەترسان سەفەرەکە زیان بە تەندروستی بگەیەنێت. هەرچۆنێک بێت، ترسی کاربەدەستانی ستالینیش لە مەکسیک هەبوو.

دیدارەکان لەگەڵ تروتسکی لە ڤێلای وێنەکێشی بەناوبانگی مەکسیکی (دیە گۆ ریڤێرا) ئەنجامدران. لەچواردەوری ڤێلاکە پۆلیس بازگەی دانا. لەناوەوەدا دێوی بۆ ماوەی هەفتەیەک لێپرسینەوەی لەگەڵ تروتسکی ئەنجامدا. بە وتەی شایەتێک (جارێک یان دوو جار لەو بابەتانەی کە بیروڕای تروتسکی دژی بیروڕا دیموکراتییەکانی دێوی بوو، کەمێک ئاوازی وتەکانی دەگۆڕا. لەم بارە دەگمەنانەدا رای دێوی بەرامبەر گەشانەوەی تروتسکی رونبوو.) (ئەمە نمونەیەک لەو کاردانەوانەی بەرامبەر دێوی بە درێژایی تەمەنی هەبوو. پاکی ئەو، هاوکات رەفتاری شارستانیانەی کەم تا زۆرێک شارەزایانەی ئەو، دەبووە هۆی ئەوەی زۆرێک بە کەمی دابنێن – ئەو بە زانکۆییەکی تر دابنێن. دێوی لەبەرامبەر درەوشانەوەی تروتسکی خۆی بە هاوتای

ئەو دەزانی. روانینێک لە بەرهەمەکانی ئەوان نیشانیدەدات ئەمجارە درەوشانەوەی تروتسکی کەمترە)

دێوی و لیژنەکەی لەکاتی خۆیدا گەڕانەوە بۆ ئەمریکا و راپۆرتەکەی بڵاوکردەوە. دێوی لەبارەی ئەو وتە و بەڵگانەی لە تروتسکی لەبارەی ستالین و دادگاییە نمایشیەکانییەوە بەدەستیهێنابوو، گومانی نەبوو. دۆخی شۆڕشی روسیا یەکێک لە قوڵترین بیروڕا فەلسەفیەکانی دێوی – بڕوا نەبوونی بە دوانەیی فەلسەفەی کلاسیکی دەسەلماند. لێرەدا شێوە بابەتی جیاوازی نێوان ئامراز و ئامانج بوو. بەبۆچونی دێوی لێرەدا دوانەیی بوونی نییە، تەنها گشتێکی یەکپارچەیە. بە وتەی ئەو» وانەیەکی گەورە بۆ سەرجەم رادیکاڵەکانی ئەمریکا و بۆ سەرجەم لایەنگرانی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی ئەوەیە، کە پێویستە بگەڕێنەوە و سەرجەمی بابەتی ئامرازی دروستکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و شێوازی راستەقینەی دیموکراتی دووبارە لە شێوازی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بڕواننەوە... دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بۆ دیکتاتۆری بەسەر

پرۆلیتاریا و بۆ سەر پارت گۆڕاوە و پێموایە بەردەوام بەو ئەنجامەدەگات. من هۆکارێک نابینم بۆئەوەی باوەڕبکەم، کە لەوانەیە وڵاتێک هەبێت بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کۆمۆنیستی هەوڵبدات، بەڵام هەوڵەکانی بە ئەم دیکتاتۆریە نەگەن) ئەمانە ساڵی 1937 کۆمەڵێک پێشبینی بوون – هەرچەندە پێشبینییەکەی دیۆی تروتسکی نەگرتەوە: سێ ساڵا دواتر جێگری پێشوی ستالین لە مەکسیکۆ سیتی بەدەستی بەکرێگیراوانی ستالین تیرۆرکرا.

ساڵی 1930 دیۆی دەستی لە کار لەزانکۆی کۆلۆمبیا کێشایەوە، بەڵام درێژەی بە رۆڵی بنەڕەتی لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا. بڵاوکردنەوەی زنجیرە کتێب و راپۆرتەکانی خۆی درێژە پێدا. لەو بەرهەمە گرنگانەی کە لەم سەردەمەدا بڵاویکردنەوە (لۆجیک، تیۆری لێکۆڵینەوە، ئازادی و فەرهەنگ، ئەزمون و فێربوون) ئەم ناوانە ئاماژەن بە بەرفراوانی لێکۆڵینەوەکانی.

دەستکەوتی دیۆی لەبواری دەروونناسیش کەمنەبوو، چونکە بەردەوام ئەم بەشە بەشێکی جیانەکراوەی فەلسەفەکەی بوو، لەگەڵ بنەما پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی لێکئاڵابوون.

بەردەوام سەرنجی ئەو لەسەر گشت مرۆڤایەتی بوو، کە خۆی دەیخستە ناوەڕۆکی کارەکانییەوە. بەبۆچوونی دیوی دەروونناسی نەک تیۆرێکی دورودرێژی روتەڵە، بەڵکو کاراییەکە. جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە دەروونناسیەکەی رەگێکی پتەوی لە دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا هەیە و پەیوەندی بە سێ هۆکاری سەرەکییەوە هەیە.

یەکەم هۆکار (خو- عادەت)ە (کە لەو پانتاییەدا خۆی رۆڵێکی گرنگی بەپێی گرنگی خۆی (بوونەوەری زیندو) هەیە) دیوی دوو خو پەسەنددەکات: هۆشیار و ئاسایی. ژیانی باڵاتر بە خوی (ئاڵۆزتر، جێگیرتر، نەرمتر) دەگات، چونکە بەردەوام جەخت لەسەر کارایی خو دەکاتەوە. مەبەست لەمە ئەوەیە، کە ژیان بپارێزێت و دەوڵەمەندی بکات، یارمەتی گەشە بدات.

هۆکاری دوەم (پاڵنەر)ە. لەولایەنەوە کە خوەکان فێردەبن، پاڵنەرەکان سەرچاوەی سەرەکین. خوەکان شێوازی فێربوونی تەواو وەک پاڵنەرەکانن. بەمشێوەیە لەگەڵ ئەوەی سەرەتا پاڵنەر خو دروستدەکات، بەڵام لەگەڵ خو روخسار وەردەگرێت، لەبەرئەوە پێویستە خوەکان

گۆڕاوبن. تایبەتمەندی جێگری و نەگۆڕیان نییە – وەک ئەوەی لە پاڵنەری کوێرانەدا دەیبینین. ئەمانە واتا و مەبەستیان لە ئاوێتەبوون لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی وەردەگرن.

دەروونناسی دێوی بەم شیکردنەوە کورت و روکارەوە بە ناچاری وەک کەمێک بێ بەرهەمدەردەکەوێت، بەڵام پێویستە قووڵبوونەوە و بەرهەمەکەی لە بەکارهێنانیدا بەتایبەتی لەبواری پەروەردە، یان بە سەرەنجدانە بەها ئەخلاقیەکان ببینرێت. پێداگری بەردەوام لەسەر کارایی و نەرمی نواندنە. بۆ نموونە وەک خۆی شیدەکاتەوە: (زانستی نوێ و سیاسەت لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر شتی بێگانە و ناسازگار لەگەڵ بەنرخترین میراتی فیکری و ئەخلاقی جیهانی رۆژئاوا خراونە بەردەمی ئێمە. ئەمە هۆکاری نەزانی و تەشویشی فکری نوێی ئێمەیە)

وەک هەمیشە ئامانج چارەسەری دوو لایەنییەکان و شێوەبابەتییەکان: (کارایی ئەندێشەی تێبینیکردن، گۆڕینی دۆخی گومان، توندوتیژی، دوو دڵی بۆ دۆخێکە کە روون و جێگیر و هاوئاهەنگ بێت)، بەڵام خۆلادان لە توندوتیژی خو ئامانج

نییە، چونکە (منداڵ فێردەبێت کە لە ناخۆشی خۆی بپارێزێت و ڕێگەی دەرچون بدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەو دابونەریتانەی نەناسراون خۆی بگونجێنێت، بۆئەوەی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە) ئەم گرفتە لە منداڵ و فێرکردندا کورتنابێتەوە. کاتێک وەک واتا گشتیەکەی روبەروی ئەمکارە دەبینەوە، ئەوا دەگەینە خراپترین لایەنەکانی مێژوی مرۆڤایەتی. ئامانج چ لە پەروەردە و چ لە دەروونناسیدا، پێویستە ڕێنمایی کاری هۆشیارانە بەرەو گەشە و هێنانەدی توانای تەواوی مرۆڤایەتی بێت. لەوانەیە لێرەدا وشەکان کەمێک بێ واتا بن، بەڵام کار کەم تا زۆر بابەتێکیترە.

ئالیس هاوسەری دێوی ساڵی 1927 دوای چەند ساڵێک تلانەوە بەئازارەوە، بەهۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. دێوی نزیکەی بیست ساڵ بە تەنها مایەوە. لە تەمەنی 87 ساڵیدا و دووبارە لەگەڵ (رۆبێرتا گرانت) کە لە منداڵیەوە دەیناسی هاوسەرگیریکرد. لەگەڵ هاوسەرە تازەکەی درێژەی بە سەفەرەکانی دا و لە مانگە گەرمەکاندا، نیویۆرکی جێدەهێشت و دەچوو بۆ کوخە لە (نوا سیتی) لە کەناری رۆژهەڵاتی کەنەدا. نەوەدەمین

ساڵرۆژی لەدایکبوونی، واتە 20 ئۆکتۆبەری 1949 روداوێکی نێودەوڵەتی بوو. زانکۆی پاریس پێشتر دیۆی بە (قوڵترین و کامڵترین هەڵقوڵاوی گەورەیی ئەمریکا) دانابوو. ئێستا دەبوو سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرەکان رای خۆیان دەربڕن. ڕێبەرانی زیاتر لە 15 وڵات پیرۆزبایی خۆیان نارد. دیۆی بە وتەیەک کە بەردەوام ژیانی بۆ تەرخانکردبوو وەڵامیدایەوە: ئەویش (یەکەم، کۆتایی، و بۆ هەمیشە سەری بە کاری فەلسەفە سپاردوە) بوو، بەڵام مەبەستی قوڵتربوونەوە و تێپەڕین لە روکار و گەیشتن بە (ئایدیایەکی روون و ورد لە چیەکانی ئەو بابەتانەی کە زەمینەی ئەو گرفت و خراپانەیە، کە لەراستیدا واتە لە ژیانی کارکردندا تاقیاندەکەینەوە)

**بیرە پەروەردەییەکانی دیۆی:**

ناوی جۆن دیۆی لە پـەروەردەدا، پەیوەستە بەو بزوتنەوە پێشکەوتنخوازییەوە، کە بریتییە لە بزوتنەوەیەک کە پەیوەستە بە گەشەی مرۆڤ و دۆزینـەوەی زانستەکان و رێگـەی فێربوون و چۆنیەتی ئاوێتەبوون لەگەڵ ژینگە مـادی و

کۆمەڵایەتییەکەدا، دیۆی پێیوایە جیهان بەردەوام لە گۆڕان و گەشەکردندایە، چونکە مرۆڤ کائینێکی بیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆزەو لە ڕێگەی بەکارهێنانی زیرەکییەوە، پارێزگاری لە مانەوەی دەکات،لەپێناوی ئەوەی چۆن خۆی لەگەڵ ژینگەکەیدا بگونجێنێت، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. پەروەردە پرۆسەیەکە مرۆڤ زیرەکی تاکی و کۆمەڵایەتی خۆی لەڕێگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کارامەییەوە گەشەپێدەدات و فراوانتردەکات، بۆیە پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامە، لەپێناو بەدەستهێنانی کارامەیی، بەمەبەستی فراوانکردن و قوڵکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی، بۆیە ئامانجی پەروەردە لە هەمانکاتدا پەیوەستە بە تاک و کۆمەڵگەوە، پەروەردەش بۆئەوەی ئامانجەکانی بهێنێتەدی، لای هەر تاکێکی خوێنەوار و کۆمەڵگە، هەمان ئەم ڕێچکەیە دەگرێتەبەر.

**تایبەتمەندییەکانی پەروەردە لای دیۆی.**

1.گرنگی بە هەموو منداڵێک دەدات لە روانگەی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و ئاکاری و کۆمەڵایەتییەوە.

2. پێیوایە زۆرترین چالاکییەکانی پەروەردە، لەرێگەی کارەوە ئەنجامدەدرێن، بۆیە لە روانگەی فێرخوازو جێبەجێکردن و کارەکیکردنی بابەتەکانەوە، قوتابخانە بە قوتابخانەی چالاکی ناودەبات.

3. شێوازی کۆن لە وانەدا بەکارناهێنێت، چونکە پشت بە تەڵقین دەبەستێت، لەکاتێکدا ئەم پشت بە وروژاندنی بیر و حەزەکانی منداڵ و بەدەستهێنانی کارامەیی هەمەجۆر و نوێ دەبەستێت، لەگەڵ رەخساندنی چالاکی جیاواز لەناو قوتابخانەدا، لەگەڵ رەچاوکردنی جیاوازی تاکەکەسی لەنێوان فێرخوازاندا.

4. ئەم جۆرە پەروەردەیە بەرەو دیموکراسیەتمان دەبات، واتە لە رێگەی چالاکی و دەرفەتی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەدا.

5.پشتبەستتن بە گەشەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە رێگەی بەشداریکردن و هاوکاری و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و دانبەخۆداگرتنەوە دەبێت.

دێوی پێیوایە پەروەردەی نوێ، پەیوەندی

ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی منداڵ و حەزەکانی خواست و پێداویستیەکانیەوە هەیە، قوتابخانەش دەبێت دەستەبەری ئەم شتانە و پاراستن و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێرخواز بکات، ئەوەش لەپێناو بەرهەمهێنانی نەوەیەکی هۆشیاری زیرەکدا.

دێوی سەرکەوتوو بوو لە هێرشکردنە سەر فەلسەفەی پەروەردەی تەقلیدی، لەگەڵ هاندان بۆ گرنگیدان بە کارامەیی لە فێربووندا، بۆیە ڕەخنەی لە شێوازی تەڵقینی (ROTE LEARNING) گرت و ڕاگەیاند »، ئیدی نابێت پشت بە کتێبی خوێندنگە و پرۆگرام و مامۆستا ببەسترێت»، واتە بەتەواوی دژی ئەوە بوو، کە ملکەچی خوێندنگە و پێکهاتەکەی ببێت، دەبێت خوێندنگە خاوەن ژینگەیەکی دەوڵەمەند بێت، هەر لە کارامەیی مامۆستا و چالاکیی هەمەجۆری فێرخوازان، لەپێناو بنیادنانی عەقڵێکی سەرکەوتوو، کە لە توانایدا هەبێت کێشە بەشێوازی مەنهەجی چارەسەربکات، لەو پڕەنسیب و یاسایانەی کە دێوی هەوڵی بۆ دەدا ئەوەبوو کە منداڵ خۆری پەروەردەیی و خاڵی بنچینەییە لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەڵام بە شێوەیەکی نمونەیی

فێرنابێت، تەنها لەرێگەی کارامەیی ژیانەوە نەبێت، بۆ نموونە تەنها لەرێگەی هەوڵدان بۆ مەلەکردن فێردەبێت لەناو ئاودا مەلەبکات، ئەمەش بۆ تەواوی کارامەییە عەقڵی و کۆمەڵایەتی و...تاد دیکەش دروستە.

بۆیە پێویستە پەیوەندی و لینکی بەردەوام لەنێوان خوێندنگە و ژیانی دیموکراسیدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەی رابەرانی فەلسەفەی پراگماتی پەروەردە پەیوەستی دەکەنەوە بەسودەوە، بەڵام پێویستە پەروەردە خزمەتی مەبەستە پەروەردەییەکان و ئامانجە واقیعییەکان بکات، کە سوود بە تاکی ئازاد و کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەگەیەنێت.

پەروەردە لای دیۆی بریتییە لە کۆمەڵێک پرۆسە، کە کۆمەڵگە دەتوانێت لە رێگەیەوە ئامانجەکانی لێ بەدەستبهێنێت، چونکە پەروەردە بریتییە لە ژیان، فەلسەفە لای دیۆی رێڕەوی فێربوون دیاریدەکان و ناتوانرێت فەلسەفە و پەروەردە لەیەکتری جیابکەیتەوە، چونکە یەکەمیان وێنای پێویست پێشکەشدەکات، دووەمیشیان بە کردارەکی جێبەجێیان دەکات، بەگشتی دیۆی بەشداریکردووە لە زانستەکانی وەک پەروەردە، فەلسەفە، دەرونزانی، سیاسەت.

پەروەردەی نمونەیی لای دیۆی ئەوەیە، کە دەچێتە ناو کارامابییەکان و زانیارییەکان کەڵەکە ناکات و دەست بە داخوازییەکانی رۆژەوە دەگرێت و زیادەڕۆیی ناکات لە پیرۆزڕاگرتنی رابردوودا.

جۆن دیۆی پێیوایە شێوازی وانە لە ڕێگە لاوازەکاندا سودەکەی دیارکراوە، چونکە ناتوانێت دەرفەتی فێربوون، کە ببێتە هۆی ئاشکراکردنی واقیع دەستەبەربکات و زانیارییەکان کۆبکاتەوە و کاروبارەکان تەتەڵەبکات و بەدوای چارەسەرەکاندا بگەڕێت.

دیۆی لە میتۆدەکەی خۆیدا (PROJECT METHAD) ئەوە دەرخاتەڕوو، کە دەبێت بابەتێک هەڵبژێرێت لەچەند لایەنەکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ نموونە فێرخواز دەچێتە کێڵگە، لەم کارەشدا فێری کشتوکاڵ و چۆنیەتی چاندن و کارڕاپەڕاندن و هەرەوەزی لە کاردا دەبن، لە پرۆسەی جێبەجێکردنی پرۆژەدا، فێرخواز دەبێت ئامار کۆبکاتەوە و بە دوای ئەو شتانەی، کە پێویستی پێیەتی بڕوات، بەمەش چالاکی سەرچاوەی کارە، هەربۆیە ئەم ڕێگەیە پێداویستی فێرخواز و کەموکورتییەکانی پڕدەکاتەوە، چونکە ڕەچاوی جیاوازی کارامەیی تاکەکەسی دەکات و هانیدەدات بۆ فێربوونی بەکۆمەڵ.

جۆن دیۆی پێیوایە دیموکراسی پەروەردەیی بریتییە لە ڕێگەی کەسی بۆ ژیان، تەنها شتێکی دەرەکی نییە، کە چواردەوری گرتبێتین، بەڵکو ئاراستە و هەڵوێستێکە، کە سیما و تایبەتمەندی کەسی تاک دروستدەکات، هەروەها حەز و ئامانجەکانیشی دەستنیشاندەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش بەشداریکردن لە کار و دروستکردنی بڕیاردا گرنگە، دروستکردنی ژیانی قوتابخانەیی و خێزانی، زامنی دیموکراسی و ڕێکخستنی ژیان و ئازادی ئاکادیمییە، چونکە دیموکراسی لە کێڵگەی پەروەردەدا، واتە پراکتیزەکردنی کۆمەڵایەتی و جەختکردنەوە لە بەهای تاک و کارامەیی، بەمەش کەسایەتی مرۆیی بەرجەستدەکان، لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە جۆن دیۆی بە ئاشکرا ڕەخنەی توند لە پەروەردەی کۆن دەگرێت، چونکە پێیوایە ئەو پەروەردەیە پشت بە هەڵگرتنی زانیارییەکان دەبەستیت لە هەستەکاندا، و ئامادەکردنی فێرخواز بۆ ئایندە لەگەڵ لەبەرچاونەگرتنی ئێستاو فەرامۆشکرنی ئەم قۆناغەی کە تێیدا دەژێت، یاساکە بریتی بوو لە (مامۆستا بنچینەی پرۆسەی پەروەردەیە)، دیۆیش ئەم هاوکێشەی

لە بیری پەروەدەییەوە بۆ خۆری پەروەردەیی هەڵگێڕایەوە، واتە بۆ فێرخواز و پێداویستەکانی.

بەم روانین و بۆچونانەی دیۆی، توانی شێوازی کۆن بێبایەخبکات، کە ماوەیەکی زۆر رابەرایەتی مێژووی مرۆڤایەتی دەکرد، لەبەرامبەردا میتۆدی پراگماتی پێشنیاربکات، بۆئەوەی جەخت لەسەر رۆڵی هەریەکە لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە بکات لە گەشە و پێگەیاندنی فێرخوازدا، بۆئەوەی بە ئازادی بژی و بیربکاتەوە، تاوەکو بەرهەمی هەبێت، بەمەش پەروەردە لای دیۆی یەکەمجار بریتییە لە ژیان لە ئێستادا، پاشان بایەخ بە ئایندە دەدات.

دیۆی لە کتێبی (تیۆری ژیانی ئاکاری)دا، باس لە رۆڵی رازیکردنی عەقڵی دەکات لە چاندنی بەها و ئاکاردا، کە تەنها بەس نییە بۆ (مەدح و زەم، پاداشت و سزا، لێکدانەوە و بێبەشکردن) بنچینەی ئاکار و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە زانیاری هۆکاری دابەکان، کە پێیان هەڵدەستین، بۆئەوەی دڵنیاببینەوە لە پێوەرەکان، ئەوانەی کە یاسا دادەنێن و بەشداریدەکەن لە دانانی ئەو دابانەی کە پێویستە هەبن.

لە کتێبی ئازادی و کلتوردا، قسە لەسەر مارکسیزم دەکات، وەک فەلسەفەی سیاسی و

ئابوری و لە ئازادی تاکدا دژی دەوەسێتەوە و جەخت لەوە دەکات، کە یەکەم حاڵ کە شوێنی فێرکردنی تاکە، دیموکراسییە و بەمیتۆدی ژیانی دادەنێت.

**هەنگاوەکانی پەیڕەوی جۆن دیۆی ڕێگەی پڕۆژە**

لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەیەی جۆن دیۆی خستیەروو، دواتر وەک ناساندنی وردەکاریەکانی (کیلباترک)ی فێرخوازی ناساندنی.

جون دیۆی زۆر قسەی لەسەر پێویستی لۆژیک لەسەر پەیوەستکردنی بیرکردنەوە بە چالاکییەوە کردووە، کە بە کارامەیی بیرکردنەوەیی ناویدەبات، بۆیە کۆمەڵێک هەنگاوی داناوە، کە ڕوانینێکی لۆژیکی و بنەمایەکی پەیڕەوەکەیەتی، کە بریتییە لە ڕێگەی (پڕۆژە) کە مانای (پەروەردەکردن لە ڕێگەی چالاکییەوە)، دەگەیەنێت. بەمەش ڕیگە هۆکارێکی کارایە لە جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەکەدا، بەمەش ئامڕاز شتێک نییە، جگە لە شێوازێکی جێبەجێکار بۆ بەکارهێنانی مادەیەک، لەپێناو گەیشتنە مەبەستێک لە مەبەستەکان.

**هەنگاوەکانی پرۆژەکە**

1. هەستکردن بە کێشە: ئەمەش لە ئەنجامی هەستکردنی فێرخواز بە تێکچوون و داماوی لەبارەی ئەو بارودۆخەی کە هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی هەستکردن بە لاوازی و بوونی گرفت لە پرۆسەکەدا دەبێت.

2. عەقڵانیکردنی کێشەکە: لەم قۆناغەدا کەسەکە پشت بە لێکدانەوەکانی دەبەستێت بۆ ئەو هەڵوێستەی کە تێیکەوتووە، لەگەڵ ئەو ڕەگەزەی کە دەورەیانداوە، بەو پێیەی بیرکردنەوە دەستدەکات بە کار و لەو کارامەییەی لە ڕابردوودا وەریگرتووە، لەو بارەی تێیدا دەژی بەدەستیهێناوە، لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئەمەش کێشەکە بە پێوەری عەقڵی و تەواو دادەڕێژێتەوە.

3. پێشنیار و گریمانەکان: دوای پرۆسەی بەگەڕخستنی بەعەقڵانیکردنی کێشەکە و دیاریکردنی پرۆسەی پێشنیار و گریمانەکان دێت، بەوەی تەتەڵەی کێشەکە دەکرێت، بەمەش گریمانە و ئەنجام بەرهەمدێت، چونکە گریمانەکان بریتین لە کارنامەی کارێکی نوێ.

4.هەڵبژاردنی گریمان و پشکنینی: لە ئەنجامی هەڵێنجانی مەعریفەی ڕابردوو، گریمانەی شیاو دیاریدەکرێت و لەگەڵ کێشەکەدا تەتەڵە دەکرێت، لەپێناو دڵنیابوون لە ڕاستی گریمانەکە.

5. تاقیکردنەوەی گریمانەکە لەڕێگەی جێبەجێکردنەوە:

پڕۆسەکە بە شێوەی پێوانەیی و هەڵێنجانی جێبەجێدەکرێت، لەو ڕێگەیەشەوە چارەسەرە گونجاوەکان ئاشکرا دەبن.

ڕێگەی پڕۆژە: ئەگەر چی ئەم ڕێگەیە یەکەمجار (ولیام کلباتریک) ناوی بردووە، بەڵام ڕێگەی پڕۆژە (project method)ی جۆن دیۆی بۆ ئەوە بوو فێرخواز لەبەردەم چەند بابەتێکدا ڕابگیرێت، لەپێناو دەستنیشانکردنی کێشەیەکی دیاریکراو و حەزکردن بە چارەسەرکردن و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆیە گرنگی ئەم ڕێگایە لە هێنانەدی بەشدارییپێکردنی ئازادانەی فێرخوازو و زیادکردنی چالاکی و کارامەییەوە، منداڵ لە ژیاندا بە سروشتی حاڵ گرنگی بە کێشەکانیان دەدەن، ئەمەش لە ئەنجامی

پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خەڵکی و شتەکان و دەزگاکاندا دەبێت، ئەم هەوڵدانەش تەنها لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی توانا عەقڵی و مادییەکانەوە دێتەدی.

**مەرجەکانی پەروەردەکار:**

1. بەردەوامی و دڵسۆزی لە کاردا:

واتا بایەخی تەواو بە کێشەکە بدات و راستەوخۆ کاری لەسەر بکات بۆئەوەی هەوڵەکان بەفیڕۆنەڕۆن.

2. فراوانیی بیر:

دەبێت پەروەردەکار خاوەن بەرفراوانییەکی بیری زۆر بێت، تاکو بێتە خاوەن زانیاری و پێشنیاری جیاوازو گونجاو بۆ پڕۆسەی پەروەردە.

3. هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی:

بریتییە لە ئامادەکردنی تاک بۆ قبوولکردنی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان، ئەم قبوڵکردنەش قبوڵکردنێکی مەبەستی بێت، واتە ئەنجام و چارەسەر هەر چییەک بێت کاریان لەسەر بکات، نەک تەنها قسەکردن بێت.

بەرپرسیاریەتی لە پەروەردەدا، پەیوەستە بە لایەنی ئاکاری و کۆمەڵایەتییەوە، بەو پێیەی ڕێگەی پڕۆژە ڕێگەیەکە لەنێوان بیرو کاردا کۆدەبێتەوە.

کارەکە، یان پڕۆژەی کارەکە لەسەر پەیڕەو وەستاوە، چونکە شێوازی زانستی بە هەنگاوە دیاریکراوەکانییەوە دەبەستێت، هەرچی جون لۆک و هێربارت بوون، لە پڕۆسەی پەروەردەکردندا جەختیان لەسەر ڕاهێنانی هێزی عەقڵی دەکردەوە لە پڕۆسەی فێربوون، یان گەیاندنی زانیارییەکاندا، بەمەش گرنگیان بە حەز و خواست و بایەخدان و توانا کەسیەکانی فێرکاردا نەداوە.

دیوی ئامانجی گەشەکردنە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕەخساندنی کارێک لەنێوان فێرخواز و ژینگەکەدا دەبێت، هەر لەبەرئەمەش ڕێگەی پڕۆژە، بە ڕێگەیەکی دیار دادەنرێت لە پەروەردەی چالاکدا، کە کاردەکات بۆئەوەی توانا بیری و جەستەییەکانی فێرخواز کارابکات، لە ڕێگەی بەشدارییپێکردنی لەو بابەتانەی بەلایانەوە گرنگن، یان لای کۆمەڵگە و ژینگەکەیەوە گرنگن، هەستکردن بەمەش کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات.

4.هەنگاوەکانی ڕێگەکە:

ئەم ڕێگەیە بەچەند قۆناغێکی پەیوەندیداردا دەڕوات، هەر هەنگاوێکیش بۆ خۆی بایەخی خۆی هەیە، کە بریتین لە:

1.قۆناغی دیاریکردن و دەستنیشانکردنی پڕۆژەکە:

لە ڕاستیدا دیاریکردن و دەستنیشانکردنی پڕۆژە، هەروا کارێکی ئاسان نییە، چونکە گرنگترین هەنگاوە و بە قۆناغی تەتەڵەکردنی عەقڵی لای فێرخواز دادەنرێت، چونکە سەرکەوتنی پەیوەستە بە دروستی هەڵبژاردنەوە، کلباتریک پێیوایە پێوەرەکانی هەنگاوی ڕێگەی پڕۆژە لە خوێندندا، لە بنچینە کرۆکییەکانە کە دێوی لەپێناو فێربووندا دایناون، جگە لەمەش چارەسەرکردنی پڕۆژەکەش لایەنێکی گرنگە لە ژیانی فێرخوازدا، چونکە لە حەز و خواستەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، بەهای پەروەردەیی پڕۆژەکەش، لەسەر ئەو دەرئەنجامە وەستاوە کە فێرخواز لە ڕێگەی توانست و خبرەکانییەوە بەدەستیدەهێنێت.

بەشداریکردن لە زیادکردنی کارامەیی فێرخوازاندا کارێکی گرنگە، چونکە بەهای ئەم

پڕۆژەیە لەسەر ئەوە وەستاوە، کە تا چەند ئەم پڕۆژەیە دەرئەنجامێکی باش و توانستێکی کارامەیی لای فێرخواز زیاددەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای کارکردن لەسەر ئازادکردنی بیری فێرخواز و بەهێزکردنی تواناکانی و ئەو حەزانەی کاریان لەسەردەکات وەستاوە.

2. قۆناغی دانانی پلانی پرۆژەکە:

دوای دیاریکردنی پرۆژەکەو مەبەست و ئامانجەکەی، دواتر دانانی پلان لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکان، ئەمەش لەرێگەی دیالۆگکردن لەسەر پرۆژەکە و ئەو هەنگاوانەی کە فێرخواز دەیەوێت بە تاک، یان بە کۆمەڵ کاری لەسەر بکات، لەگەڵ رەوچاوکردنی ئەوەی، کە ئەم کارە بە پلەی یەکەم حەز و خواستی لەسەرە، دواتر دیاریکردنی ئەو ئەزموون و کارامەییانەی کە ئەم کارە دەیەوێت و لە چ فێرخوازێکدا ئامادەیی هەیە، دواتر قسەکردن لەسەر ئەو گرتن و بەربەستانەی، کە دێتە رێگەی ئەم کارە، لە هەموو شتێکیش گرنگتر، پێویستە یەکەم هەنگاو ئەم پرۆژەیە لەسەر چەند کەسێکی دیاریکراودا وەک سامپڵ جێبەجێ بکات و سەرنج و بۆچوونەکانیان وەربگرێت، پاشان

دەرئەنجامەکەی بکاتە بنەما بۆ بڕیاردانی لەسەر جێبەجێکردن، یان نەکردن.

3.قۆناغی جێبەجێکردنی پلانەکە:

دوای دڵنیابوون لە تەواوی و دروستی پلانەکە، دەخرێتە جێبەجێکردنەوە، واتە لە قۆناغی گریمانەیی و تیۆرییەوە، دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتە ئەم قۆناغە لە قۆناغی گریمانەییەوە دەچێتە قۆناغی کردارەکیی چالاکییەکانەوەوە، تاوەکو لەرێگەیەوە فێرخواز کارامەیی زیادبکات.

4.قۆناغی هەڵسەنگاندن:

ئەم قۆناغە لە تەواوی کار و بوارە جیاوازەکاندا بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکان دادەنرێت، چونکە تەنها لە رێگەیەوە کەموکورتی و هەڵەکان دیاریدەکرێن و چارەسەریان بۆ دادەنرێت، لەپێناو بەدەستهێنانی دەرفەتی زۆرترین سەرکەوتن، بۆیە دەبێت هەڵسەنگاندن تەواوی لایەنە دەرونی و کارامەیی فێرخواز... تاد رەچاوبکرێت، بە مانایەکی تر ئامانجی هەڵسەنگاندنی کۆتایی لەم رێگەیە، بەشێوەیەکی تایبەتی بریتییە لە ئاشکراکردنی تەواوی لادان و

کەڵکە بوون...تاد، کە فێرخوازەکان تێیکەوتوون، یان ئەو لەبیرچوون و شێوازەی، کە پێویستبوو بگیرێتەبەر و نەکراوە.

**لایەنە باشەکانی ئەم ڕێگەیە:**

1. بوونی مەبەست و ئامانج:

لەم ڕێگەیەدا بابەت وەک مەبەست بۆ ئامانجێک کاری لەسەر دەکرێت، چونکە پێیوایە بەبێ ئامانج، هیچ پڕۆژەیەک بوونی نابێت، بۆیە ڕێگەی پڕۆژە پشت بە فێربوون و چالاکی خودی دەبەستێت، بۆیە بۆئەوەی هەوڵەکان ببەستێتەوە بە ئامانجەکانییەوە، کە لەپێش هەمووشیانەوە پڕەنسیپی ئازادی فێرکردنەو بە گەشەی هەموو توانا جیاوازەکانیش کۆتایی دێت، لەگەڵ فراوانکردنی کارامەیی و بەشداریکردنی چالاکانەی لە بنیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراسی و تێکۆشەردا.

2. گرنگیدان و حەزەکان:

جۆن دیۆی پێیوایە بایەخدان و حەزەکان، دوو ئامانجی بنچینەیی پەروەردەیین لە پەروەردەی پێشکەویوودا، جگە لەمەش سەرچاوەی هەموو

بابەتێکی خوێندنن، چونکە کاتێک فێرخواز هەستی بەو گرنگی و بایەخە کرد، ئەوا پاڵیپێوەدەنێت بۆ هەوڵدانێکی زیاتر، ئەمەش کاتێک دەبێت کە هەستیکرد ئازادە، زیاتر کێشەکان دەدۆزیتەوە و چارەسەرەکانی هەڵدەبژێرێت، بەمەش بایەخدان پاڵنەر و جێبەجێکارە، کەواتە ئامانجی پڕۆسەی پەروەردە، ئامانجێکی ڕاستەوخۆ و مەبەستدارە.

3. سیفەتی کۆمەڵایەتی:

پەروەردە لە کۆمەڵگەوە دەستپێدەکات و هەر بۆ کۆمەڵگەش دەگەڕێتەوە، لای دیوی بەشداری پێکردنی فێرخواز لە پڕۆژەدا، مەرجێکی پەروەردەییە لەسەر هەموو فێرخوازێک، چونکە فێرخواز بە تەنها فێرنابێت، ئەم دەستە و کارە گروپییەش، پەیوەندییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە لەنێوان فێرخوازاندا، بەمەش پڕۆژەکە پڕۆژەیەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، چونکە کێشەکان لە بارودۆخی فێرخوازەوە نزیکن.

4. بەشداریدەکات لە زیاتر گرنگیدانی مامۆستا بە فێرخواز، چونکە راستەوخۆ فێرخواز لەگەڵ کارەکەدایە و پراکتیزەی دەکات.

5. گیانی هاوکاری و رێزگرتن لە کاری

بەکۆمەڵ زیاتر دەکات، لەگەڵ هاندانی فێرخواز لەسەر کاری دەست و ئەوانەش کە پەیوەندیان بە کاری دەستییەوە هەیە.

6.دەرفەت دەداتە هەمووان و گیانی دیموکراسی، کە مەبەستی سەرەکی پەروەردەی نوێیە، بەرجەستە دەکات.

7. هەستکردن بە گرنگی کاری پیشەیی.

8. فێرخواز فێری پرەنسیپی ئاکاری و دەروونی و کۆمەڵایەتی ...تاد دەبێت.

**کەموکورتییەکانی ئەم رێگەیە:**

1.پێویستی بە تێچوونێکی مادی هەیە، ئەمەش وا دەکات کە نەتوانن لە هەموو خوێندنگەیەکدا پراکتیزە بکرێت.

2.سەرکەوتنی پەیوەستە بە رێگەی نوێ و بوونی کەرەستە و بابەتی گونجاوی کاری دەستی.

3.جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بە هەموو مامۆستایەک ناکرێت، واتە پێویستی بە مامۆستای بەتوانا و خاوەن کارامەیی هەیە.

4.ناتوانرێت زانستیانە هەڵسەنگاندنی دروستی بۆ بکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت ئەوە بوترێت، کە فەلسەفەی جۆن دیوی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و فکری و سیاسی کۆمەڵگەی ئەمەریکییەوە هەڵێنجراوەو زیاتریش کاریگەربوو بە (تۆماس جیفرسون)، ئامانجیشی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ بوو، بە هۆشیەوە شۆڕشی پیشەسازی و داهێنراوە زانستییەکان پەرەیسەند، بۆیە دەرئەنجامێکی باشی بەدوای خۆیدا هێناوە و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڵاوبوویەوە.

بەگشتی فەلسەفەی پەروەردەی دیوی بریتییە لە:

**یەکەم: بیروباوەڕی پەروەردەیی:**

1. هەموو پەرەردەیەکی کارا لەسەر بەشداری تاک لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی مرۆیدا وەستاوە.

2. قوتابخانە بەپلەی یەکەم دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی پێچەوانە بکاتەوە.

3. ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ، بریتییە لە بنچینەی هەموو چالاکییە فێرکارییەکان.

4. چەشنی فێربوون، پێویستە پشت بە سروشتی گەشەی هێزی منداڵ و بایەخپێدانەکانی ببەستێت.

5. پەروەردە ڕێگەی سەرەکی و بنچینەییە بۆ پێشکەوتن و چالاکی کۆمەڵایەتی.

**دووەم: کار و کارنامەی خوێندنگە:**

1.ئاسانکردن و ڕێکخستنی ڕەگەزی ئەو حەزانەی کە منداڵ دەیەوێت گەشەیان پێبدات.

2. پاککردنەوەی فێرخواز لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییە خراپەکان.

3.دەستەبەرکردن و هێنانەئارای کرانەوەی هاوسەنگ بۆ تازەپێگەیشتوان، تاوەکو لە ژینگەیەکی بچوکدا بژین، کە بەشداری و هاوئاهەنگی و یەکگرتنی تێدایە.

قوتابخانە لای دێوی ژینگەیەکی دیموکراسییە و هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی هاووڵاتی و دیموکراسی و پەروەردەیەک، کە هەمیشە لە هاوکاری بنیادنانی کۆمەڵگەدا بێت و ڕەچاوی جیاوازی تاکەکەسی بکات.

**سێیەم: بنەماکانی بیرکردنەوەی زانستی:**

1.بوونی کارامەیی، کە بەلای فێرخوازەوە گرنگە.

2.بوونی کێشە و سوربوونی فێرخواز بۆ چارەسەرکردنی لە ڕێگەی پرۆسەی بیرکردنەوەوە.

3. تێبینیکردنی کێشە و پەیوەستکردنی بە زانیارییەکانی رابردووی فێرخوازەوە.

4. دانانی گریمانە بۆ چارەسەرکردنیان.

5.دەستنیشانکردنی گریمانەی واقیعی، بۆئەوەی چارەسەری کێشەکە بکات و فێرخواز بەهۆی توانستی چارەسەرەکەوە، بڕوا بە راستایەتی (مصداقیە) بکات.

بۆنموونە شۆفێرێک ئۆتۆمبێلەکەی لەکاردەکەوێت و هۆکارەکەی نازانێت، ئەمەش هۆکاری کارامەیی نوێیە، بۆیە حاڵەتەکە ناچاری دەکات بیر لە هۆکاری کێشەکە بکاتەوە، لەبەرئەوە بە زانیاری و ئەزمونی رابردوویدا دەچێتەوە، ئەم سوربوونەی شۆفێر بۆ چاککردنی ئۆتۆمبێلەکەی، پاڵنەرە بۆ دانانی گریمانە (نەمانی بەنزین، کێشەی مەسفی، کارەبایی ...تاد) ئەی چۆن چاکدەکرێت، ئەم پرسیارە ئەزمونیانە، بنچینەی فەلسەفەی دێوین، بۆیە پێیوایە بیرکردنەوەی زانستی لەسەر

بنەمای تێگەیشتن و لێکدانەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان وەستاوە.

بیرکردنەوەی زانستی وەک چالاکییەکی مرۆیی، بە توانستی هەستکردن و عەقڵ و ئارگومێنتەکان هەڵدەستێت، لەپێناو گەیشتن بە راستییەکان بە شێوەیەکی بابەتی و پشت بە راپەڕاندنی کردارەکییش دەبەستێت، واتە چەسپاندنی ئەنجامەکان لەژێر میکرۆسکۆبی تاقیکردنەوەکاندایە، بۆیە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان، پێویستی بە مامۆستایەک هەیە، کە خاوەن مەعریفە بێت لە مەسەلە جۆربەجۆرەکان و خاوەن رۆشنبیرییەکی فراوان و ئەزموونی نوێ بێت، ئەم جۆرە مامۆستایانەش کەمن.

دیۆی پێیوایە مرۆڤ لەسەر بنەمای دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشە و فێربوونی خودییەوە، دەتوانێت مێشکی ئامادەبکات بۆ پرۆسەی راهێنان، بۆیە دیۆی لە کتێبی (چۆن بیربکەینەوە و چۆن کێشەکان چارەسەربکەین) پێنج هەنگاوەکەی میتۆی چارەسەرکردنی دانا، کە بریتین لە (هەستکردن بە کێشە، ناساندنی کێشەکە و دیاریکردنی، دانانی گریمانە و پێشنیار بۆ چارەسەرکردن، دڵنیابوون لە تاقیکردنەوەی گریمانەکە، هەڵبژاردن و گشتاندن).

ئەم هەموو ئەزموون و کارکردنە و دانانی پرۆژەی نوێ و هاوچەرخ، وایکرد لە وڵاتانی وەک (یابان، چین، تورکیا، مەکسیک) وانەبڵێتەوە و پرۆژەی پەروەردەییان پێشکەشبکات، بە شێوازێک ئەم کارەی ببێتە سەرەتایەکی گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەم وڵاتانەدا.

**پێوەرەکانی دیاریکردنی کارامەیی**

1. پێوەری بەردەوام، واتە کارامەیییەکان لەوانە بن، کە کارامەیی تر زیادبکەن، چونکە ئەمە هۆکارێکی گەشەی منداڵە، گەشەکردنەکەش لەلایەنی مەعریفی و هەڵسوکەوت و لایەنەکانی تری ژیان دەگرێتەوە، بەمەش داهێنان و بەرهەم دێتەگۆڕێ.

2. پێوەری کارلێکی: واتە کارلێک لەگەڵ ئەوەی لەناو تاکدایە و لەگەڵ ئەو بار و ژینگەیەی کە تێیدا دەژی.

**ئەمانەش لەسەر چەند بنەما و پرەنسیپێك دەبن:**

1. پرەنسیپی پەروەردەی دەروونی: تێیدا گرنگی بە سروشتی فێرخواز و کردنە چەقی پرۆسەی فێربوون دەدرێت، لەپێناو هێنانەدی

ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان و پڕەنسیپی چالاکی خودی و فێربوون لە ڕێگەی کارەوە، چونکە فێرخواز لەڕێگەی کارامەیی کەسیی و بەشداری لە پرۆسەی فێربوونەوە فێردەبێت، پاشان دەرئەنجامی دەبێت و بڕیاردەدات.

لەم پرەنیسپەدا کار بۆ ئازادییە تاکییەکان دەکرێت، بۆیە لە پرەنسیپی ئازادیدا ئاماژەی بە گرنگیدان بە حەزەکانی فێرخواز و بایەخدانەکەی دەکات.

2. پڕەنسیپی پەروەردەی کۆمەڵایەتی: لەڕێگەی ئەم پڕەنسیپەوە گرنگی بە خوێندنگە دەدرێت، بەوپێیەی دەزگایەکی پەروەردەییە و پێیوایە:

1. گرنگترین دەزگای کۆمەڵایەتییە.
2. خوێندنگە وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتییە.
3. خوێندنگە کۆمەڵگەیەکی بچوکە و ژیان دەنوێنێت و مامۆستایان ڕاهێنانی لەسەردەکەن.
4. لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێندنگە و لە خوێندنگەوە دەرچێت بۆ ژینگەیەکی تر.

**لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە**

**لەسەر فەلسەفەی ئەخلاقی جۆن دیۆی**

شیکاری دەروونناسی و کۆمەڵناسی ڕەفتار لە تێڕوانینی ئەخلاقی جۆن دیۆیدا:

دیۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەخلاقی تاک، شیکاری کەسایەتی مرۆڤ لەسەر بنەمای دەروونناسی زانستی ئەنجامدەدات. دیۆی لێکۆڵینەوەکەی لە چوار بەشدا دەخاتەڕوو، کە بریتین لە: کاریگەری خو لەسەر رەفتار، کاریگەری غەریزە لەسەر رەفتار، کاریگەری عەقڵ لەسەر رەفتار، دەرەنجام.

کاریگەری خو و ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر رەفتار:

(خو) لە ئەخلاقی دیۆیدا چەمکێکی بنچینەییە، کە بەلایەنی کەمەوە دیۆی هەشت بەشی کتێبی (سروشت و رەفتاری مرۆڤ Human Nature and Conduct) بۆ تەرخانکردووە. لە راستیدا (خو) هەمان خواستەی ئەنجامدانی چەند کارێکە و لەوانەیە بتوانرێت بوترێت (خو) هەمان مەیلە.

بە بۆچوونی دیۆی هەر جۆرێک کردار و رەفتاری مرۆڤ، بە هۆی کاریگەری (خو) لەلایەک و ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوەیە. بە وتەی دیۆی بە نزیکەیی سەرجەم ئەخلاقییەکان پێیانوایە، چاکسازی لە جیهانی ئەخلاقدا، تەنیا لە دەستی تاک خۆیدایە.

بەم شێوەیە تاک بە تەواوی لە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی خۆی جیابووەتەوە. لەکاتێکدا کە رەفتار و کرداری مرۆڤ خراپ یان باش بێت، لە بنچینەدا کۆمەڵایەتییە. ئەو ئەنجامەی دیۆی لە پەیوەندی نێوان ژینگە و خو و رەفتار پێیدەگات، ئەوەیە کە پێویستە لە بیری چاکسازی لە ژینگەدا بن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا کاریگەری ناوخۆییش هەن. ژینگەی مرۆڤایەتی ژینەگەیەکی مادی و کەلتورییە و لەگەڵ ئەوەی ژینگە کاریگەری لەسەر عەقڵ هەیە، بەڵام کاریگەرییەکانی لە سەر سەرجەم هۆکارە عەقڵانییەکان یەکسان نییە.

دەتوانرێت هۆکارە عەقڵانییەکان بەمشێوەیە ریزبەندی بکرێن:

1. خوی زمانەوانی.
2. دابونەریت.
3. مەیل و تێگەیشتنی هونەری.
4. دانانی بەها.

دیۆی جەختی کردۆتەوە، کە ئەو ئەخلاقەی لە دیدی کۆمەڵایەتییەوە دەبینرێت، لەگەڵ ئەو ئەخلاقەی لە دیدی دەروونناسییەوە دەبینرێت دژیەکن. لە لێکۆڵینەوەکەی دیۆیدا، تێبینی دیۆی لەبارەی بەهای

ئەخلاقی رەفتاری تاک بۆ ئەخلاقی دەروونناسانەی خستوەتەڕوو، کە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی ئەخلاق لە لێکۆڵینەوەکەی دیۆیدا بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان گێڕدراوەتەوە. دیۆی دەڵێت، ئەگەر ئەخلاق وەک واتا سنورداره باوەکە وەرنەگرین، دەتوانین بڵێین سەرجەمی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ کەسانی تر هەمانە، بابەتی زانستی ئەخلاقن.

**کاریگەریی غەریزە لەسەر رەفتار:**

به شێوەیەکی گشتی هەر جۆره مەیلێک لە جۆرێک غەریزە، یان خووەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پشت بە غەریزەیەکی بنچینەیی یان خۆڕسکی مرۆڤ دەبەستێت. بەدڵنیاییەوە وانییە، کە بەهای سەرجەم غەریزەکان یەکسان بێت، یان غەریزەکانی ئێمە سەرجەمیان بێ کەموکورتی بن و پەیڕەوکردنیان کاریگەری لەسەر پەروەردەی کەسایەتی ئێمە هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێک غەریزە لەبری تێرکردنیان، پێویستە چاکسازییان تێدابکرێت بۆئەوەی لە ژیانی رۆژانەدا سودیان هەبێت. هەرکاتێک غەریزەکان ئامانجێکی دیاریکراویان نەبێت، نەک تەنیا لە بەرەنگاری دژی خووە نەخوازراوەکاندا

سەرکەوتوو نابن، بەڵکو لە کاریگەری یەکتریش کەمدەکەنەوە و ئازادی ناوخۆیی بێ سەرنجدان لە ژینگەی دەرەکی دەبێتە هۆی پشێوی. یاسا و داوبونەریتەکان، تەنیا ئەو کاتە مەترسیدار دەبن، کە زۆرەملێیی بن.

**کاریگەری عەقڵ لەسەر رەفتار:**

رۆڵی عەقڵ پێشبینیکردنی داهاتووە، بە شێوەیەک کە کردار خاوەنی رێکخستن و ئاراستە بێت. پێویستە عەقڵ چۆنێتی بنەما ئەخلاقییەکان دیاریبکات و لەبارەی کاروبارەکانەوە دادوەری بکات. بیرکردنەوەی راست و بەبەرهەم ئەوەیە، کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ تاقیکردنەوە کردارییەکان نەپچڕێنێت و ئەمانە لەخۆ بگرێت:

أ. ئەزمون لە چوارچێوەی ژینگەدا ئەنجامبدرێت.

ب. پێشبینی یان گریمانەیەکی کاتی لەبارەی رەگەزە نادیارەکانەوە، بە پشتبەستن بە رەگەزە دیارەکان (رووبەڕووبوونەوەی بابەت یان گرفت).

ت. لێکدانەوەی وردی رەگەزە دیارەکان (کۆکردنەوەی زانیاری بۆ چارەسەری گرفت).

پ. جێبەجێکردنی پێشبینی، یان گریمانەی

سەرەتایی لەگەڵ راستییە دیارەکان (چارەسەر).

ج. بەکارهێنانی گریمانە بۆ دیاریکردنی ئاستی راستی و دڵنیایی (بە کردارکردنی چارەسەر).

بەمشێوەیە لایەنی عەقڵانی لەگەڵ پەیوەندی بابەت و دەرەنجامەکان کاردەکات. لایەنی عەقڵانی وەک چەمکێکی رووتەڵ بریتییە لە چەمکی گشتێنراوی پەیوەندی نێوان ئامراز – دەرەنجام.

**دەرئەنجام**

تەنیا کارێک کە لە رووی بیرکردنەوەوە ئەنجامدراوە و پشت بە هەڵبژاردنی ورد ببەستێت، ئەخلاقییە، چونکە تەنیا لەم بارەدایە کە بابەتی هەڵبژاردن لەنێوان خراپتر و باشتر دەردەکەوێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، پەسەندکردنی نێوانێک لەنێوان کرداری بیرمەندانە و کردارێکی غەریزی و ئاسایی هەڵەیەکی کوشندەیە. پێویستە خەڵکی لەبارەی ئەو کارانەوە ناچاربکرێن، کە وەک خویەک ئەنجامیدەدەن، باشتر بیربکەنەوە و ئامانجی بیرکردنەوەش ئەوەیە، کە کارێکی باش بگۆڕێت بۆ خویەکی بەهێز و پێویستی بە بیرکردنەوە نەبێت، لەبەرئەوە هەموو کارێک لە

سنوری حکومەتدا ئەخلاقییە. یەکێک لە ئاڵۆزترین بابەتەکانی بیرکردنەوە، دیاریکردنی ئەو خاڵەیە، کە پێویستە چ بەشێکی ڕەفتاری مرۆڤ، بە خویەکی گەرەنتی کراو و بیرلێکراوە بسپێردرێت و کامیان بیری لێبکرێتەوە، چونکە هەموو دادوەرییەکی ئەخلاقی ئەزمونێکە و دەتوانرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

### بنەما فەلسەفییەکانی تێڕوانینی ئەخلاقی دێوی

دێوی پێی باشتربوو لە جیاتی ئەپستمۆلۆژی، تیۆری لێکۆڵینەوە، یان لۆژیکی ئەزمونی بەکاربهێنرێت، بۆئەوەی شێوازی ئەو باشتر نیشانبدات. لە دیدی دێوییەوە ئەپستمۆلۆژی سوننەتی عەقڵگەرا، یان ئەزمونگەرا بێت، لە بوارەکانی فکر و مەعریفەت و جیهانی راستەقینەدا جیاوازی دانراوە. بەمشێوەیە تیۆرەکانی ناسین، هەرچەندە لەگەڵ یەکتر جیاوازن، بەڵام هەمویان لەو رووەوە کە لەبارەی ناسینی مرۆڤەوە دوالیزمن، لەگەڵ یەکتر هاوبەشن.

تیۆری پراگماتیزمی دێوی بە پێچەوانەی سەرجەم تیۆرەکانی ناسینەوە، پێیوایە لە نێوان

ناسین و چالاکییە کردارییەکاندا یەکگرتوویی و بەردەوامی هەیە و ئەم یەکگرتوویی و بەردەوامییە، بۆ سازگاری مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و بەردەوامی ژیان پێویستە. بەواتایەکی تر مەعریفەی راستەقینە ئەوەیە، کە بەشێک بێت لە ئەزمونەکانی ئێمە و ببێتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ پێداویستییەکاندا بگونجێنرێت و خواستەکان لەگەڵ ژینگە ئاشت بکەینەوە. دیوی دەڵێت: «مەعریفەی راستەقینە لە ئەزمونەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ئەزموندا تەواودەکرێت. مەعریفە بەدەر لە ئەزمون و زانین نییە، لەبەرئەوە پێویستە دژیەکییەکانی تیۆرەکانی ناسین پشتگوێبخرێن و باوەڕ بە یەکگرتوویی و بەردەوامی چالاکییە عەقڵی و نمونەییەکانی مرۆڤ بکرێت.

لە مەعریفەناسی دیویدا دوو بنەمای گرنگ بوونیان هەیە:

1. ئامراز.
2. بەکارهێنانی شێوازی تاقیکاری بۆ توێژینەوەی ئەخلاقی.

تێڕوانینی دیوی لە فەلسەفەی ئەخلاقدا ئامرازانەیە. ئامراز جۆرێک لە پراگماتیزمە.

تیۆری ئەخلاقی دیۆی بە ناتۆرالیزمیش ناودەبەن. تیۆری هەڵبژێردراوی داروین، تێڕوانینێکی سروشتگەرایی بۆ ناسین خستە بەردەم دیۆی. لە مەعریفە ناسی دیۆی لەنێوان ئۆرگانیزم و ژینگەدا پەیوەندی بوونی هەبوو. ئەو بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی لەم تێڕوانینە نوێیە باسبکات، وشەی ئامرازی بەکارهێنا. ئەم بنەمایە یەکێک لە گرنگترین ئەو پەرەپێدانانە بوو، کە لە بەرهەمەکانی دواتری دیۆیدا لەبارەی تیۆری مەعریفەوە بەکارهێنراو بە تەواوی لە لۆژیکدا: تیۆری لێکۆڵینەوە خرایەڕوو. دیۆی لەنێوان پراگماتیزم و فەلسەفەی خۆیدا، واتا ئامراز جیاوازی دانا.

### ئەزمونگەرایی بۆ توێژینەوەی ئەخلاقی

واتای ئەزمون لە دیدی دیۆییەوە، لەگەڵ کەسانی پێش خۆی جیاواز بوو. بە بۆچوونی دیۆی ئەزموون دوو رووی هەیە: رووی چالاک و رووی هەڵچوون. ئەزمون بێ رووی چالاک نابێت و بێ رووی هەڵچوون شتێکی بێجگە لە کارێکی بێ واتا هیچی دیکە نییە. منداڵێک کە دەست بۆ

ئاگر دەبات (رووی چالاکی) ئەزموون نییە، بەڵکو کاتێک بە هۆی سوتانەوە دەستی دەکێشێتەوە (هەڵچوون) تاقیدەکاتەوە.

واتە بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەزمونگەراکان، ئەزمونی مرۆڤ تەنیا کاری هەڵچوون نییە و بێجگە لە وروژێنەرەکانی جیهانی دەرەوە، عەقڵیش لە ئەزمونی مرۆڤدا بەشدارە، بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت بوترێت ئەگەر بڕیاربێت ئەزمون لە ئەزمونەکانی تردا سودی لێوەربگیرێت، چارەیەکی بێجگە لە جیاکردنەوە نییە. مەبەست لە فکر، عەقڵ و ئەندێشەی لۆژیکی نییە، بەڵکو شیوازی بینین و ئەزمون و بەڵگەهێنانەوەیە، کە ئاوێتە لەگەڵ سەرنجدان، مەبەستە. واتا زانست یان عەقڵ شتێک نییە لەسەرەوە بخرێتە سەر ئەزمون، بەڵکو شتێکە کە لە ئەزمونەوە سەرچاوە دەگرێت و بە ئەزمون تاقیدەکرێتەوە.

زانایانی ئەخلاق هەموو جۆرە پەیوەندییەکی نێوان زانستی ئەخلاقی و زانستی سروشتی رەتدەکەنەوە و فەیلەسوفان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە ئامرازێکیان لەبەردەستدایە، کە لە ئامرازی زانستی ئەزمونی

باڵاترە. دیۆی دەڵێت سەرنج نەدان لە زانستی سروشتی، ئەخلاق بەرەو ژینگەیەکی تایبەتی سنوردار و دەستکرد دەبات. بنەمایەکی ئەخلاقی کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە خوی مرۆڤ بێت دان بەوەدا دەنێت، کە راستییەکانی سروشتی مرۆڤ لەگەڵ راستییە سروشتییەکاندا پەیوەندی هەیە، لەبەرئەوە ئەخلاق پێویستە لەگەڵ زانستی سروشتی پەیوەندی هەبێت. بەدڵنیاییەوە ئەم ئەخلاقە بابەتە ئەخلاقییەکان چارەسەرناکات، بەڵام دەبێتە هۆی ئەوەی بابەتەکان بە شێوەیەک دەرببڕین کە هەوڵ و چالاکییەکانمان بەشێوەی راستەوخۆ بە چارەسەری کۆتایی بگات. ئەم جۆرە ئەخلاقە ئێمە لەبەرامبەر شکستدا ناپارێزێت، بەڵام شکست و سەرنەکەوتن دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی زانست و زانیاری نوێ. ئەم جۆرە ئەخلاقە ئێمە لەبەرامبەر دروستبوونی گرفتی نوێ ناپارێزێت، بەڵام رێگە بە ئێمە دەدات بە زانیاری زیاترەوە رووبەڕووی گرفتە نوێیەکان ببینەوە.

دیۆی لە کتیبەکەیدا تیۆری لۆژیک و لێکۆڵینەوە، بە شێوەیەکی تەواو و بە شێوازی لێکۆڵینەوە، یان میتۆلۆژی خۆی شیدەکاتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ

بەشێکە لە سروشت و کۆمەڵگە لە گەشەسەندی ژیاری مرۆڤەیاتییەوە دروستدەبێت، باتەتە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن دوور لە زانستە سروشتییەکان بمێننەوە. لەم ڕووەوە ئەو شێوازانەی لە زانستی سروشتی بەکارهێنراون و ئێمەیان بە ناسینی سروشت گەیاندووە، کەم تا زۆر لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بەسودن. لەم ڕووەوە جیاکاری کاروباری مرۆیی و دژیەکی زانستی کۆمەڵایەتی و زانستی سروشتی بە تەواوی دەستکرد و هەڵە و ناڕەوایە. لەراستیدا مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و عەقڵ لە جیهان جیا نییە. بە بۆچوونی دێوی توێژینەوە و دۆزینەوە هەمان ئەو رۆڵەی لە زانستی سروشتیدا دەیبینن، لە بابەتە ئەخلاقییەکاندا دەیگێڕن، واتا لە تاقیکردنەوەدا ئەزمون دەکرێن. لە تیرۆری دێویدا توێژینەوەی ئەخلاقی بەشێکە لە توێژینەوەی ئەزمونی.

**بنەماکانی مێتافیزیک**

**-رەتکردنەوەی ئایدیالە ئەخلاقی و رەهاکان**

بنەماکانی مێتافیزیکی دێوی زیاتر نەرێنین.

ڕەتکردنەوەی ئایدیالی ئەخلاقی یەکێک لە بنەماکانی مێتافیزیکی ئەخلاقی ئەوە. هەرچەندە ئەفلاتون وەک داهێنەری تیۆری نمونەیی دەناسرێت، بەڵام زۆرێک لە فەیلەسوفانی ئەخلاق باوەڕیان بە ئایدیالەکانی ئەخلاقە. بە بۆچوونی دیۆی باوەڕ بە ئایدیال لەوانەیە گەورەترین هەڵەی فەلسەفە بێت. ئەم هەڵە گەورەیە لەسەر ئەو بنەمایەیە هەرچییەک لە بارودۆخێکدا ڕاست بوو، بێ هیچ مەرجێک لە سەرجەم بارەکانی تردا ڕاست دەبێت. هەر کاتێک بنەما ئەخلاقییەکان لە جیاتی ئامرازە بەسودەکان وەک یاسا بچەسپێنرێن. زیاتر لە پێشوو مرۆڤ سنوردار دەکەن و لە ئەزمون دووری دەخەنەوە.

لەگەڵ ئەوەی دیۆی ڕەخنە لە ئایدیال دەگرێت، بەڵام بەتەواوی ڕەتیناکاتەوە. بە بۆچوونی دیۆی ئایدیال سەرچاوەی ئیلهامە. هەموو ئایدیایەک لە شتێکەوە ئیلهام وەردەگرێت کە پێشتر هەبووە، بەڵام ئایدیال دروستکردنی هەمان ئەو شتە نییە، بەڵکو بریتییە لە چاکسازی و تەواوکردنی شتێک، کە پێشتر بە کەموکورتی و شاراوەیی بوونی هەبووە. دیۆی لە ئەخلاق و کەسایەتیدا لێکۆڵینەوەیەکی بە ناوی بنەماکانی ئەخلاقی

هەیە، کە تێیدا بۆچوونی خۆی بەرامبەر ئایدیالی ئەخلاقی رونکردۆتەوە. دێوی نوسیویەتی بنەمای ئەخلاقی بەردەوام پەیوەندیان بە راستییەکانی ژیانەوە هەیە، نەک ئایدیال و ئامانج و بەڵێنەکان کە سەربەخۆ و جیاواز لە راستییەکانن. ئەخلاق لە پەیوەندی تاکەکان بەرامبەر یەکتر و دەرەنجامی چالاکییەکانی بەرامبەر و هاوبەشیان و کاریگەری بەرامبەری مەیل و بیر و دادوەری و رەزامەندی و نارەزایەتییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، لەبەرئەوە لایەنی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بەڵام باشە و خراپەی هەر تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی زۆر جیاوازە و ئایدیالی ئەخلاقی بە تێگەیشتن لەو جیاوازیانە دەستپێدەکات. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەردەوام کاریگەری لەسەر ئەخلاقی مرۆڤ هەیە، بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوەبن کە ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی عاقڵانە رێکدەخرێن و ئەم رێکخستنە عاقڵانەیە تەنیا لە کاتێکدا دەبێت، کە بتوانین بە راستی لەم پەیوەندییانە تێبگەین، تێگەیشتن لێیان بێ یارمەتی زانست نابێت. خۆویستانە یان خۆنەویستانە، مرۆڤ ناچارە بەردەوام لەگەڵ هاوجۆرەکانی و سروشت

پەیوەندی هەبێت. ئایدیالی راستەقینە بریتییە لە هەستی چۆنێتی ئەم پەیوەندییانە و واتاکانیان. بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندییانە، پێویستە رێنوێنیکار و نمونەیەکمان هەبێت.

لەو لایەنەوە کە دێوی رەتکەرەوەی ئایدیالە ئەخلاقییەکانە، ئامانجە چەسپاوەکانی ئەخلاقیش رەتدەکاتەوە. بە بۆچوونی دێوی باوەڕ بە ئامانجە چەسپاوەکان، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دژیەکی، هەروەها بوونی ئامانجە بێکۆتاکان هۆکاری ئەوەیە، کە ئامانجی سەربەخۆ و تەواو و چەسپاو بوونیان نییە. «بەپێی ئەم ئەخلاقە، ئیتر کامڵبوون ئامانجی کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو جوڵانە بەرەو کامڵبوونی ئامانج. جوڵەیەک هەرگیز کۆتاییەک بۆ ئەو وێناناکرێت. تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان ئامانجی چەسپاو نینم، کە بتوانرێت ببیتە خاوەنیان. گەشە ئامانجی ئەخلاقە».

رەتکردنەوەی ئایدیالەکان لە بیری دێویدا پێویستیان بە رەتکردنەوەی رەهاکانە. بە واتایەکی تر رەخنە لە سیستمسازی لە میتافیزیک و ئەخلاقدا، هەروەها رەخنە لە بنەما نەمرەکانی ئەخلاق، هەمویان لە ئەمەوە سەرچاوەدەگرن. دێوی هیچ سیستمێکی ئەخلاقی چەسپاوی

نەبوو. لەجیاتی ئەوە دێوی شێواز و تایبەتمەندی دیموکراتی بەکارهێنا.

تاکێکی دیموکرات خوی ئەخلاقی و عەقڵانی دیاریکراوی هەیە، کە لە شێواز جیانابێتەوە و شیوازیش ئەو کاتە کارایی بەدەستدێنێت، کە ئەم خوانە دەبن بە کردار. بە بۆچوونی دێوی یەکێک لە بەڵگەنەویستترین وانەکانی مێژوو ئەوەیە، کە ئەرکناسترین تاکەکانیش ناتوانن بە رێککەوتنێکی ئەخلاقی بگەن و گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان فەیلەسوفەکانی ئەخلاق، تا ئەمڕۆش بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

**رەخنە لە دوالیزمی سوننەتی**

یەکێک لە گریمانەکانی فەلسەفەی نوێ دوالیزمی نێوان مرۆڤ و سروشتە. دوالیزم جۆراوجۆرە، دێوی هەمویان رەتدەکاتەوە. ئەمە بەو واتایە نییە، کە دێوی دژی رووبەڕووبوونەوە دووانییەکانە، بەڵکو بەو واتایەیە، کە دێوی هەوڵدەدات سوننەتی فەلسەفەی رۆژئاوا، کە لە یۆنانییەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، لە کاریگەرییەکانی دوالیزمی تایبەتی مێتافیزیک پاکبکاتەوە.

**لە گرنگترین ئەو دوالیزمییانەی دیٚوی ڕەتیاندەکاتەوە بریتین لە:**

**-عەقڵ و هەست**

لە سوننەتی کلاسیکدا فەیلەسوفەکان لە نیٚوان عەقڵ و هەستدا جیاوازیان داناوە و پلەی عەقڵ و مەعریفەی عەقڵی بە بەرزتر لە هەست و ئەو زانستانەی لە ڕیٚگەی ئەزمونەوە بە دەستدیٚن دانراوە. بە بۆچوونی دیٚوی ئەم جیاکارییە پوچەڵە و زیانی هەیە.

**-ئامراز و ئامانج**

دیٚوی دژی جیاکردنەوەی ئامراز لە ئامانجە. بە بۆچوونی دیٚوی ئامانج بریتییە لە دوایین ئەو کارەی پیٚشبینیکراوە، ئامرازیش بریتییە لەو کارانەی لە ڕووی کاتەوە پیٚویستە لە پیٚشتردا ئەنجامبدریٚن. ئامانج و ئامراز دوو ناون بۆ ڕاستییەک. ئامانج ئەو کاتە بەهای دەبیٚت، کە تاکە تاکەی ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج لەبەرچاوبگیریٚن. پیٚویستە بۆ ئامانجی هەر کاریٚک لە خودی کارەکەدا بگەڕیٚین. ئەو ئامانجەی لە سەرەتای کارەکەدا لەبەرچاودەگیریٚت، ئامانجیٚکی تاقیکارییە، لەبەرئەوە هیچ کاتیٚک بە نەگۆڕ دابنریٚت.

-بیر و خو

به بڕوای دێوی سەرچاوەی جیایی نێوان جەستە و ڕۆح، تیۆری و پراکتیکی، ڕاستی و ئایدیال، جیاوازی نێوان بیر و خووە. بیرێک کە لەناو بازنەی کاری ئاسایی (خو)دا نەبووبێت، ئامرازی جێبەجێکردنی نییە، لەبەرئەوەی ناتوانرێت ئەنجامبدرێت، ئەوا تاقیناکرێتەوە یان ڕەخنەی لێناگیرێت.

ڕەخنە و بۆچوون

-ڕێژەگەرایی ئەخلاقی Moral relativism

بنەما فەلسەفییەکانی دێوی جێگەی ڕەخنەن و لێرەدا تەنیا باس لە ڕێژەگەرایی دەکەین. ئەو بۆچوونەی کە پیویستە بە تەواوی دەست لە هەندێک کار هەڵگرین، زیاتر بە (ڕەهاییگەرایی ئەخلاقی Moral absolutism) ناودەبرێت. بۆ نمونە وازهێنان لە کوشتنی مرۆڤی بێتاوان. لە بەرامبەر ڕەهاییگەرایی ئەخلاقی، ڕێژەگەرایی ئەخلاقی هەیە. ڕێژەگەرایی هەندێک کات لەلایەن ڕەخنەگرانی ڕێژەگەراییەوە لەگەڵ ئەو باوەڕە یەکسان دەکرێن، کە سەرجەم بۆچوونەکان بە یەکسانی متمانە پێکراون. لە ئەخلاقدا بەو

شێوەیەیە کە سەرجەم تێڕوانینە ئەخلاقییەکان بە یەکسانی باشن. ڕەخنەگرانی ڕێژەگەرایی ئەم تێڕوانینانە بە دژیەک دەزانن، چونکە ئەم تێڕوانینانە ئاماژەن بۆ ئەو باوەڕەی کە پێیوایە (ڕێژەگەرایی درۆزنە) ڕاستە، هەروەها ئەوان ئەم تێڕوانینە بە زیان دەزانن، چونکە هەوڵەکانی ئێمە بۆ پێشخستنی شێوازی بیرکردنەوە بۆ گەیشتن بە ڕێگەی باشتر پەکدەخەن.

هەرچەندە چەندین جۆر ڕێژەگەرایی بوونیان هەیە، بەڵام سەرجەمیان لە دوو تایبەتمەندیدا هاوبەشن:

سەرجەمیان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە شتێک (بۆ نمونە بەهاکانی ئەخلاق، جوانی، زانین، یان واتا) لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی تایبەتدا ڕێژەیین.

سەرجەمیان نکوڵی ئەوە دەکەن، کە تێڕوانینێک هەبێت و بۆ هەمووان لە هەڵە بەدووربێت.

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا زۆرترین وێنەی ڕێژەگەرایی ئەخلاقی، ڕێژەگەرایی ناسین و جوانناسییە. بە وتەی(ڕورتی) فەیلەسوفە گەورەکانی دوای داروین، جەیمز، دێوی، کوهن، کواین، پاتنام و دیڤیدسۆن سەرجەمیان بە

ڕێژەگەرایی تۆمەتبارکراون.

ڕێژەگەرایی لە ڕاستیدا یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕەخنانەیە، کە لە فەلسەفەی دێوی گیراوە و لە دوو ڕووەوە باس لە ڕێژەگەرایی دێوی دەکەین و ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی لە قەڵەمدانی بە ڕێژەگەرایی ئەخلاقی دەخرێنەڕوو.

أ. هەڵویستی دێوی بەرامبەر ڕێژەگەرایی ئەخلاقی.

دێوی لە دوو وتاری کۆتایی بەشی بیست و سێی کتێبی (ئەخلاق و کەسایەتی) ڕێژەگەرایی توندڕەوانە و ڕەهاخوازی Absolutism ڕەتدەکاتەوە، دێوی بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە ئەرکی نەوەکانە ئەخلاقی خۆیان بەپێی دۆخە جیاجیاکان دیاریبکەن. دێوی لە بەرامبەر تۆمەتی ڕێژەگەرایی، بەم شێوەیە بەرگری لەخۆی دەکات، «لە بەرامبەر جێگیری دابونەریت و ئامانجەکاندا، گەشە و پەروەردەی بەردەوام دروستدەبێت، نەک پشێوی و پەرتەوازەیی».

ب. پێشکەشکردنی هۆکاری پشتبەستوو بە ڕێژەگەرایی ئەخلاقی دێوی.

-یەکەم تایبەتمەندی ڕێژەگەرایی ئەوەیە،

که بانگەشە دەکرێت گوایە شتێک (بۆ نمونە بەها ئەخلاقییەکان) لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا ڕێژەییە. ئەم تایبەتمەندییەش لە بەرهەمەکانی دێویدا دەبینرێن. دێوی لەو بارەیەوە نوسیویەتی: «ئەوی ئێمە لە بازنەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆماندا بە نامۆ دەیبینین، لە رووی ئەخلاقییەوە بە ناپەسەندی دەزانین و لە رووی عەقڵییەوە گومانمان لێی هەیە و زیرەکی بیری خۆمان لە سەرجەم نەتەوەکان بە باشتر دەزانین. بە هەمان شێوەی کە هەستەکان لەخۆیانەوە هاننادرێن و بوونی شتەکان پێویستە، درکپێکردن و خەیاڵێش لە خۆیانەوە کارناکەن، بەڵکو ڕێوڕەسمی کۆمەڵگە هۆکاری چالاک بوونیانە».

بەهەمان شێوە لە باسی (شیکاری دەروونناسی و کۆمەڵناسی رەفتار)دا هاتووە، بە بۆچوونی دێوی:

1. هەر جۆرێک رەفتارو کرداری مرۆڤ لە (خو) لەلایەکەوە و لە سروشت، لە لایەکی ترەوە لە کۆمەڵگەوە سەرچاوەدەگرن، رەفتارو کرداری مرۆڤ، ئەگەر باش، یان خراپ، لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتیین.

2. باسەکان لە خۆیانەوە بەهایان نابێت، بەهای ئەوان تەنیا بەو رۆڵەوە گرێدراوە، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی راستەقینەدا دەیگێڕن.

3. ئەخلاق 100% چالاکیی ئێمەیە، لەبەرئەوە رازیبوون بە سنورێکی جیاکەرەوە بۆی و شوێنکەوتنی ئەفلاتون و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی مێتافیزیک هەڵەیە و پێویستە رەتبکرێتەوە.

ئەنجامی ئەم سێ پێشەکییە ئەوەیە، کە ئەخلاق بە واتا سەرەتاییەکەی رێژەییە، بەڵام ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی بەردەوام بەپێی کات و شوێنە جیاوازەکان دەگۆڕێن.

– دووەم: تایبەتمەندی دووەمی رێژەگەرایی ئەوەیە، کە رێژەگەراکان ئەو تێڕوانینانەی بۆ هەمووان بەدەر لە هەڵە بێت، رەتدەکەنەوە. بە وتەی (پاتنام) دیوی پێیوابووە چارەسەری گرفتێک بەردەوام کاتییە و لەوانەیە هەڵەی تێدابێت. ئەم تایبەتمەندییە لە بەرهەمەکانی دیویدا چەند جارێک دووبارەبۆتەوە و دیوی لە مەعریفەی ئەخلاقیدا، باوەڕی بە بەهەڵەداچوون هەیە.

دیوی رەخنە لە ئایدیا و کۆتایی بەرفروان دەگرێت و پێیوایە سەرجەم دابونەریتەکان پێویستیان بە

پێداچوونەوە هەیە. «لۆژیکی ئەزموونی ئەو کاتە لە بارەی ئەخلاقەوە لەبەرچاودەگیرێت، کە بابەتێک بە باش بزانێت و هەوڵی یارمەتیدان بۆ نەهێشتنی خراپییەکان دەدات... لەم بارەدا بەرزترین ئاستەکانی پێوەرەکانی ئەخلاقیش پێویستیان بە پێداچوونەوە و چاکسازی و تەواوکردن هەیە». بە واتایەکی تر نوسیویەتی: «بنەماکانی ئەخلاقیش جێی گومانن». دێوی لەبارەی ئەخلاقەوە نوسیویەتی: «چەمکی یاسا رەهاکان تەنیا ئەو کاتە بەکاردێن کە سەرچاوەیەکی باڵاتر هەبێت و بیسەپێنێت». لە جێگەیەکی تردا نوسیویەتی: «وەها وێنا دەکرێت، ئەو بیرەی کە هەموو بابەتێکی ئەخلاقی لایەنێکی تایبەتی هەیە، سیستم و کەرامەتی ئەخلاقی لە کاردەخات... لەو لایەنەوە کە مرۆڤ لە کاتی بیرکردنەوەدا بەردەوام بیر لە شتێکی تایبەتی دەکاتەوە و بۆ رێنماییکردنیان، پێویستی بە بنەمای گشتی هەیە. دابونەریتە بەهێزەکان، بەردەوام جەخت لەسەر نوێکردنەوە و دوبارەکردنەوە دەکەنەوە، دەتوانرێت لەبارەیانەوە بگوترێت کە یاسای جێگیریان هەیە، بەڵام ناتوانرێت بە یاسا یان بنەڕەت دابنرێن».

دێوی لە هەڵوێستێکی تریدا نوسیویەتی: «هەرچەندێک لەبارەی بابەتێکەوە زانیاری کەمترمان هەبێت، ئەخلاقییە کلاسیکییەکان زیاتر جەخت لەسەر پێویستی هەبوونی پێشتری بنەمایەک، یان یاسایەکی جێگیری جیهانی دەکەنەوە، کە دەبێت پەیڕەوبکرێت. یەکێک لە مەیلەکانی ئەخلاقییەکان ئەوە بووە، کە یاسای دروستکراوی ئەخلاقی دابنێن، بۆئەوەی لە ڕێگەیانەوە لە هەموو ساتێکدا بابەتە ئەخلاقییەکان چارەسەربکات. لەکاتێکدا کە ئەمجۆرە کارە لە پزیشکیشدا مەحاڵە».

(هیلاری پوتنام Hilary Whitehall Putnam) دەڵێت، هوێگرتن لە سەرجەم بابەتەکان بە واتای ئەوە نایەت، کە سەرجەم بابەتەکان باش بن. بە هەمان شێوە دەتوانرێت پێشکەشکردنی باشتر، یان خراپتری (هاملێت) لەبەرچاوبگیرێت، دەتوانرێت بیروڕای باشتر، یان خراپتر لە ڕێکنەکەوتنی نێوان ئەخلاق و جوانناسی لەبەرچاوبگرین. بە دڵنیاییەوە واتای باشتر، یان خراپتر ئەوە نییە، کە لایەنێکی فکری

ڕەها بوونی هەیە و دەتوانێت بۆ چارەسەری گرفتێک بەکاربێت.

ژمارەیەک لە ڕەخنەگرە لیبراڵەکان، ڕەخنەی دیۆی لە بنەما جێگیرەکانی ئەخلاق پەسەندناکەن و بەڵگەی ئەوە دێننەوە، کە ئێمە بۆ نمونە پێویستمان بە چەمکێکی جێگیرە بۆ مافەکانی مرۆڤ، مافێک نەک تەنیا بۆ ئێستا بێت، بەڵکو بۆ داهاتووەکانیش بێت، بەشێوەیەک ئەم مافە لە بەرامبەر نایەکسانی و زوڵمدا پارێزراو بێت.

